حکومەتی هەرێمی کوردستان ــ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی پەروەردە – قەڵادزێ

# کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا

نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

**لە لایەن**

**دەریا سابیر حەمەد**

ساڵی (2011) لە کۆلێژی زمان / زانکۆی کۆیە بەکالۆریۆسی لە (زمانی کوردی)دا وەرگرتووە.

**بە سەرپەرشتی**

**پ.د.بەکر عومەر عەلی**

(2716) کوردی (1437) کۆچی (2016) زایینی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (**کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا**)یە، خوێندکار (**دەریا سابیر حەمەد**) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی پەروەردەی قەلاَدزێ – زانکۆی ڕاپەڕین ئامادەی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**پ.د. بەکر عومەر عەلی**

/ / ٢٠١٦

**بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**پ.ی.د. شەهاب تەیب تاهر**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

/ / ٢٠١٦

## ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (**کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا**)یە، کە خوێندکار (دەریا سابیر حەمەد) پێشکەشیکردووە، لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ. ی.د. سەباح ڕەشید قادر تاهر

سەرۆکی لێژنە

ڕۆژ: ٢٠ / ٤ / ٢٠١٦

ناو: پ. ی.د. شەهاب تەیب

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠ / ٤ / ٢٠١٦

ناو: پ. ی.د. ڕەحیم قادر سورخی

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠ / ٤ / ٢٠١٦

ناو: پ.د. بەکر عومەر عەلی

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ٢٠ / ٤ / ٢٠١٦

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی پەروەردەی قەلأدزێ – زانکۆی ڕاپەڕین پەسەند کرا.

ناو: پ. ی.د. سەردار فتح الله حسێن

ڕاگری فاکەڵتی پەروەردە ی قەلأدزێ – زانکۆی ڕاپەڕین

ڕۆژ: / / ٢٠١٦

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- **دایك و باوكم، كە هەرگیز ناتوانم چاكەیان بدەمەوە.**

- **هاوسەری ئازیزم (ساوێن)، كوڕە شیرینەكەم (ئارا).**

- **هەمو ئەو كەسانەی كە خزمەت بە زمانی كوردی و نەتەوەی كورد دەكەن.**

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- مامۆستای بەڕێزم (پ. د. بەکر عومەر عەلی)، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ، زانستیانە ڕێنمایی کردوم و هەمیشە ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بووە، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.
- سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین، ڕاگرایەتی فاکەڵتی پەروەردە، سەرۆکایەتی بەشی کوردی، کە بواری خوێندنی ماستەریان بۆ ڕەخساندین.
- مامۆستای بەڕێزم (پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر)، کە هاوکاری بەردەوامی کردوم.
- مامۆستای بەڕێزم (پ. ی. د. عومەر مەحمود کەریم)، کە هاوکاری بەردەوامی کردوم.
- برای خۆشەویستم (م. ئاوارە سابیر حەمەد) کە هاوکاری زۆری کردوم.
- هاوڕێیان (مەریوان زاهیر تاهیر و محەمەد جلال)، کە هاوکاری زۆریان کردوم لە پەیداکردن و پێدانی سەرچاوەکان.
- مامۆستایانی بەشی کوردی زانکۆی کۆیە و زانکۆی ڕاپەڕین.
- هەمو ئەو مامۆستا و هاوڕێ خۆشەویستانەم کە یارمەتییان داوم.
- سوپاسی فەرمانبەرانی (کتێبخانەی گشتی زانکۆیی کۆیە) و (کتێبخانەی فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ) دەکەم.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **ڕاپۆرتی سەرپەرشت** | I |
| **ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆ** | II |
| **پێشکەش** | III |
| **سوپاس و پێزانین** | IV |
| **ناوەڕۆك** | V- IX |
| **پێشەکی** | ١ - ٢ |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە** | **٣ – ٤٣** |
| ١ – ١) **فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی** | ٣ |
| ١ – ٢) **یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی** | ٨ |
| ١ – ٢ – ١) گونجانی دەنگ | ٩ |
| ١ – ٢ – ١ – ١) گونجانی تەواو(هەمەکی) | ٩ |
| ١ – ٢ – ١ – ٢) گونجانی ناتەواو(هەندەکی) | ١١ |
| ١ – ٢ – ٢) تێچونی دەنگ | ١٣ |
| ١ – ٢ – ٢ – ١) تێچونی کۆنسنانت | ١٤ |
| ١ – ٢ – ٢ – ٢) تێچونی ڤاوڵ | ١٥ |
| ١ – ٢ – ٢ – ٣) تێچونی کۆنسنانت و ڤاوڵ بەیەکەوە | ١٥ |
| ١ – ٢ – ٣) پەیدابونی دەنگ | ١٥ |
| ١ – ٢ – ٣ – ١) پەیدابونی کۆنسنانت | ١٦ |
| ١ – ٢ – ٣ – ٢) پەیدابونی ڤاوڵ | ١٧ |
| ١ – ٢ – ٤) تەبایی دەنگەکان | ١٧ |
| ١ – ٢ – ٥) جیابونەوەی دەنگ | ١٨ |

| | |
|---|---|
| ١ – ٢ – ٦) جێگۆڕکێی دەنگ | ١٨ |
| ١ – ٢ – ٦ – ١) لەنێوان دو زاردا | ١٨ |
| ١ – ٢ – ٦ – ٢) لەناو هەمان زاردا | ١٨ |
| ١ – ٢ – ٦ – ٣) لە شێوازی تاکە کەسێکدا | ١٩ |
| ١ – ٢ – ٧) دەنگە گۆڕکێ | ١٩ |
| ١ – ٢ – ٧ – ١) گۆڕینی کۆنسنانت بە کۆنسنانت | ٢٠ |
| ١ – ٢ – ٧ – ٢) گۆڕینی ڤاوڵ بە ڤاوڵ | ٢١ |
| ١ – ٢ – ٧ – ٣) گۆڕینی دیفتۆنگ بە ڤاوڵ | ٢٢ |
| ١ – ٢ – ٨) گونجان و نەگونجانی دەنگ | ٢٢ |
| ١ – ٢ – ٨ – ١) گونجان | ٢٣ |
| ١ – ٢ – ٨ – ٢) نەگونجان | ٢٣ |
| ١ – ٣) **برگە و جۆرەکانی برگە** | ٢٤ |
| ١ – ٣ – ١) بڕگە | ٢٤ |
| ١ – ٣ – ٢) جۆرەکانی بڕگە بە پێی شوێنی کۆنسنانت و ڤاوڵی کۆتایی بڕگە | ٢٧ |
| ١ – ٣ – ٢ – ١) بڕگەی کراوە | ٢٨ |
| ١ – ٣ – ٢ – ٢) بڕگەی داخراو | ٢٨ |
| ١ – ٣ – ٣) جۆرەکانی بڕگە بە پێی کورتی و درێژی دەنگە ڤاوڵەکان | ٢٩ |
| ١ – ٣ – ٣ – ١) بڕگەی کورت | ٢٩ |
| ١ – ٣ – ٣ – ٢) بڕگەی درێژ | ٢٩ |
| ١ – ٤) **زمانی ستاندارد** | ٣٠ |
| ١ – ٤ – ١) ناساندنی زمانی ستاندارد | ٣٠ |
| ١ – ٤ – ٢) ڕێگاکانی دروستبونی زمانی ستاندارد | ٣٢ |
| ١ – ٤ – ٢ – ١) ڕێگای کلاسیکی | ٣٢ |

| | |
|---|---|
| ١ – ٤ – ٢ – ٢) رێگای پلانی زمان | ٣٢ |
| ١ – ٤ – ٢ – ٢ – ١) هەڵبژاردن | ٣٢ |
| ١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٢) تۆمارکردن | ٣٣ |
| ١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٣) بوارفراوانکردن | ٣٣ |
| ١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٤) ڕەزامەندی | ٣٣ |
| ١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٥) جێبەجێکردن | ٣٣ |
| **١ – ٥) زمانی ستانداردی کوردی** | ٣٤ |
| **١ – ٦) هەوڵە تاکە کەسییەکان بۆ دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی** | ٤٢ |
| ١ – ٦ – ١) ڕەهەندی یەکەم | ٤٢ |
| ١ – ٦ – ٢) ڕەهەندی دووەم | ٤٢ |
| ١ – ٦ – ٣) ڕەهەندی سێیەم | ٤٢ |
| ١ – ٦ – ٤) ڕەهەندی چوارەم | ٤٢ |
| بەشی دووەم: فۆنیمەکانی زمانی کوردی | ٤٤– ٩٣ |
| **٢ – ١) فۆنیمەکانی زمانی کوردی و بیروڕای جیاواز لەسەری** | ٤٤ |
| ٢ – ١ – ١) فۆنیمەکانی زمانی کوردی | ٤٤ |
| ٢ – ١ – ٢) بیروڕای جیاواز لەسەر فۆنیمەکانی زمانی کوردی | ٤٤ |
| **٢ – ٢) لایەنە کێشەدارەکانی فۆنۆلۆژی کوردی** | ٥١ |
| ٢ – ٢ – ١) (ئـ) هەمزە | ٥٢ |
| ٢ – ٢ – ٢) (i) بزرۆکە | ٥٥ |
| ٢ – ٢ – ٣) (و)ی درێژ | ٥٨ |
| ٢ – ٢ – ٤) (ی)ی درێژ | ٦١ |
| ٢ – ٢ – ٥) (و) | ٦٣ |
| ٢ – ٢ – ٦) (ی) | ٦٥ |

| | |
|---|---|
| ٢ – ٢ – ٧) دیفتۆنگی (وێ) | ٦٧ |
| ٢ – ٢ – ٨) دیفتۆنگی (نگ) | ٧١ |
| ٢ – ٢ – ٩) (ع) | ٧٣ |
| ٢ – ٢ – ١٠) (ح) | ٧٤ |
| ٢ – ٢ – ١١) (خ) | ٧٥ |
| ٢ – ٢ – ١٢) (غ) | ٧٦ |
| ٢ – ٢ – ١٣) (ق) | ٧٧ |
| ٢ – ٢ – ١٤) (ڤ) | ٧٨ |
| ٢ – ٢ – ١٥) (ڕ)ی قەڵەو | ٧٨ |
| **٢ – ٣) بیروڕای جیاواز لەسەر بڕگە** | **٨٨** |
| **بەشی سێیەم: ڕێنوسی کوردی** | **٩٤ - ١٢٥** |
| **٣ – ١) ناساندنی ڕێنوس** | **٩٤** |
| **٣ – ٢) جۆرەکانی نوسین** | **٩٦** |
| ٣ – ٢ – ١) نوسینی وێنەیی | ٩٦ |
| ٣ – ٢ – ٢) نوسینی بیری | ٩٦ |
| ٣ – ٢ – ٣) نوسینی وشەیی یان مۆرفیمی | ٩٧ |
| ٣ – ٢ – ٤) نوسینی دەنگی یان فۆنەتیکی | ٩٧ |
| ٣ – ٢ – ٤ – ١) نوسینی بڕگەیی | ٩٧ |
| ٣ – ٢ – ٤ – ٢) نوسینی فۆنیمی یان ئەلفبایی | ٩٧ |
| ٣ – ٢ – ٤ – ٣) نوسینی فۆنەتیکی | ٩٨ |
| **٣ – ٣) جیاوازی نێوان زمان و نوسین** | **٩٨** |
| **٣ – ٤) مێژوی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی** | **١٠٠** |
| **٣ – ٥) بۆچونەکانی سۆسێر** | **١٠٩** |

| | |
|---|---|
| ٣ – ٥ – ١) دایکرۆنی و سینکرۆنی | ١١٠ |
| ٣ – ٥ – ١ – ١) دایکرۆنی(ڕێبازی مێژویی) | ١١٠ |
| ٣ – ٥ – ١ – ٢) سینکرۆنی(ڕێبازی ئێستایی) | ١١١ |
| ٣ – ٥ – ٢) زمان و ئاخاوتن | ١١١ |
| ٣ – ٥ – ١ – ١) زمان | ١١٢ |
| ٣ – ٥ – ١ – ٢) ئاخاوتن | ١١٢ |
| ٣ – ٦) نوسین وەك مێژو، نوسین وەك ئێستا | ١١٣ |
| ٣ – ٧) کێشەکانی نوسینی کوردی بەهەردو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی و بەراورد کردنیان | ١٢٢ |
| ئەنجامەکان | ١٢٦ |
| سەرچاوەکان | ١٢٨ |
| ملخص البحث | I |
| Abstract | III |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە:

(کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا) ناونیشانی ئەم نامەیەیە، نامەکە بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە لە کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی تەرخان کراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئاستەکانی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی)دا ئەنجام دراوە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

یەکێك لە لایەنە هەرە گرینگەکانی زمان لایەنی دەنگسازییەتی، هەروەها کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردیش، بە بابەتێکی گرینگ دادەندرێت، ئەم کارەش هەولێکە بۆ تیشك خستنەسەر ئەو کێشە دەنگییانە و چارەسەرکردنیان، بۆ ئەوەی بتوانین نوسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی لەگەڵ یەکتری زیاتر لێك نزیك بکەینەوە.

## ٠/)٣ سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوە:

سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شێوەی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی دایە، بۆ نوسینی ئەم نامەیە سود لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئێستای قسەپێکەران و زمانی نوسینی ئەم شێوەیەی زمانی کوردی وەرگیراوە.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو ڕێبازەی لەم نامەیەدا پەیڕەوکراوە ڕێبازێکی وەسفی ئێستاییە، کە تیایدا کرمانجی ناوەڕاست وەکو ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی قسەی پێدەکەن دەخاتە بەر تیشکی لێکدانەوە، هەروەها لە شوێنی پێویست بۆ بەڵگەهێنانەوە پەنا براوەتە بەر لایەنی مێژویی.

## ٥/٠) گرفتی نامەکە:

بۆ لێکۆڵینەوە و نوسینی هەر نامەیەکی ئەکادیمی بێگومان گرفت هەیە، دەتوانین بڵێین گرفتی ئەم نامەیە بریتییە لە کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی، کە یەکێکە لە کێشە هەرە دیار و گرینگەکان و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، لەوەی کە هەندێ دەنگ بە فۆنیمیان دابنێین یان بە ئەلۆفۆنیان دابنێین، یاخود هەر بە فۆنیمینیان دانەنێین لە زمانی کوردیدا.

## ٦/٠) ناوەڕۆکی نامەکە:

نامەکە دوای ئەم کورتە پێشەکییە بەسەر سێ بەش و ئەنجامدا دابەش کراوە:

**بەشی یەکەم:** باس لە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و جیاوازی نێوانیان دەکات لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی و بڕگە و جۆرەکانی بڕگە. هەروەها هەر لەم بەشەدا پێناسەی زمانی ستاندارد کراوە و زمانی ستانداردی کوردیش باسکراوە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە نراون بۆ دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەشدا باس لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی کراوە و هەروەها لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بیروڕای جیاواز دەربڕاوە، دواتر باس لە لایەنە کێشەدارەکانی فۆنۆلۆژی کوردی کراوە، کە مەبەستمان ئەو دەنگانەیە کە کێشەیان لەسەرە، دواتر بیروڕای خۆمان لەبارەی ئەم دەنگە کێشەدارانە دەربڕیوە، دواتر باسمان لە بیروڕای جیاواز لەسەر بڕگە و قالبەکانی بڕگەی کوردی کردووە و بیروڕای خۆمان دەربڕیوە.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەشدا کە دوا بەشە باس لە ڕێنوس و جۆرەکانی نوسین و جیاوازی نێوان زمان و نوسین کراوە لەگەڵ مێژوی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی. پاشان باسمان لە بۆچونەکانی سۆسێر (سینکرۆنی و دایکرۆنی و زمان و ئاخاوتن) کردووە، دواتر باس لە نوسین وەك مێژو، نوسین وەك ئێستا و کێشەکانی نوسینی کوردی بەهەردو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی و بەراورد کردنیان کراوە.

لە کۆتایدا گرینگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە

لەم بەشەدا وەکو دەروازەیەك، دەکرێ ئاماژە بە هەندێ شت بدەین و بەشێوەیەکی گشتی باسیان بکەین، بۆ ئەوەی لە بەشی دووەم و سێیەم پێویستمان پێیان نەبێت، وەکو جیاوازی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و هەندێ زانیاری لەسەر برِگە و یاسا فۆنۆلۆژییەکان و زمانی ستاندارد، کە ئەم بابەتانە هەمویان پێداویستی بەشی دووەم و سێیەمن.

### ١ – ١) فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی:

دەکرێ بگوترێ کە لێکۆڵینەوە لە ئاستی دەنگسازی گرینگییەکی زۆری هەیە، کە هەر لە کۆنەوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەنگەکانی زمان کراوە و ((بێگومان مێژویەکی کۆنی هەیە، کە دەگەرِێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر))(Roach:2002:58 ). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لایەنی دەنگی زمان یەکێکە لە لایەنە گرنگ و بنچینەییەکانی لێکۆڵینەوەی زمان.

ئاستی دەنگسازی هەردو زانستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دەگرێتەوە، ((کە هەریەکەیان باسی لایەنێکی زمان دەکات و پەیرەوی تایبەتی خۆی لە شیکردنەوەدا هەیە))(وریا عومەر ئەمین:١٩٨٩:٢٣٩). واتا دەکرێ بگوترێ کە هەریەکەیان دو زانستی جیاوازن و لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە. خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەوەدایە کە هەردوکیان لە دەنگ دەکۆڵنەوە و وەسفێکی وردی دەنگەکانی زمان دەکەن. دو زانستن کە تەواوکەری یەکترن و هەریەکەیان لە خزمەتی بەشەکەی تردایە، واتا ناتوانین لە لێکۆڵینەوەکاندا لە یەکتریان دابرِێنین. کاتێکیش کار لەسەر یەکێك لەم دو زانستە دەکەین، ناچارین باس لە زانستەکەی تریش بکەین. لەبەرئەوەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی پەیوەندییان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە و گرینگییەکی زۆریان هەیە، بۆیە هەریەکەیان لەخوارەوە دەناسێنین.

سەرەتا باس لە فۆنەتیك دەکەین کە لە لایەن چەندین زمانەوان و نوسەرەوە پێناسەی بۆ کراوە، کە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە رِو: ((فۆنەتیك بریتییە لەو لقەی زانستی زمان کە لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەکو دیاردەیێکی گشتی))(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٩: ٢٣٩). ((فۆنەتیك سروشتی فیزیکی و فسیۆلۆجی دەنگەکانی زمان دەگرێتەوە، ئەمەش لایەنی ماددییە و شتێکی واقعی یە بۆ گشت زمانەکان دەست دەدات))(شنۆ قادر محەمەد: ٢٠٠٨: ٣). ((فۆنەتیك ئەو بەشەی زمانناسییە کە لە دیوی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە))(ئەورِەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢١٤). واتا فۆنەتیك زانستێکە کە لە تایبەتمەندییەکانی دروستبونی دەنگەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە لە

قسەکردندا بەکاردێن، هەروەها ڕێگایەکە بۆ وەسفکردن و پۆلێنکردن و نوسینی دەنگەکان(Crystal:2008:363). هەروەها ئەوەش دەگوترێ کە (فۆنەتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی قسەکردنی مرۆڤ)(Carr: 2008: 127)، یان (فۆنەتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی دەربارەی تایبەتمەندییەکانی دەنگەکانی قسەکردن)(Yule: 2006: 30)، یان (فۆنەتیك ئەو زانستەیە کە گرینگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگە دەربڕاوەکانی زمان لەگەڵ شیکردنەوە و پۆلێنکردن و شێوازی دەربڕین و گواستنەوە و تێگەیشتن لە زمانەکاندا دەدات)(عاتف عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١١: ١٣).

کەواتە دەکرێ بگوترێ فۆنەتیك لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە کە هەمو زمانەکان دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی و زیاتر گرینگی بە لایەنی مادی و فیزیکی دەنگەکان دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە، واتا فۆنەتیك باس لە دەنگەکانی زمان دەکات لە ڕوی مادی و بێ گوێدانە ئەرکەکەی، هەروەها یاسا و دەستورەکانی فۆنەتیك گشتین و بەسەر زمانەکانی جیهاندا جێبەجێ دەکرێن.

هەروەها چەقی لێکۆڵینەوە لە فۆنەتیکدا بریتییە لە (دۆزینەوە و دەرخستنی ئەوەی، کە چۆن دەنگەکانی قسەکردن بەرهەم دێت، کە چۆن دەنگەکان بەکاردەهێندرێن و دەردەبڕێن لە قسەکردندا، لەگەڵ ئەوەی کە چۆن دەتوانین دەنگەکانی قسەکردن تۆمار بکەین لە ڕێگەی نوسین و هێماوە و چۆن دەنگە جیاوازەکان ببیستین و بیانناسینەوە)(Roach: 2002: 58). واتا فۆنەتیك چۆنیەتی دروستبون و شوێنی دروستبونی هەر تاکە دەنگێکی زمان ڕون دەکاتەوە، ئەوەش ڕوندەکاتەوە کە هەڵوێستی ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنی دەنگەکاندا چۆنە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بزانین سیمای فۆنەتیکی(Phonetic feature) هەر دەنگێك چییە و چۆن لە دەنگەکانی تری جیابکەینەوە(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٩: ٢٤١ - ٢٤٥).

کە بابەتەکەی ئێمە کێشەی فۆنیمەکانی کوردی و ڕێنوسی کوردی بێت، پێویستە چەند دەروازەیەك بکەینەوە، بۆ ئەوەی دواتر نەچینەوە سەری، بەکورتی باسی سیمای جیاکەرەوە دەکەین، کە بریتییە لەو سیما جیاوازانەی کە قسەکەر گوێی پێدەدات و دەور دەبینێ لە ناسینەوەی فۆنیم و جیاکردنەوەیدا، سیماکانیش((سەربەخۆن و بەهای یەکێك لەو سیمایانە بە تەواوی سەربەخۆیە لە بەهای سیمایەکی تر، لەم بارەدا دەڵێین سیماکان پارچە دەنگییەکان پۆلێن دەکەن))(خەبات هادی جەمیل: ٢٠١٥: ٨٤). بۆ نمونە هەردو دەنگی [پ] و [ب] لە ڕێی چەند سیمایەك جیادەکرێنەوە:

| | |
|---|---|
| سیماکانی دەنگی [ب] ئەمانەن: | دەنگی [پ]ئەمانەن: |
| لێوی ، وەستاو ، گڕ | لێوی ، وەستاو ، کپ |

واتا لێرەدا سیمای گڕی سیمایەکی جیاکەرەوەیە بۆ دەنگی وەستاوی [ب] لە دەنگی وەستاوی [پ].

فۆنۆلۆژیش بە هەمان شێوەی فۆنەتیك چەندین پێناسەی بۆ کراوە لە لایەن زمانەوان و نوسەرانەوە، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە ڕو، هەروەکو دەگوترێ فۆنۆلۆژی تایبەتە و گرینگی بە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، واتا هەر زمانەی جۆرە نرخێك بە دەنگەکان دەدات(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٩: ٢٥٥ - ٢٥٦)، یان ((فۆنۆلۆژی زانستێکە دەربارەی پێکهاتنی دەنگی زمان و لە دروستبون و ئەرکی بچوکترین دانەی بێ واتایی زمان (فۆنیم[1]، بڕگە) دەکۆڵێتەوە))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢٢٢). هەروەها دەکرێ بگوترێ (فۆنۆلۆژی بنەڕەتیترین چالاکی بریتییە لە شیکردنەوەی فۆنیمەکانی زمان، کە ئامانج لێی جیاکردنەوەی فۆنیمەکانە لە یەکتری لەگەڵ ناسینەوەیان لە سنوری بڕگە و مۆرفیمەکاندا، هەروەها فۆنۆلۆژی لە فۆنیمە ناکەرتییەکانی(Supra Segmental Phoneme) وەکو هێز و ئاوازیش دەکۆڵێتەوە)(Roach: 2002: 58).

فۆنۆلۆژی لقێکی زانستی زمانە کە لە سیستەمی دەنگی زمانەکان دەکۆڵێتەوە، کە دەتوانین لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنی مرۆڤ ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەنگ بەرهەم بهێنین، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ لە لایەن زانستی فۆنەتیکەوە، بەلام لە زانستی فۆنۆلۆژیدا ژمارەیەکی کەم لەم دەنگانە لە هەر زمانێکی دیاریکراودا سودی لێدەبیندرێت و بەکاردەهێندرێت(Crystal: 2008: 365). واتا (فۆنۆلۆژی بریتییە لە وەسفکردنی سیستەم و شێوازی دەنگەکانی قسەکردن لە زمانێکی دیاریکراودا، هەروەها فۆنۆلۆژی خەریکی لایەنی واتایی و هۆشەکی دەنگەکانی زمانە نەك لایەنی فیزیکی درکاندنی دەنگەکانی قسەکردن)( Yule: 2006: 43 - 44). هەر بەهۆی فۆنۆلۆژییەوە دەتوانین دەنگەکانی قسەکردن بە شێوەیەکی سیستەماتیك و ڕێکوپێك و یاسا لێکبدەین بۆ دروستکردن و پێکهێنانی وشە و وتن(Katamba: 1996: 60).

کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە فۆنۆلۆژی ئەرکی دەنگە زمانییەکان دەخاتە ڕو بۆ جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەیەکی تری زمان، واتا کاتێك دەنگێك دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا لە هەمان ژینگەدا ئەو کاتە نرخی دەدرێتێ و دەبێت بە فۆنیم، هەروەها فۆنۆلۆژی لێکۆڵینەوە لە فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو و تایبەتدا دەکات، هەر بەهۆی فۆنۆلۆژیشەوە دەتوانین خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی زمانەکانی جیهان بزانین و بەراوردیان بکەین.

هەر زمانێك بگرین لەسەر ئەم جیهانەدا، دەبینین لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە دەستەیەك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، واتا ئەو یاسایانەی کە فۆنیمەکانی زمان دەستنیشان دەکەن و لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا فۆنیمەکان لێکدەدەن بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆژی و هۆی پەیدابون و توانەوە و گۆڕانی هەندێ دەنگ ڕوندەکەنەوە بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان ناو دەبرێن، کە هەر زمانەی کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆژی تایبەت

[1] فۆنیم: بریتییە لە بچوکترین دانەی بێ واتای زمان، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا.

بەخۆی هەیە بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی فۆنیمەکان لە سنوری بڕگەی فۆنۆلۆژی زمانەکەیدا(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٤: ٣٤ - ٣٥).

هەروەها ئامانج و پەیڕەو و مەبەستەکانی فۆنۆلۆژی بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ئەو یاسا و دەستورانەی کە بەهۆیانەوە فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێ.
٢- دیاریکردنی یاسای لێکدانی فۆنیمەکان لە سنوری بڕگەدا بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر لە چوارچێوەی مۆرفیم و وشەدا.
٣- دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر فۆنیمەکاندا دێت لە ئەنجامی هاتنیان بەیەکەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٧٦).

ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر فۆنیمەکاندا دێن بەهۆی یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە وەکو(زیادبون و جێگۆڕکێ و لێکچون و ...هتد) بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین و کەمتر بەکارهێنانی وزەیە.

کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە جیاوازی فۆنۆلۆژی لەگەڵ فۆنەتیك لەوەدایە کە فۆنۆلۆژی گرینگی بەوە نادات کە دەنگەکانی ئاخاوتن لەڕوی فیزیۆلۆژییەوە بناسێنێت، بەڵکو مەبەستی نیشاندانی ئەرکی فۆنیمەکانە کە دەبنەهۆی دروستبونی دانەی ئاڵۆزتر و واتاداری وەکو (مۆرفیم و وشە)، کە هەر لەبەر ئەمەشە هەندێ لە زانایان فۆنۆلۆژیان بە (فۆنەتیکی ئەرکی) ناوبردووە(مارف: ٢٠١٤: ٢٢٢).

هەروەها فۆنەتیك لەسەر دەنگ ئیش دەکات بەشێوەیەکی گشتی، بەلآم فۆنۆلۆژی لەسەر زمانێکی دیاریکراو ئیش دەکات. واتا لەسەر دەنگ ئیش ناکات، لەسەر فۆنیم ئیش دەکات. کە وتمان فۆنیم، واتا زمانێکی دیاریکراو، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا فۆنیمی /ر/ و /ڕ/ جیاکراونەتەوە، چونکە هەریەکەیان نرخێکیان هەیە لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا، واتا دو فۆنیمی جیان و دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشە، وەك لە هەردو وشەی (برین) و (بڕین)دا دەردەکەوێ.

بەلآم لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی عەرەبیدا دەنگی [ر] و [ڕ] یەك نرخیان هەیە و سەر بەیەك فۆنیمن و دەبن بە ئەلۆفۆنی[1] یەك فۆنیم ئەویش فۆنیمی /ر/یە، وەك لەهەردو وشەی (فرق) و (فرق) دا دەردەکەوێت، واتە دەتوانین بڵێین کە فۆنیمی /ڕ/ لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەلآم لە زمانی کوردیدا فۆنیمە بۆیە تەنیا لە زمانی کوردیدا دەتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و تایبەتە بە زمانی کوردی.

---

[1] ئەلۆفۆن: بریتییە لە شێوەی جیاجیای فۆنیمێك، واتا ئەلۆفۆن ئەندامێکە لە خێزانی فۆنیم، بۆ نمونە: فۆنیمی /ت/ دو ئەلۆفۆنی هەیە لە هەردو وشەی (تەم) و (تاڵ).


هەندێکجاریش هەندێ دەنگ هەیە لە عەرەبیدا هەیە بەلاّم لە کوردیدا نییە، بۆ نمونە هەردو فۆنیمی /س/ و /ص/ لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی عەرەبیدا جیاکراونەتەوە و هەریەکە نرخێکیان هەیە، واتا دو فۆنیمی جیان و دەبنەهۆی گۆڕینی واتای وشە، وەك لە هەردو وشەی (سار) و (صار)دا دەردەکەوێت.

بەلاّم لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا دەنگی [س] و [ص] یەك نرخیان هەیە و سەر بەیەك فۆنیمن و دەبن بە ئەلۆفۆنی یەك فۆنیم ئەویش فۆنیمی /س/یە، وەك لەهەردو وشەی (سەد) و (صەد) دا دەردەکەوێت. واتا دەتوانین بلّێین کە فۆنیمی /ص/ لە زمانی کوردیدا نییە، بەلاّم لە زمانی عەرەبیدا فۆنیمە بۆیە تەنیا لە زمانی عەرەبیدا دەتوانین لێکۆلّینەوەی لەسەر بکەین و تایبەتە بە زمانی عەرەبی.


کەواتە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە هەر کاتێك بلّێین فۆنۆلۆژی یان فۆنیم ئەوە یەکسەر دەزانین بەستراوە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بەلاّم کە وتمان دەنگ یان فۆنەتیك ئەوە بەستراوە بە هەمو زمانانی جیهانەوە. واتا ئەم دەنگانە چ لە زمانی کوردیدا بن یان لە زمانی عەرەبیدا، چ لە زمانێکی تردا بن بە هەمان جۆر و پەیڕەو دروست دەکرێن، کە ئەمە لایەنە گشتیەکەیە و ئەرکی فۆنەتیکە، بەلاّم وەك دەرکەوت هەر زمانەی جۆرە نرخێك دەدات بەو دەنگانە، کە ئەمە لایەنە تایبەتەکەیە و ئەرکی فۆنۆلۆژییە.

هەروەها بۆ ئەوەی هەریەکێك لە ئێمە بەشێوەیەکی دیار و ڕون لە فۆنۆلۆژی تێبگات دەبێت لە پێشدا تێگەیشتنێکی باشی دەربارەی چەمکی فۆنەتیك هەبێت(Katamba: 1996: 60). ((واتا فۆنەتیك (زانستی دەنگە) دەربارەی دەنگەکان دەدوێت، لە کاتێکدا فۆنۆلۆژی دەربارەی ڕێکخستنی دەنگەکان لە سیستەمێکی زمانەوانیدا دەدوێت، بەلاّم فۆنۆلۆژی لەسەر فۆنەتیك بناغەی گرتووە و هەمان زاراوەکانی ئەویش بەکاردێنێت)) (خەبات هادی جەمیل: ٢٠١٥: ٣)، چونکە هەروەکو باسمان کرد ئەم دو زانستە تەواوکەری یەکترن و پەیوەستن بەیەکەوە.

دەتواندرێت بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی پشت بەم دو هێلّکارییەی خوارەوە ببەسترێت:





هێلّکاری ژمارە (١)(بڕوانە: Hundt: 2004)




هێڵکاری ژمارە (٢)(بڕوانە: Hundt: 2004)

## ١ – ٢) یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی:

هەمو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕانکاریدان، (کە لە توانای کەسدا نییە ئەو گۆڕانە ڕابگرێ و کەمی بکاتەوە و نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە، کە ئەم گۆڕانە بە پێی یاسا و دەستور ڕودەدات و لەخۆوە بەبێ سەرو شوێن نابێت)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١١٨ - ١١٩). لە هەر زمانێکدا کۆمەڵە یاسایەکی دەستنیشانکراو هەیە بۆ (پەیدابون و تێچون و لێکچون و ...هتد)ی هەندێ دەنگ، کە بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان ناو دەبرێن(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٩: ٥٦ - ٥٧) و (ئەرکی ئەم یاسا فۆنۆلۆژییانە لە ڕێزماندا بریتییە لە پێدانی زانیارییەکی پێویستی فۆنەتیکی بۆ مەبەستی چۆنیەتی خوێندنەوە و دەربڕینی ڕستەکان)(Fromkin: 2014: 250). هەروەکو لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتە ڕو:




هێڵکاری ژمارە (٣) (Fromkin: 2014: 250)

دەنگەکانی ئاخاوتن کاتێك لە چوارچێوەی بڕگەدا دێن بۆ دروستکردنی وشە و ڕستە کار لە یەکتر دەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، کە دەکرێت ئەم گۆڕانانە لە چوارچێوەی چەند یاسایەکدا کۆبکەینەوە کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، هەروەها (یەکێك لە هۆکاری ئەو گۆڕانانەی کە لە زماندا ڕوودەدات هۆکاری وزە پاراستن و ئاسانکردنی دەربڕینە)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٩)

دەکرێت بە پێی بناغەی زانستی زمان، یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکرێن:

### ١ – ٢ – ١) گونجانی دەنگ (Assimilation):

یەکێکە لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان کە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، وەك دەگوترێت (( وێکچواندن لە ئەنجامی کار لەیەکدی کردنی کشانەوە و هەڵمەتی دەنگە دراوسێکاندا، کە قورساییان لەسەر یەکدی هەیە پەیدا دەبێ))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٣١٩). واتا (لەم دیاردەیە دەنگێك دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر لە ژێر کاری دەنگەکانی دراوسێدا، کە هەندێك جار دەنگی پێشەوە دەگۆڕێت و هەندێك جاریش دەنگی دواوە)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١١٩). مەبەستمان ئەوەیە کە جار هەیە دەنگی پێشەوە کاریگەری لەسەر دەنگی دواوە دەبێت یان دەنگی دواوە کاریگەری لەسەر دەنگی پێشەوە دەبێت و دەیگۆڕێ، یان دەگوترێ (هاوشێوەبونی دوو دەنگە بەهۆی کاریگەرییان لەسەر یەکتری)(Carr: 2008: 16).

گونجانی دەنگەکان مامەڵەیەکی گرینگ لەگەڵ سروشتی بەستنەوەی دەنگەکانی قسەکردندا دەکات، کە هۆکاری ئەم گونجانی دەنگە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری دەنگێك بەسەر دەنگێکی تردا، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی دەنگە کارتێکراوەکە بە دەنگە کارتێکردووەکە(Roach: 2009: 110 - 113)، (کە ئەم گۆڕانە لە ئەنجامی دراوسێیەتی دەنگەکانەوە پەیدادەبێت و هاوشێوە دەبن لە دەربڕیندا)(Katamba: 1996: 80).

کەواتە دەکرێ بگوترێ گونجان بەهۆی کارتێکردن و دراوسێیەتی دەنگەکانەوە دروست دەبێت. مەبەست تێیدا ئاسانی گۆکردن و وزە پاراستنە لە دەربڕیندا، واتا دیاردەی گونجان وا دەکات، کە ئەرکێکی کەمتر بکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن.

دو جۆر گونجانمان هەیە:

#### ١ – ٢ – ١ – ١) گونجانی تەواو(هەمەکی):

بریتییە لە گۆڕانی دەنگێك بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دەنگێکی تر بچێت و بگونجێت لەگەڵیدا، واتا دەنگە کارتێکراوەکە دەگۆڕێت بە دەنگە کارتێکردووەکە(تاڵیب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٤٩).

دەکرێ بگوترێ ئەم جۆرەیان زیاتر لە شێوەزاری سلێمانیدا دەبیندرێ، بۆ نمونە دەنگی [د] و [ب] پتر ئەو گۆڕانەیان بەسەردا دێت:

دەنگی [د]:

ئەگەر لە وشەیەکی نادادەدا مۆرفیمی یەکەم کۆتایی بە دەنگی ( [ز] و [م] و [پ] و [ڤ] و [ن] و [ڵ] و [ت] و [و] و [ر] ) هاتبێت و یەکەم فۆنیمی مۆرفیمی دووەمیش دەنگی [د] بێت، ئەوا دەنگی [د] دەگۆڕێت بەو دەنگانەی کۆتایی مۆرفیمی یەکەم و هەمان سازگەیان دەبێت و هاوشێوە دەبن(ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ٢٥):

ساز + دان ⟵ ساززان

هان + دان ⟵ هانان

بم + دە ⟵ بممە

حەڤ + دە ⟵ حەڤڤە[1]

گوڵ + دان ⟵ گوڵڵان

ئاو + دان ⟵ ئاووان

دەر + دان ⟵ دەرران

کاتێکیش دەنگی [د] دەکەوێتە پێش و پاش دەنگی [ت] بە هەمان شێوە گونجانی تەواو ڕودەدات، وەك:

مات + دان ⟵ ماددان

کرد + تان ⟵ کرتتان

لە نمونەی یەکەمدا دەنگی [ت] لە پێش دەنگی [د] هاتووە و کاریگەرییەکە بەرەو دواوەیە، واتا دەنگی [د] کاریکردۆتە سەر دەنگی [ت] و گۆڕیویەتی، بەڵام لە نمونەی دووەمدا دەنگی [ت] لە دوای دەنگی [د] هاتووە و کاریگەرییەکە دیسان بەرەو دواوەیە، بەڵام ئەمجارەیان دەنگی [ت] کاریکردۆتە سەر دەنگی [د] و گۆڕیویەتی.

---

[1] لە راستیدا ئەم وشەیە پێکهاتووە لە (حەفت + دە)، بەڵام کە فۆنیمی /ت/ تێدەچێت دەبێتە (حەف + دە)، دواتر بەهۆی کاریگەری فۆنیمی /د/ کە ئاوازەدارە، بەسەر فۆنیمی /ف/ دا کە کپە، ئەویش دەبێتە فۆنیمی /ڤ/ ی ئاوازەدار، دواتریش فۆنیمی /ڤ/ کاریگەری لەسەر فۆنیمەکەی دوای خۆی دەکات: حەفتدە ⟵ حەفدە ⟵ حەڤدە ⟵ حەڤڤە

دەنگی [ب]:

کاتێك دەنگی [ب] بە دوای دەنگی [م] دا دێت، گونجانی تەواو ڕودەدات و دەنگی [ب] دەبێت بە دەنگی [م] و وەکو ئەو دەبێتە دەنگێکی لوتی، وەك:

شەمبە ⟵ شەممە

**١ – ٢ – ١ – ٢)گونجانی ناتەواو(هەندەکی):**

مەبەستمان ئەوەیە کە دەنگێك لەگەڵ دەنگێکی تردا دەگونجێن، بەڵام تەنیا لە سیمایەکدا بەیەك دەچن و سیماکانی تریان جیاوازە، بۆ نمونە دەنگی [ت] و دەنگی [د] لە هەردو سیمای (ددانی و زاری) بەیەك دەچن، بەڵام لە سیمای (گڕی و کپی)یدا جیاوازن لەگەڵ یەکتری، واتا لەم جۆرە گونجانەدا ((بەشێك واتە سیفەتێك لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێك پەیدا بکات لەگەڵ دەنگێکی تردا بەتایبەتی لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا، واتا گۆڕانەکە هەمو سیفەتی دەنگەکە ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکە یەك دەگرنەوە، جا ئەو سیفەتە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی و کپی...هتد دەبێت))(تاڵیب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٥٢).

ئەم یاسایەش بە چەند جۆرێك ڕودەدات، وەك:

یەك: گۆڕینی دەنگێکی گڕ بە کپ :

مەبەستمان ئەوەیە کە دەنگێکی کپ کاریگەری بەسەر دەنگێکی گڕدا دەبێت و وەکو خۆی لێدەکات و سیفەتی کپی پێدەبەخشێت، بەڵام ناتوانێت سیفەتەکانی تری خۆی بۆ بگوازێتەوە. واتا ((گۆڕانی دەنگی گڕ بە کپ بەمەبەستی گونجان لەگەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی کپیدا))(تاڵیب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٥٣). بۆ نمونە گۆڕینی دەنگی [ز] بە دەنگی [س]، زۆرجار دەنگی [ز] کە فۆنیمێکی گڕە لەبەردەم هەندێك فۆنیمی کپدا بە تایبەتی لەبەردەم دەنگی [ت] و دەنگی [ك]دا وەك دەنگی [س] دەوترێ و دەردەکەوێ(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٥٧). وەك:

گەزین ⟵ گەستن ، گەستی

پارێز ⟵ پاراستن ، پاراستی

نازك ⟵ ناسك

یان گۆڕینی دەنگی [ژ] ی گڕ بە دەنگی [ش] کاتێك دەکەوێتە پێش هەندێ فۆنیمی کپەوە(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٥٧). وەك:

ڕژان ⟵ ڕشتن ، ڕشتی

کوژرا ⟵ کوشتن ، کوشتی

ڕۆژ + تان ⟵ ڕۆشتان

هەروەکو دەبیندرێت، لە هەر یەکێك لەم نمونانەی سەرەوەدا دەنگی [ت] لە دوای دەنگی [ژ] هاتووە و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبووە، کە لە ئەنجامدا دەنگی [ت] سیفەتی کپی خۆی بە دەنگی [ژ] داوە کە فۆنیمێکی گڕە، کردویەتی بە دەنگی [ش] بۆ ئەوەی گونجانی دەنگ ڕوبدات.

یان گۆڕینی دەنگی [ب] بە دەنگی [پ] بە تایبەتی کاتێ لە پێش دەنگی [چ] و دەنگی [ك]ەوە دەردەکەوێ، لێرەشدا دەنگی [ب] بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ دەنگی [چ] و دەنگی [ك]دا دەگۆڕێ بۆ دەنگی [پ] و گونجاندن دروست دەبێت، وەك:

بچۆ ⟵ پچۆ

چ بکەین ⟵ چ پکەین(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٠)

دو : گۆڕینی دەنگێکی کپ بە گڕ:

((واتا گۆڕانی دەنگی کپ بە گڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگێکی تردا بگونجێت لە سیفەتی گڕیدا))(تالێب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٥٢). بۆ نمونە (( وشەی (پشدەر – پژدەر) لە بنەڕەتدا (پشت دەر)ە، لەخۆوە دیارە هاتنی دەنگی (د) لە پاش دەنگی (ت)ی وەستاودا زۆر ناقۆڵایەو بە زەحمەت دەردەبڕدرێ تێدەچێت و وشەکە بە کورتکراوی دەبێتە (پشدەر) ئینجا دەستورێکی دیکەی دەنگی کوردی خۆی دەهێنێتە کایەوە:

دەنگی (ش) کپە و (د) ئاوازەدارە حەز بەیەکتری ناکەن. بە پێی دەستورە بەرفراوانەکەی گۆڕینی کپ بە ئاوازەدار دەنگە کپەکەی (ش) بە دەنگێکی ئاوازەداری لەخۆی نزیك دەگۆڕێت و وشەکە دەبێتە (پژدەر) ))(مەسعود محەمەد: ٢٠١١: ٢٤٥).

چەندین نمونەی تریش دەبیندرێت، کاتێك کە دەنگی [ش] دەگۆڕێت بە دەنگی [ژ]، وەك:

هەشت + دە ⟵ هەژدە

پاش + نە ⟵ پاژنە

بەشدار ⟵ بەژدار

هەروەکو دەبینین لە وشەی (هەشتدە)دا دەنگی [ت] تێچووە، واتا یەکەمجار وشەکە بەر یاسای تێچون دەکەوێت، دواتر بەهۆی ئەوەی کە دەنگی [د] کە دەنگێکی گڕە و زیاتر لەگەڵ دەنگی [ژ] دا دەگونجێت، بۆیە دەنگی [ش] کە دەنگێکی کپە دەگۆڕێت بۆ دەنگی [ژ] کە دەنگێکی گڕە(ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ٢٧).

یان لە وشەی (پێشڕەو)دا دەبیندرێت کە دەنگی [ش] کە دەنگێکی کپە لە پێش دەنگی [ڕ] هاتووە کە دەنگێکی گڕە و کەمتر لەگەڵ یەکتری دەگونجێن، بۆیە دەنگی [ش] دەگۆڕێ بۆ دەنگی [ژ] کە دەنگێکی گڕە و زیاتر لەگەڵ دەنگی [ڕ] دا دەگونجێت.

هەورەها گۆڕینی دەنگی [س] بە دەنگی [ز] گونجان دروست دەکات، بۆ نمونە هەندێکجار کە دەنگی[س] دەکەوێتە پێش دەنگی گڕەوە، وەك دەنگی [ز] گۆدەکرێت(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٥٨)، هەروەکو لەم وشانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

دەست + گا ⟵ دەزگا

مس + گەر ⟵ مزگەر

هەروەك دەبینین لە وشەی (دەستگا) کاتێك دەنگی [ت] تێدەچێت هەردو دەنگی [س] و دەنگی [گ] دەبن بە دراوسێی یەکتر و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە دەبێت، لێرەدا گۆڕانەکە بەرەو دواوە دەبێت، چونکە دەنگی [گ] کە دەنگێکی گڕە زیاتر لەگەڵ دەنگی [ز] ی گڕدا دەگونجێ  وەك لەگەڵ دەنگی [س]دا، بۆیە دەنگی [س] کە دەنگێکی کپە دەگۆڕێ بۆ دەنگی [ز]ی گڕ.

دەکرێ بگوترێ نمونەی (مسگەر)یش هەمان یاسای بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کە دەنگی [س]ی کپ دەگۆڕێت بۆ دەنگی [ز]ی گڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی [گ]ی گڕدا بگونجێت.

لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ((داخوازی ئاسانکردنی دەربڕینی (دەنگ) پتر بەرەو گۆڕینی دەنگی کپ بۆ ئاوازەدار دەڕوات نەك گۆڕینی ئاوازەدار بۆ کپ))(مەسعود محەمەد: ٢٠١١: ٢٤٢).

### ١ – ٢ – ٢) تێچونی دەنگ (Elision):

تێچونی دەنگ چەندین پێناسەی بۆ کراوە وەك ((بریتیە لە سوانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانەش کە بەسەر وشە یان مۆرفیمەکاندا دێت لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنوری جیاواز دێتە کایەوە، لە هەندێ حاڵەتدا، شێوە قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرك و واتایان کەم بێتەوە))(تالیب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٥٨)، یان دەگوترێ (ئەو گۆڕانەیە کە تێیدا یەکێك لە بڕگەکانی وشەیەك لەناودەچێ یان هەندێکجار دەنگی پێشەوە لەناودەچێ وەك (ئەشەل ⟵ شەل) یان دەنگی ناوەڕاست لە ناودەچێ وەك (تواندنەوە ⟵ توانەوە) یان دەنگی پێشەوە و دواوە لەناودەچێ وەك (موحەمەد ⟵ حەمە) )(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٠).

هەروەها بەشێوەیەکی سروشتی تێچونی دەنگ بریتییە لەو دیاردەیەی کە زۆر بەخێرایی دەنگێك لە کاتی قسەکردندا تێدەچێت و دەبێت سفر و لادەبرێ(Roach: 2009: 113- 115)، یان بریتییە لە (تێچونی دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، کە بەیەکێك لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان دادەنرێ)(Lass: 1998: 186)، یان (پرۆسەیەکە کە تێیدا دەنگێك گۆناکرێ، کە لەوانەیە

لەناو دەربڕینەکە یاخود لە کاتی خوێندنەوەی دەنگی وشەکان بە ئارەزو و بە وریاییەوە لە وشەکە لابرابێ)(Yule: 2006: 49).

کەواتە تێچونی دەنگ واتای نەمانی سنورە لە نێوان دو فۆنیمدا، بۆ نمونە ئەگەر دو دەنگی کۆنسنانتی وێکچو یان لێك نزیك بکەونە پاڵ یەکتری، ئەوا لە دەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٥٤). وەك:

کورت + تر ⟵ کورتتر ⟵ کورتر

بڵند + تر ⟵ بڵندتر ⟵ بڵنتر

هەروەها لە دەنگی بزوێنیش ئەم دیاردەیە دوبارە دەبێتەوە، بەتایبەتی بزوێنی (ە) کە بزوێنێکی تری دەدرێتە پاڵ، ئەوکات بزوێنی (ە) تێدەچێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٥٥). وەك:

بەرە + ان ⟵ بەڕان

خانووەکە + ان ⟵ خانووەکان

وەك دەبینین لەم نمونانەی سەرەوەدا بزوێنی (ا)ی درێژ کاریکردۆتە سەر بزوێنی کورتی (ە) و وای لێکردووە تێبچێت.

کەواتە وەکو دەردەکەوێ کە (دیاردەی تێچونی دەنگ بە شێوەیەکی گشتی زیاتر ئەوە دەردەخات، کە زۆر بلاّوە لە زمانەکاندا بە بەراورد لەگەڵ دیاردەی پەیدابونی دەنگەکان، ئەم دیاردەی تێچونەش بە خێرایی لە قسەکردنی ئێمەدا ڕودەدات)(Fromkin, Rodman and Hyams: 2014: 248). کەواتە دیاردەی تێچونی دەنگ دیاردەیەکی زۆر باوە لە زماندا و ڕۆڵی هەرە سەرەکی هەیە لە ئاسانکردنی دەربڕین و وزە پاراستندا، کە لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە ڕونی دەکەینەوە:

**١ – ٢ – ٢ – ١) تێچونی کۆنسنانت:**

/د/ بڵندتر ⟵ بڵنتر

زیادتر ⟵ زیاتر

/ت/ دەستکەوت ⟵ دەسکەوت

یادداشت ⟵ یاداشت

/ب/ ڕابکە ⟵ ڕاکە

هەڵبگرە ⟵ هەلگرە

/ھ/ هورد ⟵ ورد

هەڵهاتن ⟵ هەڵاتن

/ك/ چاككردن ← چاكردن

چاكبون ← چابون

**١- ٢ – ٢ – ٢)تێچونی ڤاوڵ:**

/ە/ خەندە + ان ← خەندان

ناڵە + اندن ← ناڵاندن

/ا/ بم گرتبا + ایە ← بمگرتایە

شكا + اندن ← شكاندن

/ێ/ پاڵنێ(ڕەگی پاڵنان) + ەر ← پاڵنەر

دانێ(ڕەگی دانان) + ەر ← دانەر

/i/ بزرۆكە گەنم(genim) + ەكە(eke) ← گەنمەكە(genmeke)

**١ – ٢ – ٢ – ٣)تێچونی كۆنسنانت و ڤاوڵ بەیەكەوە:**

كەوتبوبامایە ← كەوتبومایە

بچوبامایە ← بچومایە

## ١ – ٢ – ٣ ) پەیدابونی دەنگ (Insertion):

ئەم یاسایە بریتییە لە پەیدابونی دەنگێكی نوێ و تازە لە ناو مۆرفیمەكاندا كە (( هەندێ جار لە ئەنجامی كۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێكی نوێ دێتە كایەوە بۆ جیاكردنەوەی بزوێنەكان، زۆربەی جار دەنگێ پێشبینی دەكرێ(هۆیەكی فۆنەتیكی دەدۆزینەوە بۆ لێكدانەوەی)، بەڵام جاری واش هەیە كە هۆیەكی فۆنەتیكی وامان نییە دیاردەكەمان بۆ لێكبداتەوە))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٠ - ١٢١)، یان دەگوترێ پەیدابونی دەنگ ((كردارێكی سینتاكسییە لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، كە بەزیادكردنی پارچەیەك بۆ پێكهاتەی نوسین پێناسە دەكرێ))(Crystal: 2008: 247)، یان ڕێگەیەكە كە دەربارەی دەركەوتنی دەنگ (epenthesis) دەدوێ، كە فۆنۆلۆژیستەكان هەندێ جار ڕایان وایە كە دەركەوتنی دەنگ بەهۆی تێكەڵبونی دو دەنگەوەیە( Carr: 2008: 77).

زۆربەی جار ئەوە بەر گوێ دەکەوێت کە پەیدابونی دەنگ کردارێکە پێچەوانەی لابردنی دەنگە، کە تێیدا دەنگێك زیاد دەکرێ، ئەم کرداری زیادکردنی دەنگە دەبێتە هۆی تێکدانی سنور و پێکهاتەی بڕگەی زمانی(Nathan: 2008: 81).

لە پەیدابونی دەنگەکاندا کۆنسنانت و ڤاوڵەکان پەیدادەبن، بەڵام دەکرێ بگوترێ پەیدابونی کۆنسنانت چالاکتر و کاریگەرترە لە پەیدابونی ڤاوڵەکان، چونکە ڤاوڵەکان لە چەند حاڵەتێکی کەمدا دەبیندرێن بە شێوەیەکی یەکجار سست(دولبەر ئیبراهیم شاڵی: ٢٠٠٠: ٨٦). کەواتە هۆکاری پەیدابونی دەنگ نەگونجانی دەنگە لەگەڵ یەکتردا، بەتایبەتی هاتنی دو بزوێن بەیەکەوە، کە لەگەڵ یاسای زمانی کوردیدا ناگونجێت، بۆیە دەنگێك دێتە نێوانیانەوە بۆ ئاسانی گۆکردن، هەرلەبەر ئەوەشە کە دەگوترێ پەیدابون و دەرکەوتنی کۆنسنانتەکان چالاکترە.

**١ – ٢ – ٣ – ١)پەیدابونی کۆنسنانت:**

بریتییە لە پەیدابونی کۆنسنانت لە نێوان دو ڤاوڵدا، بۆ نمونە زۆرجار لە نێوان دو ڤاوڵدا کۆنسنانتی (/ی - y/ ، /و - W/ ، /د/ ، /هـ/ ، /ز/ ، /ن/ ، /ج/ ، /ر/ ...هتد) پەیدادەبێ و لە نێوانیاندا کۆنسنانتی /ی - y/ لە هەمویان چالاکترە(دولبەر ئیبراهیم شاڵی: ٢٠٠٠: ٨٣).

/ی - y/ برا + ی + ان ⟵ برایان

ترێ + ی + ەکە ⟵ ترێیەکە

/و - W/ خانو + و + ەکە ⟵ خانووەکە

ئاغا + و + ات ⟵ ئاغاوات

/د/ گۆڕرا ⟵ گۆڕدرا

سپاررا ⟵ سپاردرا

/هـ/ دێ + هـ + ات ⟵ دێهات

میوە + هـ + ات ⟵ میوەهات

/ز/ دو + دە ⟵ دوازدە

نۆ + دە ⟵ نۆزدە

/ر/ ب + گە (ڕەگی کردار) + ر + ە ⟵ بگەرە

ب + کە (ڕەگی کردار) + ر + ە ⟵ بکەرە

پەیدابونی دەنگی [ت] لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێت:

أ- لەگەڵ فرمانی ڕابردوی ئێستایی تەواو، ئەگەر ئامرازی پەیوەندی ڕستەکە (ە) بێت ئەوا دەنگی [ت] لە نێوان (ە)ی نیشانەی کات و (ە)ی ئامرازی پەیوەندیدا پەیدا دەبێت، وەك:

ناردومە + ت + ە ⟵ ناردومەتە

ب- ئەو فرمانانەی کە مۆرفیمی دوپاتی (ەوە) یان بەدوادا دێت، دەشێت دەنگی [ت] دەرکەوێت لە نێوان(ە)ی نیشانەی کات و (ە)ی مۆرفیمی دوپاتی (ەوە)دا، بە مەرجێك ئەو فرمانەی کە مۆرفیمی دوپاتی (ەوە)ی بە دوا دێت بخرێتە کاتی ئێستایی تەواوەوە(وریا عومەر ئەمین: ١٩٩٥: ٦٧ - ٦٨). وەك:

هێناومە + ت + ەوە ⟵ هێناومەتەوە

### ١ – ٢ – ٣ – ٢)پەیدابونی ڤاوڵ:

پەیدابونی کۆنسنانت چەند چالاك و کاریگەرە، بە پێچەوانەوە پەیدابونی ڤاوڵ تەنیا لە چەند حاڵەتێکی یەکجار کەمدا دەبینرێ و ئەویش بە شێوەیەکی یەکجار سست(دولبەر ئیبراهیم شاڵی: ٢٠٠٠: ٨٨):

/ە/ چار ⟵ چارە

/ۆ/ خاڵ ⟵ خاڵۆ

/ێ/ دەر ⟵ دەرێ

### ١ – ٢ – ٤)تەبایی دەنگەکان:

مەبەست لەم دیاردەیە دروستبونی فۆنیمێکی تازەیە لە ئەنجامی لێکدانی دوو فۆنیمی جیاواز، واتا تێکەڵبونی دو فۆنیمە بۆ دارِشتنی فۆنیمێکی تازە(بازیان یونس محێدین: ٢٠١٣: ١١٢). واتا لێرەدا ((دوو دەنگ دەچنە سەریەك بەتایبەتی لەکۆتایی وشەدا و دەنگێکی جیاواز دەهێننەکایەوە کە ناچێتەوە سەر هیچ کامیان))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٣١).

قـاپی + ە کە ⟵ قاپێکە (ی + ە ⟵ ێ )

( زاری سلێمانی ) جـوانو + ەکە ⟵ جـوانۆکە ( و + ە ⟵ ۆ )

دەکرێ بگوترێ لە ئەنجامی کارلێکردن و لێکدانی دەنگی [ی] و [ە]دەنگی [ێ] دروست بووە و لەئەنجامی لێکدانی دەنگی [و] و [ە] دەنگی [ۆ] دروست بووە، دەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە بۆ ئاسانکردنی گوتن و نەگونجانی ئەم دوو دەنگە لە دوای یەکتریەوە دێن، ئەوەش دەگوترێ هەندێ جار

هەردو دەنگەکە ڕێکدەکەون و یەکێکیان دەمێنێتەوە و لەبریتی هەردوکیان، ئەم دیاردە لە کوردیدا زۆربلاّوە، بەتایبەتی کە بزوێنێکی کورت و درێژ دەچنە سەریەك ، ئاسایی درێژەکە دەمێنێتەوە و هەردوکیان دەنوێنێ(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢١). وەك :

منداڵەکە + ان ⟵ منداڵەکان

ئێمە قوتابی + ین ⟵ ئێمە قوتابین

لە نموونەی (قوتابین) لێرەدا (ی) وشەی (قوتابی) و (ی) جێناوی کەسی لکاو لەناو یەکتردا تواونەتەوە و بوون بەیەك (ی).

## ١ – ٢ – ٥)جیابوونەوەی دەنگ:

کاتێك دوو دەنگی وەکو یەك لەیەکتر نزیك دەبنەوە و دەبن بە دراوسێی یەکتر و گۆکردنیان بەیەکەوە کەمێك قورس دەبێت، بۆیە یەکێك لەو دو دەنگە وەکو یەکانە دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر کە بەئاسانی گۆ بکرێت، واتا ((هەندێ جار دوو دەنگی وەکو یەك دەچنە سەر یەك یەکێکیان دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر بۆ ئاسانی))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٢). ئەم دیاردەیەش ناودەبرێ بە جیابوونەوەی دەنگ، وەك:

پاش + شێو ⟵ پارشێو

## ١ – ٢ – ٦)جێگۆڕکێی دەنگ (Exchange):

بریتییە لە گۆڕینی شوێنی دەنگەکان لەهەمان وشەدا، واتا گۆڕینی شوێنی دەنگێك لەگەڵ دەنگێکی تەنیشتی لە چوارچێوەی وشەیەکدا، کە لەم دیاردەیەدا ((دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە هەندێ جار وشەکە بەهەردوو شێوەکەی لەیەك زاردا دەبینرێت، هەندێ جاریش هەرشێوەی لە زارێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێ))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٢)، دەکرێ بگوترێ کە لەشێوەی قسەکردنی تاکە کەسیشدا ئەم دیاردەیە هەستی پێدەکرێ(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٦٧).

**١ – ٢ – ٦ – ١) لەنێوان دو زاردا:** زیخ ( کرمانجی خواروو)

خیز ( کرمانجی سەروو)

**١ – ٢ – ٦ – ٢) لەناو هەمان زاردا:**

جوێن – جنێو

**١ – ٢ – ٦ – ٣) لە شێوازی تاکە کەسێکدا:**

**چاوەڕوانی – چاوەنواڕی**

هەندێك جێگۆڕکێ هەیە ((پەیوەندی بەچینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە و شێوەیەکی وشەکە مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتییە، بۆ نموونە شێوەیەك لەم فۆرمانەی خوارەوە لە قسەی نەخوێندەواردا زیاتر دەردەکەوێ))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٢). وەك:

| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
|---|---|
| جومعە | جوعمە |
| ڕوبع | ڕوعب |

جێگۆڕکێی پیتەکانی هەندێك وشە لەهەمو زمانێکدا بوونی هەیە، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕینەوەی هەندێ وشە لە نێوان زارەکاندا، پاشان هەردوکیان زۆر بڵاودەبنەوە و دەکەونە سەر زاری خەڵکی و دەبنە دو وشە و شانبەشانی یەکتر بەکاردێت لە زماندا(دولبەر ئیبراهیم شاڵی: ٢٠٠٠: ١٠٦).

## ١ – ٢ – ٧)دەنگە گۆڕکێ:

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە وشەیەکدا کە نابێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە. مەبەستمان ئەوەیە کە ((دەنگێکی وشەیەك لەقسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بەدەنگێکی تر لەقسەی خەڵکی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، بەواتایەکی تر هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێ بەهەمان واتا دیسانەوە، هەندێ جار هەردوو فۆرمی وشەکە لەیەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمە لەزارێکی تایبەتدا بەکاردێ))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٢٣).

أ- لەنێوان دو زاردا :

حەفت ( هەولێر)           حەوت (سلێمانی)

ب- لەنێوان زارێکدا :

ئاسـمان – عاسـمان

زۆرجار لەناوچەی سلێمانیدا دەنگی [ د ] دەکەن بە دەنگی [ گ ] ئەمەش زیاتر لەو بارودۆخانەدا دەبێت کە دەنگی [ د ] دەکەوێتە دوای دەنگی [ ن ]ەوە ، چونکە دەنگی [ ن ] زیاتر حەز بە دەنگی [ گ ] دەکات(مەسعود محەمەد: ١٩٧٤: ٥٩٤). بۆ نموونە :

دەربەند ⟵ دەربەنگ

ئەگەر سەیرێکی ئەو نمونانەی سەرەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم دیاردەیە نابێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە و دەتوانین وشەکان لە شوێنی یەکتردا وەکو دو وشەی هاوواتا بەکاربهێنین. هەروەها ئەگەر سەیرێکی زمانی کوردیش بکەین بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەم دیاردەیە زۆر بلاّوە، کە دەتوانین چەندین نمونەی لێ باس بکەین، وەك :

**١ – ٢ – ٧ – ١) گۆڕینی کۆنسـنانت بە کۆنسـنانت :**

(د ⟵ ی)

بادان ⟵ بایان

(د ⟵ ت)

نەوەد ⟵ نەوەت

(د ⟵ ی)

قەد ⟵ قەی

(د ⟵ گ)

مەند ⟵ مەنگ

(و ⟵ ف)

حەوت ⟵ حەفت

(و ⟵ م)

نیو ⟵ نیم

(و ⟵ ڤ)

ئـاو ⟵ ئاڤ

(و ⟵ ب)

دەروەست ⟵ دەربەست

(و ⟵ هـ)

وشك ⟵ هشك

(هـ ⟵ ی)

تەنها ⟵ تەنیا

(ع ⟵ ه)

عومەر ⟵ هۆمەر

(هـ ⟵ ئـ)

هەسپ ⟵ ئەسپ

(گ ⟵ ی)

ئاگر ⟵ ئایر

(گ ⟵ و)

ئاگر ⟵ ئاور

(خ ⟵ غ)

باخ ⟵ باغ

(ق ⟵ خ)

ئازوقە ⟵ ئازوخە

(ب ⟵ پ)

خراب ⟵ خراپ

(م ⟵ ڤ)

دەم ⟵ دەڤ

(ڵ ⟵ ر)

ماڵ ⟵ مار

(ح ⟵ ع)

حاجی ⟵ عاجی

(ن ⟵ م)

بەرانبەر ⟵ بەرامبەر

( ژ ⟵ ز)

ژەهر ⟵ زەهر

**١ – ٢ – ٧ – ٢) گۆڕینی ڤاوڵ بە ڤاوڵ :**

(ێ ⟵ ا )

پێ ⟵ پا

(ێ ⟵ ە )

پێچە ⟵ پەچە

(ی ⟵ ە )

ئیمڕۆ ⟵ ئەمڕۆ

(ا ⟵ە)

جێگا ⟵ جێگە

(و ⟵ی )

خاتون ⟵ خاتین

(ە ⟵ (i) بزۆکە )

قەنج ⟵ قنج

(و ⟵ ۆ )

بوەتە ⟵ بۆتە

١ – ٢ – ٧ – ٣) گۆڕینی دیفتۆنگ[١] بە ڤاوڵ :

(وێ ⟵ و)

جوێن ⟵جون

(وێ ⟵ ێ )

خوێ ⟵ خێ

## ١ – ٢ – ٨) گونجان و نەگونجانی دەنگەکان [٢]:

ئەم یاسایە لە چوارچێوەی وشەیەکدا باس لە گونجان و نەگونجانی نێوان دەنگەکان دەکات، کە هەندێکجار هەندێ دەنگ هەیە حەز بەیەکتری دەکەن و زۆر لەگەڵ یەکتریدا دێن و بەیەکەوە زۆر دووبارە

[١] بۆ ناساندنی دیفتۆنگ بڕوانە بەشی دووەم.

[٢] بۆ باس کردن لەم یاسایە سود لەم سەرچاوانە بیندراوە:

١. مەسعود محمد، زمان و ڕێنوسی کوردی، ٢٠١١ ٢. دولبەر ئیبراهیم شاڵی، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، ٢٠٠٠ ٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ١٩٧٦.

دەبنەوە، بۆیە قسەکەری کوردی لە گۆکردندا بەئاسانی دەریان دەبڕێ، ئەم دەنگانەش بەیەکەوە بڕگەیەك پێکدەهێنن، بەڵام هەندێ دەنگ هەیە لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، بەهۆی ئەوەی کەمتر لەگەڵ یەکتریدا دەردەکەون و لە زمانی کوردیدا زۆر بلاّو نین، بۆیە قسەکەری کورد ناتوانێت بەئاسانی دەریان ببڕێت:

**١ – ٢ – ٨ – ١) گونجان:**

**یەکەم : [ د ]**

**دەنگی [ د ] بەدوایی دەنگ [ ر ] دا زۆر دێت وەك :**

**برد ، کرد ، مرد ، کورد ...... هتد**

**هیچ کامیش لەم دەنگانە تێناچن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندی و حەزبەیەك کردنەی لەنێوان ئەو دوو دەنگەدا هەیە.**

**دووەم : [ ت ]**

**هەروەها دەنگی [ ر ] لەگەڵ دەنگی [ ت ] حەزبەیەکتری دەکەن، کە لە زۆر وشەدا دوبارە دەبنەوە و بەیەکەوە دێن، وەك:**

**کورت ، کەرت ، مارت ، گرت ... هتد**

**سـێیەم : / رم /**

**نەرم ، گەرم ، شەرم ، کرم ... هتد**

**چوارەم : / ست /**

**ماست ، دەست ، بەست ، هەست ... هتد**

**پێنجەم : / شت /**

**گەشت ، دەشت ، هەشت ، دەشت ... هتد**

**شەشەم: /ار/**

**بار، مار، دار، شار، هار، کار، زار، ... هتد**

**١ – ٢ – ٨ – ٢) نەگونجان:**

**یـەکەم: لەزمانی کوردیدا بە هیچ جۆرێك لەسەرەتای وشەدا دەنگی [ ر ] و [ ڵ ] بەیەکەوە نایەن، هەروەها هەردوو دەنگی [ ل ] و [ ڵ ] بەهیچ جۆرێك ناگونجێت بخرێنە پێش دەنگی [ ر ] و [ ڕ ] ەوە، یاخود**

بەپێچەوانەوە دەنگی [ ر ] لەپێش دەنگی [ ڵ ] نایەت لە گۆکردندا، بۆیە هەمیشە بەدەنگی [ ڕ ] قەڵەو [ ڵ] ی لاواز وشەکان دەست پێدەکەن لە زمانی کوردیدا، وەك:

ڕابەر ، ڕێگا ، ڕاستی ........ هتد

لەنیا ، لێوار ، لەگەڵ ......... هتد

دووەم: هەروەها هەردوو دەنگی [ ك] و [ گ] کە دەکەونە پێش دەنگی [ ێ ] و [ ی ] و [وێ ] و [ وی ] ، شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێ تاڕادەیەك لە وتنی دەنگی [ چ ] و [ ج ] دەچێت، وەك:

کێم ، کوێ ، کیسە ، گێرە ، گوێ ، گیسك ، هەنگوین...هتد.

سـێیەم: هەروەکو تێبینی دەکرێت لە زمانی کوردیدا دەنگی [ ی ] لەپێش دەنگی [ و ] یاخود دەنگی [ ۆ ] نایەن، بۆیە ئەو وشە بێگانانەی کە (یو) یان (یۆ) یان تێدایە، زۆربەی جار لە گۆکردن ئەو کەسانەی زۆر شارەزاییان لەو زمانە بێگانەدا نییە ئەو جۆرە وشانەی لێوەردەگرن، جێگۆڕکێ بەدەنگەکان دەکەن و دەیکەن بە (وێ) وەك:

یۆنان : وێنان

ملیۆن : ملوێن

یوسف : وێسف

چوارەم: دەکرێ بگوترێ کە ئەم جووتە دەنگانەش کەمتر لەگەڵ یەکتردا دێن لەزمانی کوردیدا وەك (م ن) ، (پ ر) ، ( پ ڵ) ، (ك س) ، (م ب) ، (ق ك) ، ئەگەر سەیرێکی زمانی کوردی بکەین دەبینین ئەم دەنگانە تەنیا لە چەند وشەیەکدا دەبیندرێ، وەك:

گەنم ، سپڵ ، بەرامبەر ، پڕکردن

## ١ – ٣) بڕگە و جۆرەکانی بڕگە:

### ١ – ٣ – ١) بڕگە (Syllable):

لە هەمو کارێکی فۆنۆلۆژیدا ناکرێ، باسی بڕگە نەکرێ، هەر بۆیە بەکورتی تیشکێك دەربارەی دەنوسین و لە بەشی دووەمدا، بیروڕا جیاوازەکان دەربارەی قالبەکانی بڕگەی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی باس دەکەین.

سەرەتا ئەگەر بمانەوێ برِگە بناسێنین، ئەوا دەبینین چەندین پێناسەی بۆکراوە بە پێی بنەماکانی تیۆری برِگە، کە برِگە لە هەمو دانەکانی تری زمان زیاتر قسەی لەسەرە، لێرەدا هەندێك لەم پێناسانە دەخەینە رِو، وەك (برِگە بریتییە لە دەنگێك یاخود پتر لە دەنگێك، کەبەیەك تەوژم یاخود تەکانی هەوایی دەربازبو لە دەم تەلەفز کرابێ، کە بزوێن ناوکی برِگە پێکدێنێت، هەر لەبەرئەوەشە کە ژمارەی برِگەکانی وشەیەك بەقەد ژمارەی بزوێنەکانی وشەکەیە)(ئەورِەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٦٨). واتا لە برِگەیەکدا پێویستە یەك ڤاوڵ هەبێت، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا هەرگیز دو ڤاوڵ بەیەکەوە نایەن لە برِگەیەکدا، برِگەی زمانی کوردی یەك لوتکەی هەیە ئەویش ڤاوڵە.

هەروەها دەکرێ بگوترێ ((برِگە بریتییە لە یەکەیەکی ئاستی دەنگسازی بەگشتی و فۆنۆلۆجی بەتایبەتی، کە لە زمانەوانیدا بەکاردێن))(رِەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ١)، یان بچوکترین پێکهاتەی دەنگییە لە قسەکردندا و لەچوارچێوەی وشەیەکدا رِۆڵی هەیە لە سەرواى شیعر و کەرتکردنی شیعردا، کە برِگە پێکدێ لە ڤاوڵێکی بەخورتی لەگەڵ کۆنسنانتێکی بە ئارەزوو(Crystal: 1992: 77 – 78). هەروەها برِگە بریتییە لە یاسای رِێکخستنی دەنگەکان و بەیەکەوە بەستنیان بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك(De Lacy: 2007: 162). هەروەها برِگە زاراوەیەکە کە واتای فراوانی هەیە و وەکو بەشێکی گرنگ و بنچینەیی لە فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی ئاماژەی بۆ دەکرێ و دەخوێندرێ، کە بە یەکەیەکی سەرەکی دادەنرێ لە لێکۆڵینەوەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیدا(Roach: 2002: 76).

هەروەها برِگە بریتییە لە پێکهاتەیەکی گرنگ و سەرەکی قسەکردن، کە وەکو یەکەیەکی کێشەدار رِەفتار دەکات، کە لە پیتێکی ڤاوڵ دروست دەبێت یان لە کۆنسنانتێکی برِگەیی[1] یاخود ڤاوڵ و کۆنسنانت بە تێکەڵی برِگە پێکدەهێنن(Jehjooh: 2009: 132). هەروەها برِگە کەرەسەیەکی گرینگە بۆ سازکردنی وشە و رِستە لە زماندا، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی تێدەکەوێ(سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠٠٩: ٩١). واتا جوت بونی دەنگی ڤاوڵ و کۆنسنانتە بەیەکەوە کە دانەیەکی گەورەتر لە خۆیان دروست دەکەن، کە بە برِگە ناودەبرێت(هەژار قادر ئیسماعیل: ٢٠١٣ : ٥١). هەروەها ((برِگە بریتییە لەو دەنگانەی کە لە دەمەوە بە نەفەسێك دەردەچن))(نافع دیبەگەیی: ٢٠٠٠: ٤٢)، کە لە کاتی قسەکردندا هێزی زیاتر دەکەوێتە سەر ناوکی برِگەکە، کە رِەنگە گوێگر بتوانێت ناوەند و ناوکی برِگە جیابکاتەوە لەوانی تر، چونکە لە دەربرِیندا زیاتر دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت بە بەراورد لەگەڵ دەنگەکانی تری دەوروبەری(Jehjooh: 2009: 132).

---

[1] لە فەرهەنگی زاراوەی دەنگسازی، تالیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥ : ل ١٩٨) بەم جۆرە کۆنسنانتی برِگەی ناساندراوە: کۆنسنانتی برِگەیی بریتییە لەو کۆنسنانتەی کە دەبێتە ناوکی برِگە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا کۆنسنانتی /n/ دەبێتە ناوکی برِگەی دووەمی وشەی (button).

کەواتە بڕگە دانەیەکی گرنگی زمانەوانییە لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکییەکاندا، بریتییە لە لێکدان و چونەپاڵیەکی چەند دەنگێك لە چوارچێوەی بڕگەدا، کە بەیەکجار لەدەم دێتە دەرەوە، بزوێنیش ناوکی بڕگە پێکدێنێت، هەروەها بچوکترین دانەیە لە قسەکردندا کە دەبێتە هۆی دروستبونی وشە و ڕستە لە زماندا.

بڕگەش بەهۆی ئاواز و ئەو هەوایەی کە بە تەوژم لەسییەکانەوە بەبێ وەستان لەدەم دێتە دەرەوە دەستنیشاندەکرێت(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٨٣). هەروەها لە زماندا بڕگە و هێز پێکەوە دێن، چونکە بڕگە هەلگری هێزە و گرنگی هێزیش لەگەڵ بەکارهێنان و چۆنیەتی جۆری بڕگەیی زماندا دەردەکەوێت، چونکە هەر کە ناوی هێزمان هێنا دەبێ ناوی بڕگەش لەگەڵیدا بهێنین(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٨٤)، دەکرێ بگوترێ هێزیش((زیادە وزەیێکی دەنگییە لەپڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا))(وریا عومەر ئەمین: ١٩٩٤: ١٣). هەروەها بڕگە دیاردەیەکی باوی زمانەکانی جیهانە، کە منداڵ لە تەمەنی پێش کۆتایی ساڵی یەکەمی یەکەمجار لەو مۆرفیمانەوە دەستپێدەکات کە بڕگەیەك دەنوێنن(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١:١).

دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە بڕگە گرنگی خۆی هەیە لە زمانەوانیدا، چونکە هەندێ یاسای زمانی، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە شوێنی هێز و درێژی دەنگ و وەستان و دابەشبوونی فۆنیمەوە هەیە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەپێی بڕگە دانراون، هەروەها لەبەرئەوەی کە زمان قسەیە، بڕگەش لە قسەدا کەڵکی لێوەردەگیرێ، کەواتە بڕگە دانەیەکی بەکەڵکە(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٧٦) و دەبێتە هۆی ئاسانی گۆکردنی دەنگەکان بەیەکەوە لە چوارچێوەی وشە و قسەکردندا.

هەروەها دەتوانرێ قسە کەرت بکرێ بۆ چەند یەکەیەکی بچوکتر (دەنگ) کە ئەم دەنگانە ڕێکدەخرێن و یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی پارچەیەکی گەورەتر کە بڕگەیە(Cairns and Raimy: 2011: 295)، بڕگەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە تیۆری فۆنۆلۆژی، کە گرنگی هەیە لە بەستنەوەی فۆنیمەکان لە چوارچێوەی بڕگەی فۆنۆلۆژیدا، هەروەها بەکاردێ بۆ جیاکردنەوەی بڕگەی شیعری بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکەی پێ دیاریبکرێ(De Lacy: 2007: 161).

بڕگە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (پێش (Onset) و لوتکە (Peak) و پاش (Coda) )ن، پێش و پاشی بڕگە بریتین لە کۆنسنانتەکان بە شێوەیەکی گشتی، لوتکەش هەمیشە ڤاوڵ دەبێ یان وەکو دەنگی ڤاوڵ ڕەفتار دەکات(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٠). بۆ نمونە هەندێکجار لە زمانی ئینگلیزیدا کۆنسنانت دەبێتە لوتکە لە بڕگەکەدا، واتا وەکو ڤاوڵ ڕەفتار دەکات، هەروەکو لە پێشودا ئاماژەمان پێداوە،

واتا ڤاوڵ مەرجی دروستبونی بڕگەیە و بەبێ ڤاوڵ بڕگە دروست نابێ، (کە بەپێی یاساکانی بڕگەکردن نابێ دو ڤاوڵ لە یەك بڕگەدا هەبێت)(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٥: ١٢).

لە زمانی کوردیدا چەند یاسایەك هەیە بۆ دیاریکردنی سنوری بڕگە کە تایبەتە بە زمانی کوردی خۆیەوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بڕگە نییە کە بەشی پێشەوە و لوتکەی تێدانەبێ، هەروەها بڕگەش نییە کە لوتکەی دەنگێکی کۆنسـنانت بێ(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٠ - ٨١).

هەروەها دەکرێ بگوترێ کە هەندێ بڕگە هەیە لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە لوتکەیان دیارە لەگەڵ پاشیان، بەڵام لەڕوی فۆنەتیکەوە وانیە و پێش و لوتکەیان هەیە یان پێش و لوتکە و پاشیان هەیە(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ١١). وەك (ئا، ئۆی، ئێ..... هتد).

کەواتە لەڕوی فۆنەتیکەوە بڕگەی کوردی هەمیشە بە دەنگی کۆنسنانت دەست پێدەکات(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٢). واتا دەکرێ ئەوە بگوترێ کە دەنگی هەمزە لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە بە فۆنیم دانانرێ، بەڵکو لەڕوی فۆنەتیکەوە وەکو دەنگ ئاماژەی بۆ دەکرێ.

هەروەها لە زمانی کوردیدا بڕگەمان نییە کە لە کۆتایی وشەدا بێت و لە یەك ڤاوڵ پێکهاتبێ، بۆیە هەندێکجار وا ڕێك دەکەوێ کە بڕگەی کۆتایی وشەکە بریتی بێت لە ڤاوڵێك، کە بڕگەکەی پێش خۆشی بە ڤاوڵ کۆتایی دێت، بۆیە لێرەدا واتا لە نێوان ئەم دو ڤاوڵدا نیمچە کۆنسناتێك دێتە ناوەوە، هەم لەبەر پێویستی بڕگەکردن و هەم لەبەر جیاکردنەوەی ڤاوڵەکان لەیەکتری(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٥: ١٦ - ١٧). وەك لەم نمونەدا دەردەکەوێ:

(خواردوە) پێکهاتوە لە سێ بڕگە      خوار / دو / ە

لێرەدا نیمچە کۆنسـنانتی (و) دێتە ناوەوە و دەکەوێتە نێوان ئەم دوو ڤاوڵەوە و بەم شێوەیەی لێدێت :

خـــواردووە ⟵ خـوار / دو / وە

دەتواندرێت لێرەدا چەند جۆرێکی بڕگە جیابکرێتەوە بە پێی شوێنی کۆنسـنانت و ڤاوڵی کۆتایی بڕگە و بە پێی درێژ و کورتیان:

### ١ – ٣ – ٢) جـــۆرەکانی بــڕگە بە پێی شوێنی کۆنسنانت و ڤاوڵی کۆتایی بڕگە:

ئەگەر بە پێی شوێنی کۆنسـنانت و ڤاوڵەکانی کۆتایی بڕگە، بڕگە جیابکەینەوە ئەوا دەبن بە دوو جۆر:

### ١ – ٣ – ٢ – ١) بـڕگەی کراوە (Open syllable):

جورێکە لە جۆرەکانی بڕگە کە بەپێی شوێنی کۆنســـنانت و ڤاوڵی کۆتایی بڕگە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لەو بڕگەیەی (کە بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێ)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٦٩). وەك ( دۆ ، پێ ، وێ ، بۆ ...هتد).

جا ئەو ڤاوڵەی کۆتایی بڕگەکە کورت بێت یان درێژ هیچ جیاوازییەکی نییە، هەر زمانێك هەوڵی ئەوە دەدات کە بڕگەکانی زمانەکەی زیاتر لە جۆری کراوەبن، بۆ ئەوەی زمانەکەی بەرەو ئاسانی بڕوات، چونکە دەربڕینی ڤاوڵ لە کۆتایی بڕگەدا زۆر ئاسانترە لە دەربڕینی کۆنســنانت(هەژار قادر ئیسماعیل: ٢٠١٣: ٧١).

دەکرێ بگوترێ زمانی کوردی لەو زمانانەیە کە بڕگەی کراوەی زۆرە و بڕگەی قورسیشی کەمە، چونکە زۆر کەم ڕێگە بە هێشوە کۆنســـنانت[١]دەدات لە پێش و پاشی بڕگە(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٠)، هەندێکجار ڕودەدات کە دو کۆنسنانت لە پاش لوتکەوە بێن وەك لە وشەی (ئارد ، ئەشك ، ... هتد)، بەلاّم لە زمانی کوردیدا لەسەرەتایی بڕگە دو کۆنســنانت بەیەکەوە نایەن و نابنە سەرەتایی بڕگە، جگە لەو کاتانەدا نەبێت کە نیمچە کۆنســنانتی (و) و (ی) لەگەڵ کۆنسنانتێکی تر دێن و هێشــوە کۆنســـنانت دروست دەکەن لە پێشەوەی بڕگەدا(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٧: ٤٥)، وەك (شوان ، گیـان). کەواتە دەکرێ بگوترێ پەسەندترین جۆری بڕگە لە کوردیدا ئەو بڕگەیە کە بریتییە لە کۆنسنانتێك و ڤاوڵێك (CV).

### ١ – ٣ – ٢ – ٢)بـڕگەی داخـراو (Closed syllable):

جۆرێکە لە جۆرەکانی برگە کە بە پێی شوێنی کۆنسنانت و ڤاوڵی کۆتایی بڕگە پێناسە دەکرێ، کە بریتییە لەو بڕگەیەی (کە بەدەنگێکی کونســنانت کۆتایی هاتبێ)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٦٩). وەك (پیر ، شیر ، بۆر ، دار ، سەر...هتد)، ئەو کۆنســنانتانەش دەشێ زیاتر لە دەنگێك بن، واتە هێشوە کۆنسنانت بن، ئەمەش وا دەکات کە دەربڕینی ئەم جۆرە بڕگانە قورس بێت، چونکە دەنگە کۆنســنانتەکان لە زمانی کوردیدا دەربڕینیان گرانە لەسەر زمانی مرۆڤدا، هەر بۆیە لە بڕگەدا دەبینین لەگەڵ ڤاوڵەکاندا دێن(سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو : ٢٠٠٩: ٩٠). کەواتە بڕگەی داخراو و کراوە لە زمانی کوردیدا هەیە، بەلاّم هەروەکو تێبینی دەکرێ بڕگەی کراوە زیاترە لە بڕگەی داخراو.

---

[١] هێشوە کۆنســنانت : بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی چەند کۆنسنانتێ بەیەکەوە لە سەرەتا یان کۆتایی بڕگەدا وەك (دەست) لێرەدا (ست) هێشوە کۆنســنانتە.

**١ – ٣ – ٣) جــۆرەکانی بــڕگە بە پێی کورتی و درێژی دەنگە ڤاوڵەکان:**

**هەروەها بە پێی کورتی و درێژی دەنگە ڤاوڵەکان دو جۆر بڕگە جیادەکرێتەوە:**

**١ – ٣ – ٣ – ١)بــڕگەی کورت:**

**ئەو بڕگەیەیە کە دەنگە ڤاوڵەکانی ڤاوڵێکی کورت بێ، بە ڕەچاوکردنی سروشتی فۆنەتیکی بڕگە و سروشتی دەنگە دراوسێکانی و ئەو هێزەی کە دەکەوێتە سەری وەك (بە ، دە ، لە ....... هتد).**

**١ – ٣ – ٣ – ٢)بــڕگەی دریــژ :**

**ئەو بڕگەیەیە کە دەنگە ڤاوڵەکانی ڤاوڵێکی درێژ بێ، بە ڕەچاوکردنی سروشتی فۆنەتیکی بڕگە و سروشتی دەنگە دراوسێکانی و ئەو هێزەی کە دەکەوێتە سەری وەك(با ، بۆ ، بێ ... هتد)(هەژار قادر ئیسماعیل: ٢٠١٣: ٧٦).**

**لە کۆتاییدا دەکرێ بگوترێ ئەو ڤاولانەی کە بڕگەی کراوە پێکدێنن درێژترن لەو ڤاولانەی کە بڕگەی داخراو پێکدێنن، چونکە لە بڕگەی کراوە ماوەی درێژبونەوەکەی زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی هیچ بەربەستی لەبەردەم نییە و کراوەیە، واتا کۆنسـنانتی لە دواوە نایەت، بەلام لە بڕگەی داخراودا وانییە لەدوای ڤاوڵەکە کۆنسنانت دێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڤاوڵەکە دەبێت و ناتوانین درێژی بکەینەوە، لێرەدا پەیوەندیەك لە نێوان (کورتی و داخراوی) و (درێژی و کراوەیی) بڕگە دروست دەبێت، واتا هەموو بڕگەیەکی کراوە درێژە و هەموو بڕگەیەکی داخراویش کورتە(هەژار قادر ئیسماعیل: ٢٠١٣: ٧٥).**

**دانیـال جۆنز چەند هۆکارێکی بۆ درێژی و کورتی بڕگە دیاری کردووە(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ١٧):**

**١- سروشتی فۆنەتیکی بڕگەکان خۆیان.**

**٢- سروشتی دەنگەکانی دەوروبەر.**

**٣- هیـز .**

## ١ – ٤)زمانی ستاندارد:

### ١ – ٤ – ١)ناساندنی زمانی ستاندارد:

زۆرجار كە باسی ڕێنوس دەكرێ لەگەڵیدا باسی زمانی ستانداردیش دەكرێ، بۆیە ئێمەش باسی دەكەین، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو زمانە ستانداردە هەندێ كێشەی دەبێ، ئەویش دیاریكردنی فۆنیمەكان و چۆنیەتی نوسینیەتی.

زمانی ستاندارد یەكێكە لە بابەتە گرنگەكانی زمانناسی و زمانناسی كۆمەڵایەتی(فەرهاد شاكەلی: ٢٠٠٩: ١٢٧)، كە لە نوسینە كوردییەكاندا بە زمانی ئەدەبی و بە زمانی یەكگرتو و بە زمانی ستانداردیش باسكراوە، لای خۆمانەوە جگە لە زاراوەی ستاندارد ئەوانی تر بە دروست نازانین و لە جێی خۆیاندا نین، بۆیە هەر زاراوەی ستاندارد بەكاردەهێنینەوە، زمانی ستانداردیش بەهۆی ئەو بەكارهێنانە جۆراوجۆرانەی كە هەیەتی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە.

زمانی ستاندارد بریتییە لە ((زمانی ڕەسمی میللەتێك لە چوارچێوەی دەوڵەتدا كاری پێدەكرێ بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانی، بە واتایەكی تر ئەو زمانەیە كە لە دامودەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییەكاندا وەك (وەزارەت و فەرمانگە و ڕێكخراوەكان و مامەڵە بازرگانییە جۆربەجۆرەكاندا بەكاردەهێنرێ)، هەروەها زمانی خوێندن و دەزگاكانی ڕاگەیاندنیش (رۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن...) دەبێ))(بەكر عومەر عەلی: ٢٠٠٩: ٣٩٩). هەروەها دەگوترێ زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە كە لە سنوری وڵاتێكدا بەكاردێ بۆ ئەنجامدانی سێ ئەركە گەورەكەی زمان لە هەمو بوارەكانی ژیاندا، كە بریتین لە:

١- بەڕێوەبردنی كاروباری ئیداری و پەروەردەیی و تەندروستی و كۆمەڵایەتی(ئامانجی ئیداری).
٢- گەشەپێكردنی كەلتوری هاوبەش كە خەڵكی كۆدەكاتەوە.
٣- پتەوكردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەستی هاوڵاتێیەتی بۆ گرێدانی خەڵك بەیەكترەوە(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٥٧).

یان دەگوترێ زمانی ستاندارد (شێوەی تۆماركراوی زمانە، كە زۆربەی كۆمەڵگای زمانی ئەوەیان وەكو ڕێبەر و نمونەیەك پەسند كردووە و بەكاریدەهێنن)(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٦٩)، یان زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە كە هەندێك لە خەڵكی كۆمەڵگا بەكاریدەهێنن، كە خەڵكانی تر لاسایی ئەوان دەكەنەوە(Ray: 1963: 133).

هەروەها دەگوترێ زمانی ستاندارد (زاری ئاخاوتن نییە، چونكە زمانی دایك نییە، زارێكە لە دامودەزگای خوێندن و فێركردن و ڕاگەیاندن و دادگا و دامودەزگای تری دەوڵەت هەیە، زارێكە ئەدەبی باڵا و دەستوری وڵات و دەقی ئاینی پێ دەنوسرێت، ئەو شێوازەی زمان لە قوتابخانە وەردەگیرێ و فێری دەبین،

مرۆڤ له ڕێگای دایکەوە تەواو فێری نابێت، چونکە نوسین سیمای ئەو جۆرە زمانەیە و بە پێچەوانەوە زمانی دایك زیاتر زمانی ئاخاوتنە نەك نوسین)(سەلام ناوخۆش: ٢٠١٠: ٩٣ - ٩٤). هەروەها زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی بەکاردێت و پەسەند کراوە لە لایەن هەمو خەڵکەوە، بۆ نمونە ئەگەر باسی زمانی ستانداردی ئینگلیزی بکەین دەبینین بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت لە ڕۆژنامە و کتێب و ڕاگەیاندندا، هەروەها زمانی خوێندنە، ئەگەر کەسێکیش بیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی بێت ئەوا ئەو زمانە ستانداردە فێر دەبێت، هەروەها زمانی ستاندارد زیاتر پەیوەندی بە نوسینەوە هەیە(Yule: 2006: 194).

لە ئینسکلۆپیدیای زمان و زمانناسیدا ((زمانی ستاندارد بە شێوەیەك پێناسە کراوە، کە خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و کەسانێك کە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەوە بە توانان، بەکاریدەهێنن))(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٧٠)، یان دەگوترێ ((زمانی ستاندارد لە ناوەڕۆکدا زمانی ئەدەبی یەکگرتووە لە فۆڕمێکی سیاسی – یاساییدا، کە لە سەردەمێکی مێژویی ژیانی نەتەوەدا پێکدێت، لە پرۆسێسی بەرەوپێشچون و بڵاوبونەوەیدا، بنچینەی هاوبەشی پێکەوە هەڵکردن و هاوئاهەنگی نەتەوەیی دادەڕێژێت و ڕەوایی ستانداردبونی خۆی دەسەلمێنێت))(ڕەفیق سابیر: ٢٠٠٨: ٢٣). هەروەها (فیلۆلۆژکارەکانی هەمو جیهان، ئێستە لەسەر ئەو باوەڕەن، کە یەکبوونی سێ شت، لە چەند دیالێکتێکی زماندا، ئەو زمانە دەکات بە زمانێکی ستاندارد، ئەو سێ شتەش ئەمانەن: ١- گراماتیکی زمان. ٢- فۆنەتیك. ٣- بنەڕەتی فەرهەنگی زمان)(عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ: ١٩٧١: ٩ - ١٠).

هەروەها زمانی ستاندارد یان بە بڕیارێکی سیاسی دێتەکایەوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خاوەنی ئەو وڵاتە بە بڕیارێکی خۆی زارێکی زمانەکە دەکاتە زمانێکی ستاندارد یان بە هەڵکەوتی هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ یەکێ لە زارەکان دروستدەبێ و یارمەتی دەدات گەشە بکات و ببێتە زمانی ستاندارد، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە ئەو زارە زمانی ئاینی بێت و کتێبێکی ئاینی هەبێت بەو زارە یان زمانی شارە گەورەکان بێ، بە تایبەتی پایتەختەکان یان زمانی نوسینی چەند شاعیرێکی گەورە بێت، واتە سامانێکی زۆری ئەدەبی بەو زارە نوسرابێتەوە(بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٦: ١٥ - ١٦).

کەواتە زمانی ستاندارد بەو زمانە فەرمییە دەناسرێ کە لە دامودەزگا فەرمییەکان و ڕاگەیاندنەکان و خوێندن و نوسیندا بەکاردێ، ئەزمونی میللەتان و مێژو، چۆنیەتی دیاریکردنی ستاندارد ڕوندەکەنەوە، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە دیالێکتێك بە بڕیارێکی سیاسی بێ یان لە ڕێی هەڵکەوتنی هەندێ بارودۆخەوە (ئاینی – ئەدەب – دیالێکتی پایتەخت ...) دەبێتە زمانی ستاندارد، بەکارهێنانی زمان وەکو زمانی نوسین لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە گرینگترین مەرجی زمانی ستاندارد دادەنرێ، هەروەها دەبێت حکومەت ئەو زمانە لە دامودەزگای خۆی بە تایبەتی هەرسێ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەکاربهێنێ.

زمانی ستاندارد به تایبەتی ((بەکارهێنانی بەربلاّوی نوسین، پرۆسەی گۆڕانکاری زمان لاواز دەکا دیسان زمانی ستاندارد، چونکە بەپێی کات گۆڕانکاری کەمی بەسەردێ یارمەتی نەوەی نوێ دەدا کە لە ڕابردووی خۆیان دانەبڕێن، نەوەی نوێ دەتوانێ نوسینەکانی/دۆکیۆمێنتەکانی نەوەکانی پێشو بەبێ دژواری بخوێنێتەوە))(غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣: ٩٧).

**١ – ٤ – ٢)ڕێگاکانی دروستبونی زمانی ستاندارد** (بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٥٧ – ٣٥٨ ، سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو، ئیدریس عەبدوڵلاّ: ٢٠١١: ٨٦ – ٩٠ ، Hudson: 1980: 34)؛

ستانداردبونی زاری زمانێك بە دو ڕێگا ڕودەدات:

**١ – ٤ – ٢ – ١)ڕێگەی کلاسیکی:**

ئەم ڕێگەیە بە چەند شێوازێك ڕودەدات:

١- زمانی کتێبێکی ئاسمانی، وەك قورئانی پیرۆز.
٢- هەژمونی سیاسی زارێك.
٣- دەسەلاّتی سیاسی ولاّت.
٤- ئەکادیمیای زمان یان ئەکادیمیای زانستی زمان.
٥- دەسەلاّتی ڕۆشنبیرانی ولاّت.

دەکرێ بگوترێ لە هەمو ئەم شێوازانەدا جۆرە سەپاندنێك هەیە، هەرچەندە شێوازی یەکەم زیاتر سروشتی ترە.

**١ – ٤ – ٢ – ٢)ڕێگەی پلانی زمان:**

ئەم ڕێگەیە ڕێگایەکی تیۆرییە و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی هەوڵی ئەوە دەدات کە لە ناو هەمو دیالێکتەکانی زمان زارێك بۆ تاکەکانی نەتەوەیەك بکاتە زمانی ستاندارد، واتە بۆ ئەوەی زمانێك بگاتە ئاستی ستانداردبون، پێویستە چەند قۆناغێك تێپەڕ بکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١ – ٤ – ٢ – ٢ – ١)هەڵبژاردن:**

مەبەستمان ئەو شێوە زمانەیە کە هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندارد، پایەی ئەو شێوە زمانە چ لە لایەنی کۆمەلاّیەتی و چ لە لایەنی ئاینی و سیاسی زۆر گرنگە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو زارە لە نێوان زارەکانی تری زمانێکدا، هەروەها هەڵبژاردن زۆرجار بە بڕیاری گەورەترین دەسەلاّتی سیاسی ولاّتەکە دەبێ.

**١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٢)تۆمارکردن:**

لەم قۆناغەدا یەکخستنی ڕێزمان و فەرهەنگی وشە و ڕێنوس، هۆکاری گرنگن بۆ دامەزراندنی زمانی ستاندارد، واتە بەرلەوەی ئەو زارە ببێتە زمانی ستاندارد دەبێ ڕێزمانەکەی بە ڕێگایەکی بابەتی لێی کۆڵدرابێتەوە و فەرهەنگی سەراپای بۆ دانرابێت، بۆ ئەوەی بتوانێت زانستەکانی پێ تۆمار بکرێ.

**١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٣)بوار فراوانکردن:**

لەم قۆناغەدا زمانەکە بواری بەکارهێنانی فراوان دەبێت و دەبێتە زمانی فەرمانگە و قوتابخانە و دامودەزگای یاسایی و ڕۆشنبیری و پەرەی پێدەدرێت و زیاتر پەرە دەسێنێت.

**١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٤)ڕەزامەندی:**

لەم قۆناغەدا ئەو زارەی کە دەبێت بە زمانی ستاندارد دەبێت ڕەزامەندی هەمو خەڵکی وڵاتەکە بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ بەیەك بە ستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا، هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەر ئەو زارە لە لایەن زۆرینەی خەڵکییەوە پەسند نەکرێت، ئەوا ناتوانێت ببێت بە زمانی ستاندارد.

**١ – ٤ – ٢ – ٢ – ٥)جێبەجێکردن:**

لەدوای هەمو ئەو هەنگاوانەی پێشودا دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاری سیاسی و ڕۆڵی حکومەت دەور دەبینێت لەوەی کە ئەو زمانە بە شێوەیەکی ڕەسمی پیادە بکرێت لە هەمو دامودەزگاکانی حکومەت و بڵاوکراوەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

کەواتە ستانداردکردنی زمان ئەو پرۆسەیەیە کە دیالێکتێك دەکرێتە زمانی ستاندارد و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت و پەسند دەکرێت لە لایەن هەمو خەڵکی و شێوەیکی ڕەسمی وەردەگرێت(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٧٨).

هەروەها دیاریکردنی فۆنیمەکان هەنگاوێکی دروست و پێویستە بۆ زمانی ستاندارد و کارکردن بەو زمانە (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٧: ٤٥) و دیاریکردنی زمانی ستانداردیش واتا دیاریکردنی ئۆرتۆگرافی زمانەکە و چۆنیەتی ئەلفوبێی ئەو زمانە و هەوڵدانێکیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ڕێنوسە، ئەوەی ئێستاش باو و بڵاوە ئەوەیە، کە ڕێنوس ڕەنگدانەوەی زمانی ستاندارد و ناوکەکەی دەبێ(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٩: ٣٨٩، ٤٠٠).

زمانی ستاندارد لای زۆربەی نەتەوەکانی جیهان لەبەر هۆیەك لە یەکێ لە ناوچەکانی وڵاتدا دروست دەبێ، هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی خاسیەتەکانی دیالێکتی ئەو ناوچەی تێدا دەبێ، کە ئەو زمانە ستانداردەی

تێدا دروست بووە، پاش بڵاوبونەوەی ئەو زمانە ستانداردە، لەگەڵ دیالێکتەکانی زماندا بەیەکدا دەچن و جۆرە تێکەڵبونێك لە نێوانیاندا پێکدێ(عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ: ١٩٧١: ١٤).

واتە زمانی ستاندارد زمانێك نییە جیاواز بێ لە دیالێکتەکان یان زمانێکی باڵا و بەرزتر بێ لە دیالێکتەکان، چونکە ئەو زمانی ستانداردە (وەکو پێگەیەکی هاوبەش ڕەفتار دەکات و هەمو توخمە هاوبەشەکانی گشت دیالێکتەکان لەخۆ دەگرێ و توخمی تایبەت بە دیالێکتێك بەلاوە دەنێ)(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٧٨). هەروەها((زۆری ژمارەی دیالێکت ئەگەر بڕیارێکی سیاسی لە پشتەوە نەبێت یارمەتیدەر نابێت لە دروستبونی زمانی ستاندارد))(بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٦: ٢١). واتا ئەگەر دەوڵەتی یەکگرتوت هەبو ئەوا زمانی ستانداردیشت دەبێت و بە ماوەیەکی کەم کاریگەری پایتەخت زیاتر دەبێت، نەك لەبەرئەوەی لەهجەی ئەو دەوڵەمەنترە و جوانترە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە هەمو خەڵك ڕو لە پایتەخت دەکات(عەلی سدیق: ٢٠١١: ٢١١).

کەواتە یەکخستنی ڕێزمان و فەرهەنگی وشە و ڕێنوسێکی یەکگرتو هۆکارن بۆ ئەوەی دیالێکتێك ببێتە زمانی ستاندارد و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەکێتییەکی نەتەوەیی بەهێز دروست ببێ لە ناو خەڵکیدا، هەروەها ئەو زمانە ستانداردەی کە دروست دەبێت کۆکەرەوەی وشە و زاراوەی زۆربەی زار و شێوەزارەکانی زمانە.

دەکرێ بگوترێ زمانی ستاندار هەر ئەوە نییە کە دیالێکتیك بکەین بە زمانی ستاندارد، بەڵکو دەبێ پێشوەخت، بزانین چەند فۆنیمان هەیە، ئایا چۆن بنوسین؟ واتە بە پێی مێژو بنوسین، بنەڕەتی وشەکان بنوسین یان وەکو ئاخاوتن، چۆن دەدوێین ئاوا بنوسین، چونکە نابێ زمانی ستاندارد لە قاڵب بدرێ، چونکە زمان وەکو هەر شتێکی تر لە گۆڕاندایە.

### ١ – ٥)زمانی ستانداردی کوردی:

ئەمڕۆ کە باسی زمانی ستانداردی کوردی دەکرێ، هەندێ کەس پێیان وایە کرمانجی ناوەڕاست لە ڕوی واقیعەوە لە کوردستانی عێراق و ئێران بۆتە شێوەی ستانداردی زمانی کوردی، کەچی هەندێکی تر پێیان وایە دو شێوە ستانداردی زمانی کوردیمان هەیە، یەکێکیان کرمانجی ناوەڕاست و ئەویتریان کرمانجی باکورە.

هەروەها نەخشەی زمانی کوردی ئەمڕۆ وا باس دەکرێت کە لە چەند دیالێکتێك پێکهاتون، کە ئەوانیش دیالێکتی (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی باکور، کرمانجی باشور، گۆران)ن، کە لەڕوی پێشکەوتن و ستانداردبون و بەکارهێنانەوە لە پلە و ئاستی جیاوازن، کە لە ناو دیالێکتەکاندا زیاتر کرمانجی باکور و کرمانجی ناوەڕاست بەکاردێن و گەشەیان سەندووە.

هەروەها لە مێژوی نوێی کورددا یەکەم جارە کورد لە بەشێکی وڵاتەکەی حکومڕانی خۆی دەکات، کە مەبەستمان کوردستانی باشورە، کە ئەو بەشەی وڵاتیش دو دیالێکتی سەرەکی لێیە، کە ئەم دو دیالێکتەش

سەبارەت بە بونیان بە زمانی ستاندارد کێشەیەکی گەورەیان دروست کردووە هەم لە ڕوی سیاسی و هەم لە ڕوی کۆمەلأیەتییەوە، کە هەریەکەیان دەیەوێت بە بیانویەك خۆی بکات بە زمانی ستاندارد لەم بەشەی کوردستاندا(نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو: ٢٠١٣: ٦٧).

هەروەکو دەزانین هەمو نەتەوەیەك پێویستی بە زمانی ستانداردە، کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەك پێویستی پێیەتی، چونکە دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی دەبێتە هۆی دروستبونی یەکێتی و ئاسایشی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی(سەلام ناوخۆش: ٢٠١٠: ٩٦).

لە ئێستا و ڕۆژگاری ئەمرۆدا قسە و کۆڕ و سیمینار و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە واتە زمانی ستانداردی کوردی لە ئارادایە، بە ڕادەیەك سیاسیەکانیش چونەتە ناو ئەو مەسەلەیەوە و باس لە دیالێکتیٚ یان دوان دەکریٚ کە ببنە زمانی ستانداردی کوردی، کە مەبەست لە (دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی باکور)ە، زۆرجاریش ئەو بۆچونە لە ئارادایە کە ڕۆژگارەکانی سەدەی نۆزدە بەسەرچو و نابیٚ بەزۆر دیالێکتیٚ بسەپێنریٚ بەسەر ئەوانی تردا.

ئێمە لێرەدا باسی هەریەکێك لەم دیالێکتانە دەکەین کە هەلی بون بە ستانداردیان هەیە و قسە و باسیان لە بارەیەوە دەکریٚ.

کرمانجی ناوەڕاست لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژویی و سیاسی دور و درێژدا پێگەیشتووە و بووە بە کەرەسەیەکی دەربڕین لە زۆربەی زۆری بوارە زانستی و ڕۆژنامەگەری و سیاسی و کارگێڕی و ئەدەبییەکاندا، دەکریٚ بگوتریٚ کە تەنیا کوردی ناوەڕاستە بەم پرۆسەی ستانداردبونەدا تێپەڕیوە و گەیشتوەتە قۆناغێك کە دەتوانێت نەخشی زمانی ستاندارد بێت لە کوردستاندا(فەرهاد شاکەلی: ٢٠٠٩: ١٢٩).

واتە ئەو شێوەزارەی بابان توانی لە ماوەیەکی مێژویی کەمدا ببێت بە زمانی ئەدەبی و بناغەی هەمو شێوەزارەکانی تری کرمانجی ناوەڕاست (سلێمانی، سۆران، موکریان، سنە، گەرمیانی) بگرێتەوە، ئەگەرچی لە سلێمانیش هەڵقولاوە، بەلاّم ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقیش بالاّدەستی خۆی سەپاندووە و ستانداردبونی خۆی ڕاگەیاندووە، چونکە بۆتە زمانی وەزارەتەکانی حکومەت و قوتابخانە و دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەو واتایەی کرمانجی ناوەڕاست زۆربەی قۆناغەکانی ستانداردکردنی تێپەڕاندووە، بەجۆرێك قۆناغی هەڵبژاردن و تۆمارکردن و بوارفراوانکردنی لە ئەرکدا بەجێگەیاندووە، بە ڕاستەوخۆ قۆناغی پەسندکردنی کۆمەڵگای ماوە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووە، چونکە زۆرینەی کوردی ئەم هەرێمە لەگەڵ کوردی ناوەڕاستن(نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو: ٢٠١٣: ٤١٢).

دەكرێت چەند هۆیەك دیاری بكەین بۆ بونی كرمانجی ناوەڕاست بە زمانی ستاندارد:

١- بەردەوامبونی لە خزمەتكردنی كەلتور و ئەدەبیات و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری نەتەوەیدا، بێ ئەوەی بپچڕێت، یان لەكار بكەوێت(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ١٣٣).

٢- كرمانجی ناوەڕاست دەوڵەمەنترین دیالێكتی كوردییە، چونكە هەم لە قۆناغی كلاسیكدا هەم لە قۆناغی ئێستاشدا ئەدەبیاتێكی دەوڵەمەند و فراوانی پێ نوسراوە و كۆمەڵێك لە نوسەر و شاعیرە هەرە گەورەكانی كوردستان بەم شێوەیە بەرهەمەكانی خۆیان نوسیوە، واتا كرمانجی ناوەڕاست هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەكو زمانی ئەدەبی و تا ئەمڕۆش بێ ناوبڕ ئەو نەخشەی هەبووە(فەرهاد شاكەلی: ٢٠٠٩: ١٤٥).

٣- كرمانجی ناوەڕاست لە بواری وەرگێڕاندا زۆر پێشكەوتووە و زۆر لە شاكارە ئەدەبی و زانستییەكانی بۆ ئەو دیالێكتە وەرگێڕدراون، كە ئەمەش دەبێتە هۆی ناساندنی كەلتور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری وڵاتە بیانییەكان بە نەتەوەی كورد(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ١٣٣).

٤- كرمانجی ناوەڕاست ماوەیەكی زۆرە زمانی ڕەسمی خوێندن و پەروەردەیە لە خوێندنگاكانی كوردستانی عێراقدا، لە پلە جیاوازەكانی خوێندندا، لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانكۆ، هەروەها زمانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییە، زمانی زانستی و ئەكادیمی و كۆڕی زانیاری و زمانی كۆنفرانس و كۆڕ و كۆنگرەی زانستییە و سەدان نامەی زانستی و ئەكادیمی بەو دیالێكتە نوسراوەتەوە لە بوارە جیاجیاكانی زانستدا، هەروەها لە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و مۆبایلیشدا بە شێوەیەكی بەرفراوان ئەم دیالێكتە بەكاردێت.

٥- كرمانجی ناوەڕاست لە میرنشینەكانی بابان و سۆران و لە حكومەتەكانی باشوری كوردستان و كۆماری كوردستان و لە سەردەمی حكومەتی شێخ مەحمووددا زمانی فەرمی بووە، هەروەها زمانی فەرمی دوای (١)ی ئازاری(١٩٧٠) بووە(بەكر عومەر عەلی، شێركۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٦: ١٦ - ١٧). لەسەردەمی دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلولدا زمانی فەرمی بووە و هەروەها لە سەردەمی هەر شەش كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش زمانی وەزارەتەكانی حكومەت و سەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمان بووە و تا ئێستاش بەردەوامە(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٤٢١).

٦- كرمانجی ناوەڕاست هەنگاوی ئەوەی ناوە كە لە لایەن سیاسەتمەدار و لێپرسراوەكان لە كۆڕ و كۆبونەوەی دەرەوەی وڵاتان بەكاربێت لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ١٣٣).

٧- ناوەند و شوێنی زاری كوردی ناوەڕاست بە تایبەتی مەڵبەندی زارەكە كە مەبەستمان سلێمانییە، لە ڕوی ڕۆشنبیری و ئەدەبیات و شارستانییەوە لە ناوچەكانی تری كوردستان پێشكەوتوتر بووە و بەردەوام شوێنی شاعیران و نوسەران و دەرچونی ڕۆژنامە و گۆڤار بووە(بەكر عومەر عەلی، شێركۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٦: ١٧).

٨- دانانی کتێب لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بە کرمانجی ناوەڕاست لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بۆ نمونە لە ساڵی (١٩٢٨) کتێبی (مختصر صرف و نحوی کوردی)ی (سەعید سدقی کابان) بلاَوبۆوە، لە ساڵی (١٩٢٩) کتێبی (دەستوری زمانی کوردی)ی (توفیق وەهبی) بلاَوبۆوە، کە بە کرمانجی ناوەڕاست نوسراون، دوای ئەمە چەندین کتێبی تر بەم دیالێکتە نوسراون لە بوارە جیاجیاکانی زمانەوانی وەکو ڕێنوس و دیاریکردنی دەنگەکانی زمان و ڕێزمان(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ١٣٤).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە کرمانجی ناوەڕاست قۆناغێکی سەخت و گرینگی بەرەو ستانداردبون بڕیوە و تەنانەت مستەفا بارزانی کە خۆی خەڵکی ناوچەی بارزانە ڕێگەی نەداوە دیالێکتچێتی سەرهەڵبدات و کرمانجی ناوەڕاستی بەزمانی فەرمی دام و دەزگاکانی و پێشمەرگە و شۆڕش زانیوە و خۆشی بەشێوەیەکی گشتی هەر بەو دیالێکتە نوسیویەتی(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٤١٥).

لە سەردەمی ئەمڕۆشماندا مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی کە ئەوانیش خەڵکی ناوچەی بارزانن، کەچی بە کرمانجی ناوەڕاست وتارە فەرمییەکان پێشکەش دەکەن، هەروەها چەندین بەرپرسی تر کە سەر بە شێوەزارەکانی تری کوردین وەکو بادینی، لوڕی و هەورامی بەو دیالێکتە وتار و نوسینەکانیان بلاَودەکەنەوە وەك: جەلیل فەیلی، مەلا بەختیار، هێمن هەورامی و ...هتد.

هەروەها پێویستە ئەوە بگوترێ، ئەو زمانە ستانداردەی کە لە ناوەڕاست بەکاردێت ناتوانین بڵێین شێوەی ناوچەی سلێمانی یان شارەزورە، چونکە بە جۆرێکی هێندە زیندو گەشەی کردووە کە تێکەڵەیەکە لە هەمو شێوەزارەکانی ناوەڕاست(سلێمانی، سۆران، موکریانی، سنە، گەرمیان)، تەنانەت پڕە لە پەیڤ و زاراوەی هەمو زارەکانی تری باکور و باشور و ڕۆژهەلاَت و بە بەردەوام دەرگای کراوەیە بۆ وەرگرتنی کەرەسەی نوێ لەو دیالێکتانە و جیهانی دەرەوەش(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٤٢٠).

کەواتە نابێت بە شێوەی ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست بگوترێ شێوەی سلێمانی، چونکە بە تێپەڕبونی کات ئەو شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و وشە و زاراوەی دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی دیکەی تێکەڵبووە، هەرچەندە ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست ڕواڵەتی شێوەی سلێمانی هەر پێوە دیارە بەلاَم لەگەڵ قسەکردنی ناو ماڵ و خەڵکی ناوچەکە جیاوازی هەیە.

ئەگەر بمانەوێت باسی کرمانجی باکوریش بکەین ئەوا ئەویش لایەنگری خۆی هەیە، بە تایبەتی لەم سالاَنەی دواییدا بزوتنەوەی کوردایەتی لەو پارچەیەدا هەڵسانەوەیەکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە و ژمارەیەکی گەورەی نەتەوەکەمان بەو دیالێکتە دەدوێن، هەروەها کرمانجی باکور کە بە شیعرەکانی مەلای جەزیری دەست پێدەکات و دواتر فەقێ تەیران و ئینجا عەلی تەرەماخی و تا دەگاتە ئەحمەدی خانی و مەحمود بایەزیدی و هی تر دەرکەوتن کە هەمو شاکاری ئەدەبی مەزنیان بەم شێوەیە پێش کەش کردووە،

دوای ئەمانیش چەند نوسەر و شاعیرێك دەرکەوتن و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکیان بەم شێوەیە دەرکرد و بەرەبەرە زۆربون، ئێستا بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین جموجۆڵێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی زۆر بە کرمانجی باکور سەریهەڵداوە و گەلێ ئێزگە و تەلەفزیۆن بەرنامەکانیان بەم شێوەیە پێش کەش دەکەن(بڕوانە: وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٨).

بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بگوترێ کە ئەو شێوەزارەی کە لە کوردستانی عێراق و ئێران هەوڵی ئەوە دەدات بکرێت بە زمانی ستاندارد ئەوە شێوەزاری بادینانییە، کە دەکرێت بگوترێ لە ئەزمونی نوسیندا زۆر هەژارە و بەرهەمی کەم بەو شێوەزارە نوسراوە، تەنها لە دوای ڕاپەڕین بە تایبەتی لە سەردەمی دو ئیدارەی لە دوای ساڵی ١٩٩٨ تەنها لە سنوری پارێزگای دهۆك بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەو شێوەیەی کە کوردانی تورکیا قسەی پێدەکەن، شێوەزاری بۆتانییە، کە جیاوازە لە شێوەزاری بادینی، واتا شێوەزاری بادینی نەك تەنیا لە کوردستانی عێراق و ئێران ناتوانێ ململانێی کرمانجی ناوەڕاست بکات، بەڵکو لە کوردستانی تورکیاش ناتوانێ ململانێی شێوەزاری بۆتانی بکات، هەروەها شێوەزاری بادینی لە کوردستانی عێراق تا ئێستا شێوەی یەکگرتوی نییە، بەڵکو چەندین شێوەی جیاجیای هەیە، کە خۆشیان زۆرجار لەیەکتر ناگەن، بە نمونە(د.سەباح ڕەشید) زۆرجاران لە گفتۆگۆی نامەکانی ماستەری زانکۆی دهۆك بەشداری دەکات، ئەوە دەگێڕێتەوە کە زۆرجاران وشەی وا دێتە پێش چاومان، واتاکەی نازانین، بۆیە پرسیار لە سەرپەرشتیار دەکەین کەچی ئەویش نازانێ، کە ئەو وشەیە هی شێوەزاری ئامێدییە یان زاخۆیە یا...هتد(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٤١٣، ٤١٤، ٤٢١).

هەروەها وەکو ئاماژەی پێدرا لە پێشوتر، بەرهەمە شیعرییەکانی مەلای جەزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی بە شێوەزاری بۆتانی نوسراون، هەروەها نوسینەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و نوسینەکانی دواتریش هەموی هەر بە شێوەزاری بۆتانی نوسراون نەك بادینی، واتا شێوەزاری بۆتانی لەسەردەمی میرشینی بۆتان لە کوردستانی تورکیا لە ماوەیەکی دیاریکراو و سنورێکی تەسکدا بەکارهاتووە و دواتر بەرەو کزبون چووە و ڕێچکەی زمانی ستانداردی بەزاندوە، بۆیە لە ئێستا ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کەی تورکیا ماف دەدات بە کورد و کەی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان یەکدەگرێتەوە، ئینجا بگوترێ با لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاست ببن بە ستاندارد، چونکە مەسەلەی ساغکردنەوەی زمانی ستانداردی کوردی تەنیا دەبێ لە کوردستانی عێراقدا بڕیاری لەسەر بدرێت(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٤١٣، ٤١٤، ٤٢١).

هەروەها کرمانجی باکور گۆڕان لە ئەلفوبێکەیدا ڕویداوە بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بووە بە زمانێك کە بە سێ ئەلفوبێی جیاواز دەنوسرێت و بە تەواوی لە یەکدی دورکەوتونەتەوە، یەکێکیان شێوەی کوردی سۆڤێتی جاران، ئەویتریان ئەلفوبێیەکە کوردانی تورکیا بەکاریان هێنا کە دوای ئەوەی ئەلفوبێی کوردییان لە بیربرایەوە و فێری زمانی تورکی و ئەلفوبێی تورکی لاتینی کران و پەیوەندیان بە

زمانی نوسراوی کوردییەوە نەما، شێوەی سێیەمیان شێوەی بادینانییە، کە نوسەرانی بادینانی کوردستانی عێراق هەر لەسەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی مانەوە، هەروەها کرمانجی باکور یەکێ لە کێشە هەرە دیارەکانی کە نەیهێشتووە ببێت بە زمانی ستاندارد، ئەوەیە کە سێ شێوەی جیاوازی نوسینی بە تەنیش یەکەوە هەبووە و بە سێ ئەلفوبێی جیاواز نوسراوە، لە کاتێکدا کە کرمانجی ناوەڕاست نزیکەی دوسەدوپەنجا ساڵە هەر بە یەك ئەلفوبێ دەنوسرێ و قۆناغ لەدوای قۆناغیش چاکسازی لە ئەلفوبێ و ڕێنوسەکەیدا دەکرێ(فەرهاد شاکەلی: ٢٠٠٩: ١٨٤ - ١٨٦).

هەروەها پرسێکی تریش کە لە بەردەم زمانی ستانداردی کوردی دەبێتە کۆسپ، ئەوە ئەلفوبێیەکەیەتی، چونکە ئەمرۆ لە کوردستانی عێراق و ئێران ئەلفوبێی عەرەبی بەکاردێت و لە کوردستانی تورکیا و سوریا ئەلفوبێی لاتینی بەکاردێت(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٤١٧). گرفتەکە لەوەش گەورەترە کە لەسەر ژمارە و جۆری پیتەکانی هەریەك لەو ئەلفوبێیانەش هاوڕێکنین(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١١: ٢٥١). واتا ئێمە پێش ئەوەی بڕیار لەسەر زمانی ستاندارد بدەین دەبێت بڕیار بدەین کە لە زمانەکەماندا چەند فۆنیمان هەیە، کە ئەم فۆنیمانەش بیروڕای جیاوازیان لەسەرە.

ئاشکرایە کە کورد تا ئەمڕۆ ئەلفوبێیەکی یەکگرتوی نییە، کە ئەمەش بە سەخترین کۆسپ دادەنرێ لە ڕێی زمانی ستانداردا(حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٣٥٣)، هەرچەندە وتار و نوسینی زۆر لە بارەی ڕێنوسی کوردییەوە نوسراون، بەڵام ڕێژەیەکی کەمیان پێوەرەکانی زانستی زمانیان بەکارهێناوە، پتر پشتیان بە لاسایکردنەوەی ئەلفوبێی عەرەبی بەستووە و زۆربەیان (فۆن و فۆنیم) یان (دەنگ و پیت)یان لە یەکتری جیانەکردۆتەوە، بۆیە هەندێ پیتی سەرباریان بۆ نوسینی کوردی زیادکردووە، بۆیە گرفتی تریان بۆ زمانی کوردی زیاد کردووە(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٤١٦).

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە لە دوای شەڕی ناوخۆ و لە سەردەمی دو ئیدارەیدا پرسی کرمانجی باکور بووە پرسێکی گەرم و گوڕ، سەرەتا لە پارێزگای دهۆك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان شێوەی بادینی کرا بە زمانی نوسراوەکانیان، تاوای لێهات پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان کرا بە کرمانجی باکور – شێوەزاری بادینی، کە ئەمە هۆکاری سەرەکی بو لە هەوڵدان بۆ لەتکردنی زمانەکەمان تاکو بەرەو ئاڕاستەی جوتستانداردی بڕوات، کە لە پارێزگای دهۆك تا ساڵی ١٩٧١ خوێندن لەم شارە هەروەك شارەکانی تری کوردستانی عێراق بە کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەڵام دواتر بە هەوڵی هەندێ کەس زۆربەی قوتابخانەکانی ئەم شارەیان کردە زمانی عەرەبی، دوای ڕاپەڕینیش خوێندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە پارێزگای دهۆکیشەوە هەموی بە یەك شێوە بووە، ئەویش شێوەی کرمانجی ناوەڕاست، ئەم بارودۆخی بەکارهێنانی کرمانجی باکور لە کابینەی سێیەمی حکومەتدا و بە تایبەتی لە سەردەمی دو ئیدارەیدا سەریهەڵدا، لە

ئیدارەی هەولێر بە کرمانجی کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پارێزگای هەولێر سەریهەڵداوە، هەروەکو دەردەکەوێت کە سەرۆکی حکومەت و وەزیری پەروەردە و ئەنجومەنی پاریزگای دهۆك و کۆڕی زانیاری کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك هەوڵدەدەن زمانی کوردی لە تاکستاندارد و یەکشێوە بگۆڕن بۆ جوتستاندارد و دو شێوە(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٣٥٥ - ٣٥٨).

دەکرێ بگوترێ بەکارهێنانی دو زاری زمانێك لە خوێندن و نەگونجانی دەبێتە هۆی ئەوەی دو باری دەرونی و کەسێتی و پەروەردەی جیاواز پێکبێت و لە کۆتاییدا زیان دەگەیەنێت بە ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە دەبێتە هۆی دابڕانی میللەتەکە و کوردیش بە سەر دو نەتەوەی تردا دابەش دەکا(ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٩: ٢١٨).

لە سەردەمی دو ئیدارەییدا سەرەتا وەزارەتی پەروەردە لێژنەیەکیان بە ناوی (لێژنەی دیراسەکردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی سەرو لە پارێزگای دهۆك) دامەزراند، بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٦٠٣٦) (٢٣٣) (٢٣٤) لە ١٩٩٧/٩/٢٤ و ١٩٩٨/١/١٧ و ١٩٩٨/١/١٧ ، کە ئەم لێژنەیە پێشنیازی ئەوەیان کرد کە پرۆگرامی خوێندن لە سنوری ئیدارەی پارێزگای دهۆك لە قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی یەکەم تا پۆلی چوارەم لە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست بگۆڕێ بۆ کرمانجی باکور – شێوەزاری بادینی، کە لە ساڵی ١٩٩٨ – ١٩٩٩ دەست بە جێبەجێکردن بکرێت، پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشانداوە(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٣٥٨ - ٣٦٦).

کۆڕی زانیاری کوردستانیش ڕەزامەندی لەسەر ئەو مەسەلەیە نیشانداوە کە بابەتەکانی پۆلی (٥ ، ٦) لە پارێزگای دهۆك بخرێتە سەر دیالێکتی کرمانجی باکور – شێوەزاری بادینی، لە ساڵی (٢٠٠٢) دا، دیارە وەکو دەردەکەوێ کۆڕی زانیاریش کارێکی نازانستی و نائەکادیمی کردووە، دوا بەدوای ئەوەش هەوڵدراوە بۆ ئەوەی کتێبی خوێندنی پۆلەکانی تری خوێندنیش بگۆڕدرێت بە کرمانجی باکور – شێوەزاری بادینی لە پارێزگای دهۆکدا، هەروەها لە زانکۆکانی دهۆك و زاخۆ دەمێکە خوێندن بە کرمانجی باکورە و هەمو بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگاکانی دهۆکیش بە کرمانجی باکور نوسراو ئاڕاستەی وەزارەتەکانی حکومەت لە هەولێر دەکەن، کە ئەمەش هۆکاری دابەش بون و دو لەتبونی زمان و نەتەوەکەمانە بە سەر دو بەشدا، هەروەها لە هیچ زمانێکدا نەبووە و نابێ دو دیالێکتی سەر بە یەك زمان بکرێتە زمانی ستاندارد، بەڵکو دەشێ دو زمان یان زیاتر ببنە زمانی ستانداردی وڵات(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٣٦٧ - ٣٨٦).

هەروەها هەندێکجار ڕوناکبیر و زمانەوانە کوردەکان (تێکەڵکردنی ئەم دو زارە (ناوەڕاست و باکور) بە چارەسەر دەزانن بۆ دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی، کە بە پێی ئەم بیرە زارەکانی کوردی بە

بەراوردیان لەگەڵ یەکتردا دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر وشە و هەندێ دیاردەی ڕێزمانی یەك بخەین ئەوا زمانێکی نەتەوایەتی یەکگرتومان دەبێت، بۆ نمونە گواستنەوەی هەندێ دیاردەی ڕێزمانی لە کرمانجی باکورەوە بۆ کرمانجی ناوەڕاست یان بە پێچەوانەوە، زمانێکی نەتەوایەتی و ستاندارد دێنێتە کایەوە، هەرچەندە لە ئاستی وشە ڕەنگە ئەمە کارێکی ئاسان بێت، بەلاّم لە ئاستی ڕێزمان ئەمە کارێکی دژوارە، کارێك نییە بە ئاسانی ئەنجام بدرێ، بۆیە ئەم جۆرە دەستکاریکردنەی زمان لە زمانەوانیدا پەسەند نییە)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٦٨).

هەروەها لە هەندێ سەرچاوەدا هاتوە کە دیاردەییێکی ئاساییە بە هەردو زار بنوسرێ و بخوێندرێ و هەروەکو چۆن لە ئێستادا بە هەردو زارەکە لە میدیاکان دەنگوباس و بەرنامە پێشکەش دەکرێ با هەروا بەردەوام بێت و هیچ ترسی لە سەر نییە، بەڵکو مێژو خۆی سەروبەر دەکات و یەکلایی دەکاتەوە، واتا ئێستا ئێمەی کورد بە دو شێوە دەنوسین و دو ستانداردمان هەیە کە کوردی ناوەڕاست و کوردی باکور – شێوەزاری بادینانییە، کە هەر یەکەیان ڕەگی مێژویی خۆی هەیە، واقیعەکە ئەمەیە(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٦٧، ١٧١).

بۆیە دەبێت ئێمە ئامانجی سەرەکیمان لێك نزیك کردنەوەی هەردو زارەکە بێت، ئەمەش نایەتەدی ئەگەر نوسەر و میدیاکان وشە و دەربڕینی یەکتر بەکارنەهێنن و ڕۆشنبیر و نوسەران بلاّوکراوەکانی هەردولا بە بەردەوامی نەخوێننەوە و نەبیستن، بەمە بەرە بەرە ئاوێتەی یەکتر دەبن و لێك موتوربە دەکرێن، هەروەها شانبەشانی ئەمەش دەبێ بەرنامەیەکی کارەکی بە پێکهاتنی شارەزا و پسپۆڕانی هەمو لایەك دابنرێ بۆ یەکاندنی فۆڕمەکانی زمانی کارگێڕی و فەرمانگا و دەزگا ڕەسمییەکان وەك هەنگاوی یەکەم، کە دەکرێ بگوترێ زۆر گرنگە و ئەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی زمانی ستانداردی کوردی، بۆ خوێندنیش لە قوتابخانەکاندا هەر لایەك لەم زارانە یەك دو وانە بە شێوەیەکی تر بخوێنێ بە تایبەتی وانە ڕێزمانی و ئەدەبییەکان(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٦٨، ١٧٢).

کەواتە دەکرێ بگوترێ ئێستای نەتەوەکەمان ئەوەی بەسەرماندا سەپاندووە کە بە دو دیالێکت یان بە جۆرێکی تر بە دو ستاندارد بڕۆین بەڕێوە، ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا بەدیدەکرێت (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، ...) دروستی ئەو بۆچونەی سەرەوەیە، لە ڕاستیدا لەم کرانەوەیەی ئەمڕۆدا و لە پاڵ ئەو گەشە تەکنەلۆژیایەی پەیوەندییەکان بەخۆیەوە بینیوە، کارەکەمان بۆ ئاسان دەکەن و ئەنجامەکەی ئەوەیە کە هەمو کوردێك لە ماوەیەکی تردا بتوانێ هەردو دیالێکتەکە بەکاربهێنێ.

زۆرجاریش کە دەگوترێ با دیالێکتەکان یەکبخرێن، لە ڕاستیدا ئەمە بۆچۆنێکی نازانستیە، چونکە لە زماندا بە بڕیار گۆڕان ڕونادات، بەڵکو بە پێی تێپەڕبونی کات گۆڕان ڕودەدات، مەبەستمان ئەوەیە کە جیاوازی (نێرومێ) لە کرمانجی باکور بە بڕیار لاناچێ، هەروەك چۆن بە بڕیاریش ناهێندرێتەوە ناو

کرمانجی ناوەڕاست، کەواتە بۆ دیاریکردنی ستاندارد ئەبێ لەگەڵ ئەو بۆچونەدا یەکبگرینەوە کە ئاسایی بێ دوستاندارد پێکەوە هەبن، لێرەدا دەکرێ دیالێکتەکان لە بواری وشە و زاراوەدا لە یەك نزیك بکەینەوە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە ئەوەش بدرێ کە چەندین هەوڵدراوە بۆ ئەوەی شێوەزارێك یان دیالێکتێکی زمانی کوردی یان زیاتر ستاندارد بکرێت، کە ئەم هەولأنەش یان هەوڵی گەلەکۆمە یان هەوڵی تاکەکەسی بونە، جا چ بە سازدانی کۆنگرە و کۆنفرانس و سیمینار یاخود بە نوسینی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە بوبێت.

### ١ – ٦)هەوڵە تاکە کەسییەکان بۆ دروست بونی زمانی ستانداردی کوردی:

دەکرێ بگوترێ هەوڵە تاکەکەسییەکان چوار ڕەهەندیان وەرگرتووە.

#### ١ – ٦ – ١)ڕەهەندی یەکەم:

پێیان وایە کە کرمانجی ناوەڕاست بە پشت بەستن بە تەجروبەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ستانداربونی خۆی ڕاگەیاندووە یان بەرەو ستانداردبون دەچێت، واتا ئەم ڕەهەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کورد پێویستی بە یەك زمان و یەك ئەلفوبێ هەیە، ئەویش کرمانجی ناوەڕاست و ئەلفوبێی کوردییە، چەند زماناس و پسپۆڕێك لەسەر ئەو بۆچونەن.

#### ١ – ٦ – ٢)ڕەهەندی دووەم:

پێیان وایە کە کرمانجی ناوەڕاست و باکور هەردوکیان ستانداردبونی خۆیان ڕاگەیاندووە یاخود بەرەو ستانداردبون دەچن، واتا ئەمانەی ئەم بۆچونەیان هەیە، پێیان وایە دەبێ لە بڕیاردان لە بارەی زمانی ستانداردی کوردییەوە پەنا بۆ کوردستانی گەورە ببرێت، چەند زماناس و پسپۆڕێك لەسەر ئەو بۆچونەن.

#### ١ – ٦ – ٣)ڕەهەندی سێیەم:

پێیان وایە بە تێکەڵکردن و نزیککردنەوەی هەردو دیالێکتی ناوەڕاست و باکور زمانی ستانداردی کوردی دروست دەبێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە مافی دیالێکتەکان بپارێزرێ، هەروەها باس لە جیاوازییە ڕێزمانییەکانی هەردو دیالێکت دەکرێت و پێشنیازی تێکەڵکردنی هەندێ باری ڕێزمانی هەردو دیالێکتەکە دەکرێت.

#### ١ – ٦ – ٤)ڕەهەندی چوارەم:

پێیان وایە زمانی ستاندارد بە تێکەڵکردن و هەڵبژاردن و دیاریکردن دروست نابێت، بەڵکو بۆخۆی دروست دەبێت، کە سەرمەشقی ئەم بۆچونە (د.وریا عومەر ئەمین)ە، کەدەڵێت زمان دیاردەیەکی ڕەمەکییە و لە ژێر ڕکێفی یاسا سروشتیەکاندایە و هەرگیز هیچ هێزێك ناتوانێ دەستکاری بکات و دوا ڕۆژەکەی دەستنیشان

بکات، هیچ ئەکادیمیاییێك و ناوەندێکی دەسەڵات ناتوانێ بڕیار لەسەر دەستنیشان کردن و هێنانەدی زمانی ستاندارد بدەن(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٣٨٧ - ٤١٦).

کەواتە لە کۆتاییدا دەکرێ بگوترێ کە نەبونی زمانی ستاندارد، گەلێك کێشەی بۆ زمانی کورد دروست کردووە، کە هەر نوسەرێ بە ئارەزوی خۆی دەنوسێ، نوسینەکانیان لە یەك ناچن و لەسەر هیچ جۆرە دەستورێکی زمان بەڕێوە ناڕۆن، هەروەها ئەم دەستوری نوسینە پەیرەو دەکەن کە خۆیان باوەڕیان پێی هەیە(حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٣٨٩).

هەروەها((ڕامیاری دەرەکی هۆیەکی کاریگەری هەبووە لە دابڕینی پارچەکانی کوردستان و پتر دابەشکردنی زمانی کوردی و یەکنەگرتنەوەیان و دروست نەبونی زمانی ستانداردی کوردی، ڕامیاری ناوخۆش بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستان و پتربونی ژمارەی پارتە کوردییەکان و میدیاکانی حیزبی و بەرژەوەندی حیزبی کاریگەری هەبووە لە سەرتێکدانی ستانداردی پێش ڕاپەڕین و هەنگاونان بەرەو دوستانداردی، هەروەها هەرسێ سەرۆکایەتی(سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت)بەرپرسن لە نەبونی زمانی ستانداردی کوردی لە باشوری کوردستان))(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٤٢٤).

# فۆنیمەکانی زمانی کوردی

## ٢ – ١)فۆنیمەکانی زمانی کوردی و بیروڕای جیاواز لەسەری:

### ٢ – ١ – ١)فۆنیمەکانی زمانی کوردی:

فۆنیم: بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زمانێکی دیاریکراودا بەهایان هەبێ، واتە بتوانن واتای وشە بگۆڕن، بۆ نموونە (ع) لە کوردیدا واتای وشەمان بۆ ناگۆڕێ لەبەر ئەوە بە فۆنیم دانانرێ.

لەم پێوەرە زیاتر پێوەرێکی ترمان نییە بۆ دیاریکردنی فۆنیم، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی دیاریبکەین، وەك هەر زمانێکی تر فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە دو دەستە پێکدێن کە بریتین لە کۆنسنانت و ڤاوڵەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم فۆنیمانەی خوارەوە دەستنیشان کراون لە زمانی کوردیدا:

- کۆنسنانتەکان (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /د/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /غ/ ، /ع/ ، /س/ ، /ش/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /ف/ ، /ڤـ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /ر/ ، /ڕ/ ، /ن/ ، /م/ ، /ه/ ، /و – W/ ، /ی – y/ ، /نگ/)
- ڤاوڵەکان (/ا/ ، /ە/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /ی – î/ ، /و – u/ ، /ێ/ ، /وی/ ، /i/بزرۆکە)

دەکرێ بگوترێ دیاریکردنی فۆنیمەکان کارێکی پێویستە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ڕێنوس، ((چونکە ئەم کێشەیە پەیوەندی بە جۆری ئەلفباکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بون و نەبونی فۆنیمەکانەوە هەیە))(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٧: ٤٨). واتا ((بەرلەوەی دەست بدرێتە دانانی ڕێنوسێکی ڕێك و پێك و لەبار، پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی فۆنەتیکە، بە تایبەتی لە دیاریکردنی تێکڕای فۆنیمەکاندا و ئینجا دانانی نیگار بۆ هەریەکێك لەو فۆنیمانە، دوایش پێویستە ئەو پیتانە لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێت، تاکو بزانرێ بون و نەبونیان چ دەورێك دەبینێ))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ١٦).

### ٢ – ١ – ٢)بیروڕای جیاواز لە سەر فۆنیمەکانی زمانی کوردی:

هەروەکو ئاشکرایە زمانناسان و نوسەرانی کورد بۆچونی جیاوازیان دەربارەی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی هەیە، ئێمەش لە خوارەوە بیروڕای هەندێك لەو زمانناس و نوسەرانە دەنوسین و دواتریش بیروڕای خۆمان دەردەبڕین:

١- (سەعید سدقی کابان) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ث/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ذ/ ، /ر/ ، /ز/، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ص/ ، /ط/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ێ/ ، /ۆ/ ، /ض/ ، /ظ/ ) (بڕوانە: سەعید سدقی کابان: ١٩٢٨).

٢- (تۆفیق وەهبی) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٧) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ،/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ،/ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ، /ت/ی کلۆر، /د/ی کلۆر) (بڕوانە: تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩).

٣- (نوری عەلی ئەمین) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٤٠) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ،/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ، /وێ/ ، /لل/ ، /للّ/ ) (بڕوانە: نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٦).

٤- (تاهیر سادق) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ،/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /ۆ/ ، /ك/ی شێواو ، /گ/ی شێواو) (بڕوانە: تاهیر سادق: ١٩٦٩).

٥- (گیوی موکریانی) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٨) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ، /ك/فەتحە لەژێر ، /گ/فەتحە لەژێر ، /و/فەتحە لەسەر) (بڕوانە: گیوی موکریانی: ١٩٧٢).

**٦- (محەمەد ئەمین هەورامانی) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٧) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ،/نگ/ ، /ص/) (بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی: ١٩٧٣).**

**٧- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٩) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ،/وێ/ ، /وی/ ، /وی/) (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦).**

**٨- (ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٥) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ص/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /ی/فەتحە لەسەر) (بڕوانە: ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد: ١٩٧٣).**

**٩- (جەمال نەبەز) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە، /وێ/ ) (بڕوانە: جەمال نەبەز: ١٩٧٦).**

**١٠- (نەسرین محەمەد فەخری) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٨) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/**

، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ، /وێ/) (بڕوانە: نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨).

١١- (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /لا/ ، /ڵا/) (بڕوانە: ئیبراهیم ئەمین باڵدار: ١٩٨٢).

١٢- (شاکر فەتاح ئەحمەد) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٢٩) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /ي/) (بڕوانە: شاکر فەتاح ئەحمەد: ١٩٨٢).

١٣- (عومەر عەبدولڕەحیم) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٤) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/) (بڕوانە: عومەر عەبدولڕەحیم: ١٩٨٢).

١٤- (مەسعود محەمەد) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/) (بڕوانە: مەسعود محەمەد: ٢٠١١).

١٥- (محەمەد معروف فەتاح) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٣) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ف/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- î/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ،/وێ/) (بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢).

١٦- **(وريا عومەر ئەمین) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/) (بڕوانە: وریا عومەر ئەمین: ٢٠١٢).**

١٧- **(غازی فاتح وەیس) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٤) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/) (بڕوانە: غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤).**

١٨- **(تاڵیب حوسێن عەلی) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٧) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆكە) (بڕوانە: تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١٥).**

١٩- **(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٤) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆكە) (بڕوانە: ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ٢٠٠٥).**

٢٠- **(کەمال فوئاد) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٢) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ھ/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆكە) (بڕوانە: کەمال فوئاد: ٢٠٠٠).**

٢١- **(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٤) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/**

، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ه/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ) (بڕوانە: لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی: ٢٠١٠).

٢٢- هەروەها لە کتێبی (ڕێنوسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنوسی گشتی) ئاماژە بە فۆنیمەکانی زمانی کوردی کراوە، کە ژمارەیان (٣٦) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ه/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/) (بڕوانە: وریا عومەر ئەمین و سێ زماننناسی تر: ٢٠١٣).

٢٣- (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٢٨) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ف/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ه/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /ۆ/) (بڕوانە: عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٤).

٢٤- (غازی عەلی خورشید) پێی وایە کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٤٥) فۆنیمە کە ئەمانەن (/ئـ/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /د/ ، /ڕ/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ف/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ه/ ، /و-W/ ، /ی-y/ ، /و- u/ ، /ی- آ/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /i/بزرۆکە ،/وێ/ ، /وی/ ، /یۆ/ ، /یو/ ، /وا/ ، /وە/ ، /ەو/ ، /نگ/) (بڕوانە: غازی عەلی خورشید: ٢٠١٠).

دوای خوێندنەوەی ئەم بیروبۆچونانەی سەرەوە دەربارەی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە بیروڕاکان جیاوازن، کە هەندێك لە زمانەوان و نوسەرانی سەرەوە ئاماژەیان بە هەندێك فۆنیم داوە و لەسنوری فۆنۆلۆژی کوردیدا ئەرك و نرخیان پێ بەخشیوە و بە فۆنیمی زمانی کوردییان داناوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێك فۆنیمیان لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی کوردی خستۆتە دەرەوە و بە فۆنیمیان دانەناوە، هەروەکو تێبینی دەکرێ کە:

(سەعید سدقی کابان) چەند فۆنیمێکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە و هێناویەتە ناو زمانی کوردییەوە کە ئەمانەن (/ث/ ، /ذ/ ، /ص/ ، /ط/ ، /ظ/ ، /ض/)، هەروەها چەند فۆنیمێکیشی ئاماژە

پێنەکردووە و گرنگی پێنەداوە، وەك (/ئـ/ ، /و-W/کۆنسنانت ، /ی-Y/ کۆنسنانت ، /ە/ ، /وو/ ، /i/بزرۆکە ، /ڕ/).

(تۆفیق وەهبی) دو فۆنیمی زیاد کردووە بۆ زمانی کوردی کە ناوی ناون /ت/ی کلۆر و /د/ی کلۆر، هەروەها ئاماژەی بە /و-W/کۆنسنانت ، /ی-Y/ کۆنسنانت نەکردووە.

(نوری عەلی ئەمین) دو فۆنیمی تازەی هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەوانیش (/لل/ ، /للۆ/)، هەروەها دیفتۆنگی /وێ/ ی بە فۆنیم داناوە.

(تاهیر سادق) ئاماژەی بە فۆنیمی (/وو/ ، /i/بزرۆکە) نەداوە، هەروەها دو فۆنیمی نوێی ئاماژە پێکردووە، ئەوانیش ( (گ)ی شێواوە و (ك)ی شێواون )، کە پێی وایە فۆنیمن لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا بۆیە پێویستە پیتیان بۆ دابنرێ.

(گیوی موکریانی) ئاماژەی بە فۆنیمی /ع/ و /ئـ/ نەکردووە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا، هەروەها ئاماژەی بە سێ فۆنیمی نوێ داوە و نیشانەی بۆ داناون، ئەوانیش (/ك/فەتحە لەژێر ، /گ/فەتحە لەژێر ، /و/فەتحە لەسەر)ن.

(محەمەد ئەمین هەورامانی) ئاماژەی بە /ص/ و دیفتۆنگی /نگ/ داوە و بە فۆنیمی داناوە لە زمانی کوردیدا، لە بەرامبەریشدا ئاماژەی بە/و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت نەداوە و گرینگی پێ نەداوە.

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ئاماژەی بە فۆنیمی /ئـ/ نەکردووە و بە فۆنیمی دانەناوە لە زمانی کوردیدا، هەروەها ئاماژەی بە دیفتۆنگی (/وێ/ ، /وی/ ، /وی/) کردووە و بە فۆنیمی داناون لە زمانی کوردیدا.

هەروەها (ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کوردیش) ئاماژەیان بە (/و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت ، /i/بزرۆکە، /ە/) نەکردووە.

(جەمال نەبەز) ئاماژەی بە /ع/ و /ئـ/ نەداوە، واتە بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا، بەڵام ئاماژەی بە دیفتۆنگی /وێ/ کردووە و بە فۆنیمی داناوە.

(نەسرین محەمەد فەخری)یش ئاماژەی بە دیفتۆنگی /وێ/ کردووە و بە فۆنیمی داناوە لە زمانی کوردیدا.

(ئیبراهیم ئەمین باڵدار) ئاماژەی بە (/و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت) نەداوە، هەروەها دو فۆنیمی زیاد کردووە بۆ زمانی کوردی ئەوانیش (/ڵا/ و /ڵاّ/)ن، هەروەها ئاماژەی بە /i/بزرۆکە نەکردووە.

(شاکر فەتاح) ئاماژەی بە (/ع/ ، /غ/ ، /ئـ/ ، /ح/ ، /ە/ ، /ق/ ،/و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا.

(عومەر عەبدولڕەحیم) ئاماژەی بە (/و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت ، /i/ بزرۆکە) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا.

(مەسعود محەمەد)یش ئاماژەی بە /أ/بزرۆکە نەداوە، هەروەها پێشی وایە کە دیفتۆنگی /وێ/ تەنیا لە ناوچەی سلێمانیدا هەیە.

(محەمەد مەعروف فەتاح) ئاماژەی بە (/ئـ/ ، /ھ/ ، /ڤ/ ) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا، هەروەها دیفتۆنگی /وێ/ ی بە فۆنیم داناوە لە زمانی کوردیدا.

(وریا عومەر ئەمین) ئاماژەی بە /أ/بزرۆکە نەداوە و بە فۆنیمی دانەناوە لە زمانی کوردیدا.

(غازی فاتح وەیس) ئاماژەی بە (/ئـ/ ، /ع/ ) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا، هەروەها /أ/ بزرۆکەشی بە ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ی - آ/ داناوە.

(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن) ئاماژەی بە (/ئـ/ ، /ع/ ، /ڵ/) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا.

(کەمال فوئاد)یش ئاماژەی بە (/غ/ ، /ع/ ، /ح/ ، /و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا.

(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی) ئاماژەیان بە (/أ/ بزرۆکە و/و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت) نەداوە و بە فۆنیمیان دانەناون لە زمانی کوردیدا.

هەروەها لە کتێبی (ڕێنوسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنوسی گشتی) ئاماژە بە /أ/بزرۆکە نەدراوە و بە فۆنیم دانەنراوە لە زمانی کوردیدا.

(عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ) ئاماژەی بە (/ئـ/ ، /ح/ ، /ڤ/ ، /ع/ ، /غ/ ، /وو/ ، /أ/ بزرۆکە و /و-W/کۆنسنانت و /ی-Y/ کۆنسنانت) نەداوە و بە فۆنیمی دانەناون لە زمانی کوردیدا.

(غازی عەلی خورشید) ئاماژەی بە دیفتۆنگی ( /وێ/ ، /وی/ ، /یو/ ، /یۆ/ ، /وە/ ، /ەو/، /وا/، /نگ/) داوە و بە فۆنیمی داناون لە زمانی کوردیدا.

### ٢ – ٢)لایەنە کێشەدارەکانی فۆنۆلۆژی کوردی:

نوسەران و پسپۆڕانی زمان، هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی تایبەتیان بە فۆنیمەکانی زمانی کوردی داوە و چەندین کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و نامەی ئەکادیمیان لەم بارەیەوە نوسیوە، کە یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکان کە لە ڕێنوسدا چارەسەر ناکرێ کێشەی ئەو دەنگانەیە، کە تا ئێستا بیروڕای جیاوازیان لەسەرە و نەگەیشتونەتە ڕێکەوتنێك دەربارەیان، تا ئێستاش بەلایەنێکی کێشەداری ئاستی دەنگسازی و ڕێزمان و ڕێنوسی کوردی دادەندرێت، کە ئێمە لەم کارەماندا لەو دەنگانە دەکۆڵینەوە کە کێشەیان لەسەرە، بەو هیوایەی کە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن.

دوای ئەوەی لە بەشی پێشوتردا بۆچونی چەندان زمانەوان و پسپۆڕی زمانمان خستە ڕو دەربارەی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە هەندێ فۆنیمی وەکو (/ب/ ، /پ/ ، /ت/ ، /ج/ ، /چ/ ، /د/ ، /ر/ ، /ز/ ، /ژ/ ، /س/ ، /ش/ ، /ف/ ، /ك/ ، /گ/ ، /ل/ ، /ڵ/ ، /م/ ، /ن/ ، /ه/ ، /و- u/ ، /ا/ ، /ە/ ، /ێ/ ، /ۆ/) کێشەیان لەسەر نییە، بەڵام فۆنیمەکانی (/ئـ/ ، /ح/ ، /خ/ ، /ڕ/ ، /ع/ ، /غ/ ، /ڤ/ ، /ق/ ، /و-w/ ، /ی-y/ ، /و/ی درێژ، /ی- î/ ، /i/بزرۆکە ، /نگ/ ، /وێ/) کێشەیان لەسەرە، کە لەخوارەوە لە کێشەی هەر یەکێکیان دەکۆڵینەوە:

**٢ – ٢ – ١) (ئـ) (هەمزە):**

به پێی ئەو بۆچونانەی کە دەربارەی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، کە لە سەرەوە خستمانە ڕو، دەبینین (ئـ) یەکێکە لە دەنگە کێشەدارەکانی زمانی کوردی و بیروڕای جیاوازی لەسەرە.

دەکرێ بگوترێ دەنگی هەمزە [ئـ] لەو کاتانەدا پەیدادەبێ کە دەنگە ڤاوڵەکانی [ا] و [ە] و [ێ] ، [ۆ] دەکەونە سەرەتای وشە، لەبەرئەوەی لە کاتی گۆکردنی ئەم دەنگە ڤاوڵانە دەم کراوەیە و بۆ گرتنەوەی هەوا بەربەستێك لە ڕێی دەرچونی هەوا نییە، بە ناچاری دەنگی [ئـ] وەکو دەمگرێك دروست دەبێت تاکو قسەکەر ڕێگەی هەوا نەدات لە خۆیەوە و بێ سود بێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەواکە پاشەکەوت بکات و وشەکەی بە تەواوی پێ دەرببڕێت.

هەر لەبەرئەوەشە ئەگەر ڤاوڵەکان لەسەرەتای وشە نەبون، پێویست بەم [ئـ] هەمزەیە ناکات، بۆ نمونە کاتێك وشەیەکی هەمزەداری وەکو (ئاو) لەگەڵ وشەی (ماست) لێکدەدات، وشەیەکی نوێ دروست دەبێت کە بە کۆنسنانت دەست پێدەکات، پێویستی بە هەمزەکە نامێنێ، بێ ئەوەی کار لە واتاکەی بکات، وەك: (ماست + ئاو = ماستاو)، کە دیاردەی پەیدابونی هەمزە لە پێش ڤاوڵی سەرەتای وشەدا دیاردەیەکی فۆنەتیکییە نەوەکو فۆنۆلۆژی، هەروەکو دەبینین لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەم دیاردەیە هەیە، وەکو لە وشەی (English)، هەروەها کاتێك نمونە کوردییەکانیش بە ئەلفوبێی لاتینی دەنوسیت پێویست بە هەمزە ناکات، وەك(ئاو - Aw)، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە دەرکەوتنی هەمزە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە.

کەواتە دەکرێ بگوترێ دەنگی هەمزە فۆنیم نییە و تەنیا ئەرکی فۆنەتیکی هەیە و نابێتە هۆی گۆڕینی واتا(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١١: ٢٥٩ - ٢٦٢).

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش پێی وایە کە هەمزە دەنگە و فۆنیم نییە، وەکو دەنگێکی یاریدەدەر لەسەرەتای ئەو وشانە یاخود بڕگانەوە پەیدادەبێ کە بە بزوێن دەست پێدەکەن، هەروەها پێی وایە کە تێچونی هەمزە لە وشەی لێکدراوی کوردی، وەك (گوڵ + ئاو = گوڵاو) و بونی هەمزە بە ڤاوڵ لەم وشانەدا کە

له زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، وەك: (دائم ⟵ دایم) و بەكارنەهێنانی لە ناوەڕاست و كۆتایی وشەدا ئەوە دەسەلمێنێت كە هەمزە فۆنیم نەبێ و دەنگێكی یاریدەدەر بێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ٨٢ - ٨٣).

(محەمەد مەعروف فەتاح)یش پێی وایە كە دەنگی هەمزە فۆنیم نییە و پێویست ناكات نیشانەی بۆ دابنرێ، چونكە لە پلەی فۆنیمدا نییە و نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و شوێنەكانی بە ئاسانی بە یاسایەكی فۆنەتیكی دیاریدەكرێ، كە وەكو ئەلۆفۆنێكی بزوێنەكانی كوردی لە سێ شوێندا دێتە كایەوە:

١- لە پێش هەندێ ڤاوڵەوە لە سەرەتای وشەدا بە تایبەتی ڤاوڵی (/ە/ ، /ا/ ، /ۆ/ ، /ێ/)

٢- لە ناوەڕاستی هەندێ وشەی وەرگیراودا، وەك: سؤال ⟵ سواڵ

٣- لە كۆتایی تاكە یەك وشەی كوردیدا (نەء).

لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا دەبینین كە ئەم دەنگە بە فۆنیم دانراوە لە زمانی كوریدا و لە ڕێنوسەكەماندا، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات كە ڕێنوسە هەرە كۆنەكان نیشانەیان بۆ هەمزە دانەناوە(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٥ - ٢٥٦) و وشەكانیان بەم جۆرەی خوارەوە نوسیوە:

| ڕێنوسی ئێستا | ڕێنوسی كۆن |
|---|---|
| ئەمە | امە |
| ئیش | ایش |

(غازی فاتح وەیس)یش لەگەڵ ئەوەدایە كە (هەمزە) بە هیچ شێوەیەك فۆنیم نییە لە زمانی كوردیدا، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا فۆنیمە، چونكە واتای وشە دەگۆڕێ و هەست بە بونی دەكرێت، بۆ نمونە ئەگەر لە وشەی (هاتِ) لە جیاتی (ه) ، هەمزە(ئـ) بەكاربهێنین واتای وشەكە دەگۆڕێ و دەبێت بە (ئاتِ)، هەروەها هەمزە لە زمانی عەرەبیدا لە جۆرەها شوێنی تایبەتدا بەكاردێ، بۆ نمونە لە سەرەتای وشە (أنا) و لە ناوەڕاستی وشە (بئر) و لە كۆتایی وشە (ماء)، هەروەها لە تەنیا وشەیەكیشدا لە سەرەتا و كۆتایی وشەدا دەردەكەوێ (أوماً)، كە ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە ئەم دەنگە فۆنیمە لە زمانی عەرەبیدا، بەڵام لە زمانی كوردیدا تەنیا لە پێشی وشەدا دێت، وەك : ئێرە ، ئاڤان.

هەروەها لە تاكە وشەیەكی زمانی كوردیدا دەبینرێ، كە ئەویش وشەی (نەء)ە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە بە فۆنیم دانانرێ، بەڵام نەبونی هەمزە لە زمانی كوریدا بە فۆنیمێكی سەربەخۆ ئەوە ناگەیەنێ كە دەبێ (ئـ) هەمزە لە ڕێنوسی كوردیدا نەبێت، بەڵكو (ئـ)هەمزە لەم زمانەدا بووە بە وێنەیەكی تایبەتی و لابردنی ئەبێتە هۆی دروستبونی كەلەبەرێك لە ڕێنوسی كوردیدا(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٤٦).

چەند زمانەوان و پسپۆڕی زمانی کوردیش هەن لەگەڵ ئەوەدان کە دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا فۆنیمە و بونی هەیە لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا، ئێمە لێرەدا بیروڕای هەندێکیان وەردەگرین. (مەسعود محەمەد) پێی وایە کە هەمزە فۆنیمە لە زمانی کوردیدا و دەبێ نیشانەی بۆ دابنرێ، هەروەها پێی وایە کاتێك ئەوانەی کە بە پیتی لاتینی دەنوسن، دەبنە هۆی ئەوەی سەر لە نوسەری کورد بشێوێنن، چونکە لەبری (ئا، ئێ، ئۆ ...) تەنیا یەك پیت دەنوسن و بایەخ بە دەنگی هەمزە نادەن، چونکە مەسعود محەمەد پێی وایە کە بڕگەی (ئا، ئۆ، ئێ) بریتییە لە دو دەنگ و دو فۆنیم و هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ (دا، دۆ، دێ)، هەروەها پێشی وایە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەمزە دەنگێکی زێدە ڕەسەن و کۆنی زمانەکەمانە، هەرئەوەندە هەیە لە ئاخاوتنی ئێستاکەماندا هەمزە لە توێژی وشەدا نەماوە و بەزۆری لە سەرەتای وشەوە دێت، تەنیا لە ڕێژەی رانەبردو و داخوازیدا نەبێت، وەك: دەئاخێوێ، دەئەنجنێ، بئاخێوە، بئەنگێوە...، هەروەها بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە زمانی کوردیدا دەنگی لامی قەڵەویش لە بەرایی وشەدا نایەت، کەچی نالێین با نیشانەی بۆ دانەنرێ و بە فۆنیم دانەنرێ(مەسعود محەمەد: ١٩٨٠: ٣).

(لێژنەی دەستوری زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق)یش پێیان وایە کە دەنگی هەمزە دەنگێکی ڕەسەنە لە زمانی کوردیدا، لە زارە کوردییەکاندا بونی هەیە بۆ نمونە:

| کرمانجی باکور | کرمانجی ناوەڕاست | هەورامی | لوڕی |
|---|---|---|---|
| ئەز | ئەم | ئێد | ئی |

هەروەها وشەی (نەء)یش بە نمونە دەهێننەوە و دەیکەن بە بەڵگە بۆ بونی هەمزە لە زمانی کوردیدا(لێژنەی دەستوری زمانی کوردی: ١٩٨٥: ١١ - ١٣).

(وریا عومەر ئەمین)یش کاتێك ئاماژەی بە فۆنیمەکانی زمانی کوردی داوە، هەمزەی لە ڕیزی فۆنیمەکانی زمانی کوردی داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە سروشتی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ئەم هەمزەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە لە نوسیندا، کاتێکیش وشەیەك بە ڤاوڵ دەست پێدەکات و بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنوسرێ دەبێت لە پێشی ئەم ڤاوڵەوە هەمزەی پێوە بلکێنرێ، چونکە لە سیستەمی ئەلفوبێی عەرەبی ڤاوڵ لەسەرەتای وشەوە نایەت.

هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە دەرنەکەوتنی هەمزە لە هیچ وشەیەکی کوردی و بونی بە (ی) یان (و) لەو وشانەی کە لە عەرەبییەوە وەرگیراون، دەیسەلمێنێ کە ئەم هەمزەیە نیشانە نییە بۆ هیچ دەنگێ و ناشێ بخرێتە سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی کوردییەوە(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٧ - ٤٤٨). وەك: سؤال ← سواڵ ، بئر ← بیر.

**٢ – ٢ – ٢) (i) بزرۆكە:**

بزرۆكە ئەو كورتە دەنگەیە كە دەكەوێتە نێوان دو كۆنسنانت، كە یەكێك لە گیروگرفتەكانی ڕێنوسی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی نەبونی نیشانە یاخود پیتە بۆ بزرۆكە، هەروەها بیروڕای جیاوازیشی لەسەرە، لەوەی كە ئایا بە فۆنیم دادەنرێ لە زمانی كوردیدا یاخود بە فۆنیم دانانرێ.

(تۆفیق وەهبی) پێی وایە كە بزرۆكە لە زمانی كوردیدا هەیە و لە ڕیزی ڤاوڵەكانی داناوە و پیتی (ي) بۆ داناوە (تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٣- ٥).

(نوری عەلی ئەمین)یش ئاماژەی بە بزرۆكە كردووە و ناوی ناوە (ژێرێكی كورت) و وێنەی ژێری عەرەبی بۆ بەكارهێناوە، هەروەكو لە وشەی (چیا)دا ئاماژەی پێداوە بەم شێوەیە(چِ/ یا)(نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٦: ٢٣ - ٢٤).

(نەسرین محەمەد فەخری) پێی وایە كە بزرۆكە لە زمانی كوردیدا هەیە و ناوی ناوە (بزوێنی كورت)، بەڵام لە ئەلفوبێی عەرەبیدا وێنەی بۆ دانەنراوە، كە پێی وایە نەبونی نیشانە بۆ بزرۆكە بۆتە هۆی ئەوەی كە هەندێك وا تێبگەن كە بە پێچەوانەی زمانانی تر و زانستی زمان دەگونجێت بڕگە یان وشەیەك كە لە دو بڕگە یان زیاتر پێك بێت، بێ ڤاوڵ لە زمانی كوردیدا، كە ئەمانە دەكەن بە بەڵگە: كر/دن kir/din ، مر/دن mir/din

لە كاتێكدا ئەگەر سەیری نمونە لاتینییەكان بكەین دەبینین ڤاوڵ لە بڕگەكاندا هەیە، كە بریتییە لە بزرۆكە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ژمارەی بڕگەكان یەكسانە بە ژمارەی ڤاوڵەكان لە وشەدا(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣٢ - ٣٤).

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) پێی وایە كە بزرۆكە لە زمانی كوردیدا هەیە و یەكێكە لە فۆنیمەكانی زمانی كوردی و ناوی ناوە (كورتە بزوێن)، باس لەوە دەكات، كە جێگای داخە ئەو بزوێنە لە ڕێنوسی كوردیدا نیگاری بۆ دانەنراوە، هەر لەبەر ئەوەشە داوای ئەوە دەكات و پێشنیازی ئەوە دەكات كە پێویستە لە نوسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی نیگاری بۆ دابنرێ، چونكە دەوری جیاكردنەوەی بڕگە دەبینێ، بۆ نمونە لە وشەی (گەنم) كە لە دو بڕگە پێكدێت(گە / نم)(ge / nim)، كە بڕگەی دووەم بزرۆكەی تێدایە و دەوری ڤاوڵی بینیوە، چونكە بە پێی زانستی زمان دەبێ لە بڕگەدا دەنگی ڤاوڵ هەبێت، جا هەر لەبەر ئەمەشە كە ژمارەی بڕگەكانی هەر وشەیەك یەكسانە بە ژمارەی ڤاوڵەكانی ئەم وشەیە، بۆ نمونە وشەی (گۆران) دو بڕگەیە (گۆ / ران)، هەر لەبەر ئەمەشە بڕگەی دووەمی وشەی (گەنم) كە (نم)ە بە پێی ئەلفوبێی عەرەبی لە دو كۆنسنانت پێكهاتوە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و ڤاوڵی بزرۆكە بونی هەیە لە بڕگەی (nim)دا بە پێی ئەلفوبێی لاتینی(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٤ - ٢٨).

(محەمەد مەعروف فەتاح)یش بڕوای وایە کە بزرۆکە فۆنیمێکە لە زمانی کوردیدا، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەکانەوە، کە بە بەراوردکردنی چەند وشەیەکی وەکو (کڕ ، کوڕ ، کووڕ) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێشی وایە جگە لە (تۆفیق وەهبی) کەس هەوڵی نەداوە کە نیشانەیەك بۆ بزرۆکە دابنێت، هەرچەندە نرخی ئەم فۆنیمە ئاشکرایە و نەنوسینی بیرۆکەی بڕگە لە کوردیدا تێکدەدات و لە زمانەکانی تری جیادەکاتەوە، بۆیە پێویستە نیشانەی نوێی بۆ دابنرێ و چاکتریش وایە ئەم نیشانەیە لە (ی) و (و) وەرنەگیرێن، تا زیاتر سەر تێك نەدەن (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣١، ٢٥٢، ٢٦٢).

(مەسعود محەمەد) بڕوای وایە کە بزرۆکە فۆنیم نییە لە زمانی کوردیدا و بە زەرورەتێکی فۆنەتیکی ناوی دەبات، هەروەها ئەم دەنگە بە ڤاوڵ دانانێت و بە قورسکردن ناوی دەبات و دەڵێ: "ئەم قورسکردنە ناچارییەکی فۆنەتیکییە لە کاتی پێویستدا بۆ دەربڕینی وشە پەیدادەبێ، ناوناوەش بە نیازی تەئکید، کە هەر دەکاتەوە پێویستی، دەخرێتە سەر دەنگێکی وشە وەیا نێوان دوو وشەوە، هەر کە پێویستیەکەش نەما قورسکردنەکە لەخۆوە بزردەبێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٩٤).

هەروەها دەڵێ: "ئەم قورسکردنە بەشێکی بنجی و هەمیشەی وشە نییە، چونکە کە باری دەربڕینی وشەکە گۆڕا قورسکردنەکە هەڵدەستێ و دەچێتەوە، هەروەك بەشێکی تاکە وشە نییە لکێنەری دو وشەش نییە کە لە دراوسێیەتییان قورسکردنەکە دەبێتە کارێکی ناچاری" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٩٣). بۆ نمونە: وشەی (شێلم) قورسکردنی تێدا دەکەوێتە سەر دەنگی [ل]، کە هاتیت و میمەکەت بزاوت و گوتت (شێلمەکە) قورسایی سەر لامەکە نامێنێت، هەروەها کە دەڵێی (بەفر – بەفرۆکە ، قەسر - قەسرین) قورسایی سەر فێی (بەفر) و سینی (قەسر) نامێنێ.

مەسعود محەمەد دەڵێ: "بەشێکی زۆری وشەکانی کوردی ئەم قورسکردنەیان تێدایە کە غاڵبی ڕێکخەرانی ئەلفوبێی کوردی بە لاتینی پیتیان بۆ داناوە بێ ئەوەی لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ ئەو دەنگە بەشێکی پێکهێنەری وشەکەیە یاخود زەروورەتێکی فۆنەتیکیە کە دەربڕینی دەنگ لە حالەتی تایبەتیدا داخوازی دەکات" (مەسعود محەمەد: ١٩٧٦: ٢٥٣). هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکات و دەڵێ: "پێویست نییە بۆ (کسرة مختلسە)ی کە من پێی دەڵێم قورسکردنی دەنگ هیچ نیشانەیەك دابندرێ، کە باس گەیشتە دانانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نوسینی کوردی ئەوسا قسەی لێوە بکرێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٣٥٦).

(غازی فاتح وەیس) باسی لە بزرۆکە کردووە و پێی وایە کە بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی ئەم ڤاوڵە کورتە هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست ناکات، چونکە لە ئەلفوبێی لاتینیدا وێنەیەکی ئامادەکراوی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە ئەلفوبێی عەرەبی بەکاردەهێنین، لە ئەلفوبێی زمانی عەرەبیش وێنەیەکی تایبەتی تێدا نییە بۆ ئەم ڤاوڵە، واش هەست پێدەکەین ئەم ڤاوڵە لە زمانەکەماندا هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی دروست بونی گیروگرفت.

(غازی فاتح وەیس) یەکەم کەس بووە هاتوە بە شێوەیەکی پراکتیکی و کرداری ئیشی لەسەر ئەم ڤاوڵە کورتە کردووە، ئەویش بە بەکارهێنانی ئامێر بۆ شیکردنەوەی وێنەی دەنگی، کە لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتووە کە ((ڤاوڵی کورتی (i) یان ئەبێ حیسابی فۆنیمێکی سەربەخۆی بۆ بکرێ و وێنەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێ لە فۆنۆلۆژی و ڕێنوسدا وەیا ئەبێ حیسابی ئەلۆفۆنی بۆ بکرێ و بە ئەلۆفۆنی فۆنی (ی) دابنرێ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا چاکتر وایە ئەم وێنەیەی بۆ دابنری [ـ] وەیا فۆنیمی /ی/ بەکاربهێنین بە مەرجێك درکاندنی کورت بکەینەوە))(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٩ - ٧٠).

هەروەها ئاماژەی بەو ڕاستیەش کردووە کە (هەوڵدانی دروستکردنی وێنە بۆ ڤاوڵی کورتی /i/ کێشەکە خەست تر دەکات. چونکە ئەگەر بمانەوێت ڕێگای پەرەسەندنی زمانی کوردی بەرەڵلا بکەین بۆ ئەوەی ڕێنوس و فۆنۆلۆژی و فۆنەتیك و پیت و فۆنیم لە یەك جیابکەینەوە، ئەوا دەبێ ئەم ڤاوڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هیچ وێنەیەکی بۆ دانەنرێ و لە سنوری فۆنۆلۆژیدا پیتی/i/ی لاتینی بەکاربهێنرێ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سنورە تایبەتەی کە لە ڕێچکەی دەنگدا هەیەتی، ئەمەش چاکترین چارەسەرە بۆ نەهێشتنی کێشەکە)(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٧٠، ٧٩).

(وریا عومەر ئەمین) کاتێك دەستنیشانی فۆنیمەکانی زمانی کوردی دەکات ئاماژە بە بزرۆکە ناکات، چونکە پێی وایە ((نەبونی بزرۆکە هەرگیز نەبۆتە و نابێتە تەگەرە. هیچ خوێنەرێکی ئاسایی دوچاری هیچ لێڵییێك نەبووە لەبەر نەبوونی ئەم بزرۆکەیە لە نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی لە عەرەبی وەرگیراو، بۆیە زۆر لەو لایەنانەی بە گیروگرفتی لە قەڵەم دەدەن بە پێوانەی زمانەوانی نابنە گیروگرفت، یەك لەمانە بزرۆکەیە))(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٥٠).

ئەمەش دەکاتە بەڵگەی قسەکانی و دەڵێ: "گەر سەیری ڕێنووسی هەر زمانێك بکەین دەبینین دەنگی وای تێدایە کەچی لە لیستی ئەلفوبێکەیدا هیچ پیتێکی بۆ نییە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا پیت بۆ دەنگی [ژ] نییە، نمونەیەکی تر دیسان لە نووسینی زمانی عەرەبیدا دەهێنمەوە، لە نووسینی ئەم زمانەدا هیچ پیتێ بۆ (ی – ئەلفی مەقصورە) و هەمزە و (هێی خڕ) و (تێی خڕ) نییە" (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٥١).

هەروەها (لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی) کە بزرۆکەیان ناو بردووە بە پیتی (ی) بزوێنی (دەنگداری) فرەکورت، بیروڕایان وایە کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i) دراوەتێ، وەك: (وریا – wirya)، بەڵام لە ئەلفوبێی عەرەبیدا وێنەی نییە و پێویست ناکات پیتێکی سەربەخۆی بۆ دابنرێ(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی: ٢٠١٠: ١٥ - ١٦)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بزرۆکەیان بە فۆنیمێکی سەربەخۆ دانەناوە لە زمانی کوردیدا.

(عەبدولاّ حوسێن ڕەسولّ) پێی وایە کە بزرۆکە فۆنیم نییە و پێناسەی فۆنیمی بەسەردا ناسەپیّ، واتە نوسین و نەنوسینی نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و دیاردەیەکی فۆنەتیکییە، وەك: (مأن ، کورأد ، جأوان، / من ، کورد ، جوان)، ئەم دیاردەیە فۆنەتیکییە لە زمانی تریشدا هەیە، وەك لە هەندیّ وشەی ئینگلیزیدا پتر لە سیّ کۆنسنانت بە دوای یەکدا دێن و دیاردەکە بە هێشوە کۆنسنانت ناو دەبەن، وەك: (texts/teksts/)( /ækʃns/ actions).

هەروەها پێی وایە کە بزرۆکە هەندیّ جار لە بڕگەیەکدا دەنگێکی ئارەزومەندە، واتە پەیدادەبیّ یان پەیدانابیّ، وەك لە وشەی (ژوان) ئەگەر بەیەك بڕگەی دابنێین ئەوا بزرۆکە پەیدانابیّ، بەلاّم ئەگەر بە دو بڕگەی دابنێین ئەوا بزرۆکە پەیدا دەبیّ(ژأ/وان)، ئەمەش بەلگەیەکی ترە بۆ ئەوەی بە فۆنیم دانەنریّ و پێویست ناکات نرخێکی بۆ دابنریّ و پیتێکی بۆ تەرخان بکریّ(عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسولّ: ٢٠١١: ٢٧٧ - ٢٧٩).

**٢ – ٢ – ٣) (و)ی درێژ:**

دەنگی [و]ی درێژ لایەنێکی کێشەداری فۆنۆلۆژی و ڕێنوسی کوردییە و هەر لە سەرەتاشەوە زمانەوانەکان هەستیان بە کێشەی ئەم دەنگە کردووە و چەندان بیروڕای جیاوازیان دەربڕیوە و چەندان پێشنیازیان کردووە.

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لەگەلّ ئەوەدا نییە کە ئەم دەنگە بە دو واو بنوسریّ، واتا پێی وایە دانانی دو واو بۆ دەنگی [و]ی درێژ گونجاو نییە، چونکە دەلّیّ: "وەکو ئاشکرایە بۆ هەر دەنگێك لە دەنگەکانی زمانی کوردی پیتێك کراوەتە وێنە، بەلاّم بۆ نیشاندانی دەنگی (و)ی درێژ دوو پیت دانراوە، بیّ گومان هیچ لێکدانەوەیەك ڕێگە بەوە نادات کە دوو پیت بکرێنە نیگاری یەك دەنگ، ئەوەی لایەنگرانی دوو واو نوسینی بە هەلّە بردووە، ئەوەیە کە لە کوردیدا بەرامبەر دەنگی (و)ی درێژ، دەنگی (و)ی کورت هەیە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢١).

هەروەها ئەوەش دەلّیّ: "لەبەرئەوەی گومان لەوەدا نییە، کە لە زمانی کوردیدا بزوێنی (و-u)ی کورت و (وو-û)ی درێژ دوو فۆنیمن، بۆیە دەبیّ هەریەکەیان وێنەی خۆی هەبێت، چونکە گۆڕینی (و-u) بە (وو-û) جیاوازی دەخاتە نێوان وشەوە، بۆ وێنە لە وشەی (کوڕ)دا فۆنیمی (و-u) بکرێتە (وو-û)، وشەکە دەبێتە(کووڕ)" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ١٨، ٢٢، ٢٣).

هەروەها پێی وایە کە (و – کەشیدەیەکی لەسەر) باشترە لە دانانی دو پیت بۆ نیشاندانی یەك فۆنیم، واتا لە ڕوی زانستی زمانەوە (و – کەشیدەیەکی لەسەر) پەسەندترە لە دو (وو)، تەنیا ئەوە نەبێت (و – کەشیدەیەکی لەسەر) گیروگرفتێکی هەیە، ئەویش ئەو کەشیدەیەیە کە لە (فەتحە)ی عەرەبی دەچێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢١ - ٢٢).

هەروەها باس لەوەش دەکات ((کە دەنگی بزوێنی (و)ی درێژ کە لە ڕێنوسدا بە دوو واو یان (و – کەشیدەکی لەسەر) دەبینرێ، هەردوو نیگارەکە باش نین. یەکەمیان واتە دوو واو نوسین – لە ڕووی زانستی زمانەوە هەڵەیە، دووەمیان – واتە (و – کەشیدەکی لەسەر) شێوەی ناحەزە. بۆیە ئەم دەنگە پێویستی بە نیگارێکی نوێی گونجاوە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٦).

واتا (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) پێی وایە کە دەنگی [و]ی درێژ فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، بەلاّم ئەم نیگار و نیشانانە بۆ ئەم فۆنیمە بە نەگونجاو دادەنێ. هەروەها لەگەڵ ئەوەدایە کە سێ (واو) بە دوای یەکەوە بنوسرێ لە یەك وشەدا و دەڵێ: "نادروستی بزوێنی(وو-û) نوسەرانی ناچار کردووە فەزڵی هەڵە بەسەر ڕاستدا بدەن. بۆ نمونە دەنوسن(جوانووەکە، دووەم...) کەچی ڕاستیەکەی (جوانوووەکە، دوووەم،...)یە.ڕاستە لە ڕووی ڕوخسارەوە دوو واو جوانترە و سێ واو بەیەکەوە نووسین ناشرینە، بەلاّم لە ڕووی ناوەڕۆك و واقیعی زمانەوانییەوە دوو واو هەڵەیە و سێ واوە ناشیرینەکە ڕاستە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١١٣ - ١١٤).

(مەسعود محەمەد) پێی وایە کە دەنگی [وو]ی درێژ فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا نییە، کە بە دو (و) بنوسرێ و دەڵێ: "بە هیچ لێکدانەوەیەکی ژیرانە ڕەوا نادیترێ لە بری یەك دەنگ دوو پیت بنووسرێ. تۆ کە هاتی ڕێگەت دا بە خۆت لە وشەی بە واتای (بعید)ی عەرەبی بنووسی (دوور) ئیتر بۆ ڕێگە نادەی بنووسی (ددوورر)چونکە دەنگە بزوێنەکەی نێوان دالەکە و ڕێیەکەش هەر یەك دەنگە، بۆ دەبێ زێدە لە پیتەکانی تری وشەکە ئەو بە تەنیا بە دوو پیت بنوسرێ" (مەسعود محەمەد: ٢٠١١: ٣٠٥ - ٣٠٦).

ئەوانەی بە دو واو دەنوسن دەڵێن چونکە واوی درێژ دو هێندەی کورتە بزوێنی (بۆرە(ضمة)ی عەرەبی)یە، بۆریش بە یەك واو دەنوسین. جێی خۆیەتی ئەویان بە دو واو بنوسرێ.

(مەسعود محەمەد) دەربارەی ئەم بۆچونە دەڵێ: "ئەم لێکدانەوەیە ڕاستی گەورەتر و گرینگتری لە بیرچووە: یەکەم: دەبوو لە ڕێی قیاسەوە ئەلفیش بە دوو نیشانەی سەر(فەتحەی عەرەبی)بنوسرێ چونکە دەڵێن دەنگی ئەلف دوو هێندەی دەنگی فەتحە درێژە. دووەم: واوی درێژ چ کراوە بێت (ۆ) و چ تیژ بێت یەك دەنگە نەك دوو دەنگ بەو پێیە دەبێ واوی کراوەش بە دوو پیت بنوسرێ یا واوی تیژ نیشانەی بۆ دابندرێ. ڕاستییەکەی تێکڕای دەنگە تەواوەکان بە کۆنسنانت و بزوێنییەوە مافی ئەوەی دەبێت بە دوو پیت بنووسرێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٤ - ٢٧٧).

هەروەها (مەسعود محەمەد) باس لەوەش دەکات کە هیچ کێشەیەکی نابێت ئەگەر هەر نیشانەیەکی تر دابنرێ بۆ (و)ی درێژ بۆ جوداکردنەوەی لە کورتە بزوێنی (و)، جگە لە دو (و) و دانانی دو پیت، هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکات کە هەشتێکی بچوك کە دەکاتە حەفتی بەرەواژ بکرێتە نیشانە بۆ واوی تیژ یاخود واوی درێژ(مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٧، ٣٥٥).

(عەبدولا حوسێن ڕەسول) پێی وایە کە لە زمانی کوردیدا دو (و) نوسین بۆ (و)ی درێژ هەڵەیە و دەڵێ: "لە کوردیدا دەنگی (و) کورت بێ یان درێژ، یەك فۆنیمە و پێویست بەوە ناکا، بە دو شێوە بنوسرێ" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول: ٢٠١١: ٢٧٢ - ٢٧٣)، چونکە ((هەرچەندە کورت و درێژی پیتەکە دەستکاری و ئاڵوگۆڕ بکرێ واتای وشەکە ناگۆڕێ، جگە لە وشەی (کوڕ)، لە درێژ کردنەوەی (و)دا، واتای دەگۆڕێ و دەبێتە (کووڕ)، واتا ئەم وشەیە لە گریمانەکە ناوێزە دەردەچێ و دەشێ، ئەم تاکە وشەیە بە دو (و) بنوسرێ، واتە وشەی (کوڕ) سێ فۆنیمە : (ك + و + ڕ)، بەڵام وشەی (کووڕ) چوار فۆنیمە: (ك + و + و + ڕ) )) (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول: ٢٠١١: ٢٧١ - ٢٧٢).

(نوری عەلی ئەمین) دەربارەی (و)ی درێژ دواوە و هەستاوە بە دانانی دو پیت لە تەنیشت یەکەوە بۆ دروستکردنی وێنەی دەنگی [و]ی درێژ، کە پێی وایە ئەم ڕێگەیە چارەسەرییەکە بۆ سازدانی وێنەی ئەو دەنگانەی کە لە زمانەکەماندا نین(نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٦: ١٧، ٢١). کە نمونەی بۆ هێناوەتەوە، وەك: پوور ، کووڕ.

هەروەها دەربارەی (و)ی درێژ چەند پێشنیازێك و چەند بیروڕایەکی خستۆتە ڕو کە دەڵێ: "یان هەروەك خۆی بمێنێتەوە وەك خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون بە دوو واو بنوسرێت، وەك: کەڕوو ، بەڕوو ، یان لەبری واوی دووەم نیشانەی (٨)ی بخرێتە سەر، وەیان نیشانەیەکی گونجاوتر" (نوری عەلی ئەمین: ١٩٨٢: ٣٦٥ - ٣٦٦).

هەروەها دەڵێ: "بیروڕای من بەرانبەر بە پیتە بزوێنی واو ئەمەیە: ١- شێوەی دەنگی بزوێنی (و) لە شێوەی نەبزوێنی (و) لە نوسیندا جیابکرێتەوە چونکە بەکارهێنانی شێوەیەك بۆ دوو دەنگ یان پتر لەنگی یە. ٢- بزوێنی واو بە پێی پلەکانی یان شێوەیان بۆ سازبدرێت، یان هەموویان بە یەك واو بنووسرێن و لەم گیرە کردنە رزگارمان ببێت، وەك: کوڕ ، کوڕ(کووڕ) ، شوان ، وشە" (نوری عەلی ئەمین، ١٩٨٢: ٣٦٨).

(نەسرین محەمەد فەخری) پێی وایە نوسینی دو (و) بۆ دەنگی [و]ی درێژ نە شتێکی هەڵەیە و نە سەیرە، دەڵێ: " (وو) ئەمە هەمیشە بزوێنە و بزوێنێکی درێژە وەك دەزانین لە شێوەی دوو (و)دا دەنوسرێت" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٨٢: ٤٢٤) بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی خۆی دەڵێ: "بۆ نمونە سەرنجدانی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ..." (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٨٢: ٤٢٤).

(محەمەد مەعروف فەتاح) پێی وایە کە دەنگی (و)ی درێژ بریتی نییە لە دو (و) و دەڵێ: "ڕێنوسەکەی کۆڕی زانیاری بۆ دەربڕینی دەنگی û دەنگ دوبارە ناکاتەوە و سەری بەکارهێناوە، کە لەڕووی فۆنەتیکەوە کۆڕ ڕاستتر بۆ مەسەلەکە چووە، چونکە زانستانە ئەتوانین ئیسپاتی کەین کە دەنگی û بریتی نیە لە (و + و) بەڵکو دەنگێکی تایبەتیترە" (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٤٤).

(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمییای کوردی) پێیان وایە کە دەنگی [وو] فۆنیمە و جیاوازی دەخاتە نێوان وشەکانەوە و وشەی نوێ پەیدا دەکات، وەك (کوڕ و کووڕ)، هەروەها پێیان وایە کە فۆنیمی /وو/ لە زمانەکەماندا، لە بنچینەدا هیچ کێشەیەکی نییە، هەرچەندە دوو هێما (نیشانە) بۆ دەنگێك بەکارهێنراوە، پێیان وایە کە دەرکەوتنی سێ واوی بەدوای یەکدا لەو وشانەدا کە بە دو (و) کۆتاییان دێت، لەباری خستنەسەردا زۆر ئاساییە و کێشە دروست ناکات، ئەگەر واوی خستنەسەرەکە، کەمێك لە دو (و)ەکەی وشەکە دوور بخرێتەوە(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی: ٢٠١٠: ١٢ - ١٣). وەك: بەڕوو و مازوو ، مێژوو و جوگرافیا.

هەروەها لە کتێبی (ڕێنوسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنوسی گشتی)دا ئاماژە بە فۆنیمی (و)ی درێژ کراوە و نیشانەی (وو)ی بۆ کراوە بە پیت و جیاکراوەتەوە لە (و)ی کورتە بزوێن بەوەی کە (و)ی بزوێنی درێژ لەسەرەتای وشە و بڕگەدا دەرناکەوێ بەڵکو لە ناوەڕاست و کۆتاییدا دەردەکەوێ (وریا عومەر ئەمین و سێ زماننـاسی تر: ٢٠١٣: ١٨). وەك: سنوور، بازوو، خەڵووز، دوو، موو، خەسوو.

### ٢ – ٢ – ٤) (ی)ی درێژ :

ئەمەش یەکێکە لەو دەنگانەی کە بیروڕای جیاوازی لەسەرە و بە یەکێك لە دەنگە کێشەدارەکانی زمانی کوردی دادەنرێ.

(مەسعود محەمەد) بیروڕای وایە کە دەنگی [ی] درێژ لە زمانی کوردیدا هەیە و فۆنیمە کە دەڵێ: "بەشێك لەوانەی بە ڕێنوسەوە خەریکن دەڵێن پێویست نییە ئەم بزوێنە درێژە لە کورتە بزوێنی ژێر جودابکرێتەوە، گۆیا تەنیا لە چەند وشەیەکدا هەست بە درێژبونەوەی دەکرێت" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٧). دوای ئەوە دەڵێ: "کورتەی قسە ئەوەیە کەوا هەبوونی هەردوو دەنگی کورت و درێژی بزوێنی (ی) لە کوردیدا شتێك نییە دەمەتەقە هەڵبگرێ، دەمێنێتەوە بڵێین ئایا پێویست هەیە یا نییە بۆ جوداکردنەوەیان لە نوسیندا" (محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٧ - ٢٧٨).

(مەسعود محەمەد) دەربارەی جوداکردنەوەیان لە نوسین دەڵێ: "دوو خاڵی گرینگ لەو کێشەدا هەیە نابێ بن لێو بخرێ. یەکەمیان ئەوەیە ئێمە بەتەماین ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی بە کێشانە و پێوان و لێکدانەوەی زانستکارانە بچەسپێنین و لەبەر تیشکی مەنتیقدا بڕیاری بۆ بدەین. دووەمیان ئەوەیە بێگانە لەخۆوە ناتوانێ فەرقی خوێندنەوەی یێی درێژ و کورت بکات ئەگەر لە نوسیندا ڕێنمای نەکرێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٨).

هەر لەبەر ئەوەشە کە دواتر دەڵێ: "دەبێ ملکەچ بین بۆ ئەو بڕیارە بەدیهییەی کە دەڵێ یەك پیت بۆ یەك دەنگ دابندرێ، ئەوەی ڕاستیش بێت مەنعکردنی دوو (ی) لە بری یێی تیژ پێویستترە لە مەنعکردنی

دوو واو چونکە پێی وایە کە لە هەندێ وشەدا ئەگەر بێت و لە بری (ی) درێژ بێین دو (ی) بنوسین و دواتر (ی) خستنەسەریان بۆ زیاد بکەین ئەوا لەو کاتانەدا چوار (ی) بە دوای یەکدا دێن وەك (لادێییی شارەزوور)، پێویستە بەلای منەوە بەلای واقیعیشەوە، یێی تیژی درێژ لە نووسیندا لە کورتە بزوێنی یێ جودا بکرێتەوە" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٩)، کە پێشنیاز دەکات و دەڵێ: "ناشێ بۆ تاکە دەنگێك دوو پیت دابندرێ و دەبێ نیشانە بخرێتە سەر یێی تیژەوە، وەهاش پەسەند دەکەم نیشانەکە هەشتێکی بچووك بێت کە دەکاتەوە حەفتی بەرەواژ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٣٥٥).

(ئەورەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێ: "بزوێنی (ی - اٖ) لە زمانی کوردیدا یەك فۆنیمە، نەك دوو، هەرچەندە هەندێ جار کورت و هەندێ جار درێژ تەلەفوز دەکرێت، بەلام ئەمە دەوری واتا گۆڕی نابینێ جا کە دەوری واتا گۆڕشی نەبینی، ئەوە فۆنیمی تر ناهێنێتە کایەوە، کە فۆنیی تریش نەبوو پێویست بە نیگاری تر ناکات لە دەیان وشەی وەك: (پیر، تیر، شیر، میر، سیر، هەنجیر، پەنیر)دا کە بزوێنی (ی) درێژ بەدەمدا دێت، ئەگەر کورتیش بکرێتەوە وشەی نوێ پەیدا نابێ" (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٣). هەروەها بۆ زیاتر هێنانەوەی بەڵگە بۆ قسەکانی پێی وایە کە (هەموو (ی - اٖ)یەکی ناوەڕاستی وشە درێژە یان هەندێ جار هێز دەکەوێتە سەری و درێژ گۆدەکرێ. هەروەها (ی – اٖ) کۆتای وشەش کە هەندێ جار کورت دەردەبڕێ هۆی ئەوەیە کە هێزی لەسەر نییە یان بوەتە (ی – y)ی کۆنسنانت، جا بەو پێیە نووسینی بزوێنی (ی - اٖ) چ بە دوو (ی) و چ بە (ی – کەشیدەکی لەسەر) هەڵەیە) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٣). واتا ئەو پێی وایە یەك بزوێنی (ی) هەیە و دەبێ بە یەك (ی) بنوسرێ.

(نوری عەلی ئەمین) دەربارەی (ی) درێژ دواوە لە نوسینەکانیدا، هەروەکو دەردەکەوێ دەنگی [ی]ی درێژی بە فۆنیمێك داناوە لە زمانی کوردیدا وەك (شیر)، هەروەها پێی وایە بەکارهێنانی یەك شێوە بۆ دو دەنگی جیاوازی وەکو (ی) کۆنسنانت و (ی) ڤاوڵ لە نوسیندا لەنگیە، بۆ نمونە لە وشەی (یاری)دا پیتی (ی) یەکەم کۆنسنانت و (ی) دووەم ڤاوڵە، بۆیە دەڵێ: "بە بیروڕای من لەبری ئەو کەشیدەیەی کە کۆڕ دایناوە بۆ (ی) درێژی ڤاوڵ، هێمای (٧) بخرێتە ژێر (ی) ڕەنگە پەسەندتر بێت" (نوری عەلی ئەمین: ١٩٨٢: ٣٦٩ - ٣٧٠). هەروەها بیروڕای وایە کە لە هەندێ وشەدا دو (ی) بە دوای یەکدا دێن کەجیان لە (ی) درێژ و یەکێکیان لەو (ی)یانە کۆنسنانتە و یەکێکیان ڤاوڵە، وەك: (پاییز ، ئاوایی)، کە ئەم دوو (ی)یە برگە پێکدەهێنن(نوری عەلی ئەمین: ١٩٨٢: ٣٧٢ - ٣٧٣).

**٢ – ٢ – ٥) (و):**

ئەم دەنگەش كێشەی لەسەرە، چونكە لە لای زمانەوانان جارێك بە ڤاوڵ (و - u) دانراوە و جارێك بە كۆنسنانت (و - w) دانراوە و لە یەكتریش جیانەكراونەتەوە.

(مەسعود محەمەد) دانانی پیتی (و) بۆ كورتە بزوێنی (و) بە ڕاست نازانێ و دەڵێ : "دەبوایە ئەم واوە بۆ واوی كۆنسنانت و واوی تیژی درێژ دابندرێ، چونكە ئەوان دەنگی سەربەخۆ و تەواون نەك كورتە بزوێنی (و)، كە لە كورتكردنەوە و لێبڕینەوەی دەنگی بزوێنی درێژی واو پەیدادەبێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٩). هەروەها پێی وایە كە (و)ی كۆنسنانت هەڵەی تێدا ناكرێ و لە سێ شوێندا دێت: ١- لەسەرەتای وشە. ٢- لە دوای بزوێنەوە. ٣- لە پێش بزوێنەوە، دواتر دەڵێ: "لەم سێ شوێنە ئیمكان نییە بزوێنی واو و یێ بێت" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٠٨). وەك: وەرە، گەورە، واز، سروە.

هەروەها (مەسعود محەمەد) باس لەوەش دەكات و دەڵێ: "شكڵی كورتە بزوێنی (و) لەگەڵ شكڵی (و)ی بزوێنی درێژ وەها نەقشبەستوو بووە تازە هەڵناوەشێتەوە. لەبەر ئەمە هەردەمێنێتەوە نیشانە بۆ دەنگی واوی تیژی درێژ دابندرێت" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٨٠). بڕواشی وایە كە واوی كۆنسنانت بنەمای هەمو شێوەكانی دیكەی واوە، وەك واوی تیژی درێژ و كورتە بزوێنی واو، كە دەربارەی كورتە بزوێنی واو دەڵێ: "ئەم واوەیان دەنگێكی ناتەواوی سەربەخۆیە و بە دوا كۆنسنانتدا دەشێ دەركەوێ و لە كورتكردنەوەی واوی تیژ پەیدادەبێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٩٧). هەروەها دەڵێ: "دەنگی (و) چ بزوێن بێ وەك (دوور) چ كۆنسنانت بێ وەك (ڕاو) هەرخۆیەتی و ئەم قابلیتەی هەیە لەمەشدا گۆڕانی شكڵی دەنگەكان لە ڕێنوسی لاتینیدا چ بایەخێكی نییە. بەڵگەی یەكبوونی ئەم دەنگانە زۆرە" (مەسعود محەمەد: ١٩٧٤: ٦٢٠ - ٦٢١). وەك: كە گوتت (بەرد و دار ، نوست) لێرەدا (و)ەكە ڤاوڵە، بەلآم كە گوتت (چرا و نەوت ، دەنوێ) لێرەدا (و)ەكە كۆنسنانتە.

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە بارەی گیروگرفتی دەنگی [و] دواوە و دەڵێ: "یەكێك لەو ڕەخنانەی لە گشت شێوە ڕێنوسێكی كوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی هەڵدەستێ، ئەوەیە كە بزوێنی (و - u) لەگەڵ كۆنسنانتی (و - w) لە یەك جیانەكراونەتەوە، كە دەنگی (و - u) لە گۆكردن و ئەركیدا لە كۆنسنانتی (و - w) جیاوازە، بۆیە دەبوو لە ڕێنوسدا نیگاریان ڕەنگی ئەو جیاوازییەی وەربگرتایە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٨). پێی وایە و دەڵێ: "نەبوونی نیشانەیەك بۆ كۆنسنانتی (و – w ) بووەتە هۆی كێشەیەكی گەورەی ڕێنوسی كوردی و ئەم ناتەواوییە نەك هەر سەری لە قوتابیان، بەڵكو سەری لە هەندێك زمانەوانیش تێكداوە، لەبەرئەوە دانانی وێنە بۆ ئەم دەنگە كارێكی زۆر پێویستە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٧) و دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ (و - u)ی ڤاوڵدا جیابكرێتەوە و چارەسەری گیروگرفتی ڕێنوس بكات.

(نەسرین محەمەد فەخری)یش باس لە گیروگرفتی دەنگی [و] دەکات و دەڵێ: "ئەم دەنگە کپە و بزوێنیشە، بە لاتینی W بۆ کپ و U بۆ بزوێن بەکاردێت" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٢٨). چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە بۆ ئەم دو جۆرە (و)ە، یەکەم: (و - W) وەکو کۆنسنانت: ڕاو ، وەرز ، ڕەوڕەوە، نەوە...هتد، کە دەڵێ: "لە لاتینی دا دیار و ئاشکرایە بەلاّم نووسینی بە عەرەبی دەتوانین دووبارە بە ئاسانی لە (و)ی بزوێنی جودا بکەینەوە بە سەرنجدانی ئەم تێبینیانەی خوارەوە: ١- ئەگەر کەوتە سەرەتای وشە، چونکە هیچ وشەیەك بە بزوێن دەست پێناکات. ٢- ئەگەر کەوتە دوای بزوێن، چونکە دوو بزوێن دوا بە دوای یەك نایێت. ٣- ئەگەر کەوتە دوای بزوێنێك و پێش پیتێکی کپ، وەك: ڕەوشت ، وشە ، ورچ. یەك: چونکە ئەو بزوێنە دەکەوێتە نێوانیان کە وێنەی نییە لەم (ئەلفوبێ)یەدا، (i)یە لە لاتینیدا – دوو: چونکە لەو شوێنانەدا بڕگە دروست دەکات، هیچ بڕگەیێکیش بێ بزوێن دروست نابێت" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٢٩). دووەم: (و - U) وەکو ڤاوڵ: کوڕ ، نوستن ، پوختە ...هتد، کە دەربارەی ناسینەوەی ڤاوڵی (و - U) دەڵێ: "ئەمیش بە ئاسانی دەناسرێت، چونکە دوای دەنگی کپ دێت و دەبێت بە بزوێن بۆی، هەروەها دوو دەنگی کپ دوا بە دوای یەك نایێت و ناکەوێتە سەرەتای وشە و بڕگە" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٢٩).

هەروەها بە (پێی ڕاسپاردەکانی ڕێنوسی یەکگرتوی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق) بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە دەنگی ڤاوڵی [ و – U ] هەمان نیشانە و پیتی دەنگی کۆنسنانتی [ و – W ] ی بۆ دابنرێ و لە یەك جودانەکرێتەوە(ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆری زانیاری عێراق – دەستەی کورد: ١٩٨٧: ٨ - ١١). وەك: (و - W )ی کۆنسنانت: وازی ، وەرە ، (و - U)ی ڤاوڵ: گوڵ ، کوڵ.

(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی) باسیان لە گیروگرفتی دەنگی [و] کردووە و ئاماژەیان بەوە داوە کە (( (و)ی کورت (U)، کە بۆری عەرەبی دەگرێتەوە، وەك: (کوڕ ، قوڕ ، لوڕ ...تاد)، بە یەك (و)ی، بێ نیشانە دەنووسرێت، بەلاّم ئەم تیپە، لە شێوەی نووسیندا هەر شێوەی (و)ی، کۆنسنانتەکەی هەیە، بە لاتینی (W)، بەلاّم لە ڕاستیدا لە ڕووی (سیاق)ەوە، لە یەکتر جیاوازن)) (لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی: ٢٠١٠: ١٢).

(بەدران ئەحمەد حەبیب) باسی لە گیروگرفتی پیتی (و) دەکات و پێی وایە کە هەمان نیشانە بۆ (و - W) کۆنسنانت و (و - U) ڤاوڵ دانراون، کە دەڵێ: "هەر وشەیەك بە پیتی (و) دەست پێبکات بە یەك (و) دەنووسرێت" (بەدران ئەحمەد حەبیب: ٢٠٠٥: ٩). وەك: وریا ، وڵات.

هەروەها ئەوەش دەڵێ: "هەندێك لە نوسەران پێیان وابووە کە وشەی (شوان ، لوا ...) دەبێ بە (و)ی درێژ (وو ؛ û ) بنووسرێت، واتە (شووان ؛ sûwan) (لووا ؛ Lûwa) بە هەمان شێوەش لە برێتی (توانا ، ڕوا ، کوا...) دەنووسن (تووانا، ڕووا، کووا...). لە ڕاستیدا ئەگەر دوو وشەی یەکەم و دووەم (واتە: شوان و لوا) بە کرمانجی سەروو و ئەلفوبێی لاتینی بنووسینەوە کە (شڤان و لڤا)ن، دەبینین یەك دەنگی (ڤ) دەچێتە جێگەی (و) و ، دەبن بە (Liva , Şivan) ئەمەش بەڵگەیەکی بنبڕە بۆ ئەوەی تێبگەین یەك (و)ەو ئەویش (و ؛ W)ی کۆنسنانتە" (بەدران ئەحمەد حەبیب: ٢٠٠٥: ٧).

٢ – ٢ – ٦) (ی):

ئەم دەنگەش کێشەی لەسەرە، چونکە لە لای زمانەوانان جارێك بە ڤاوڵ (ی - î) دانراوە و جارێك بە کۆنسنانت (ی - y) دانراوە و لە یەکتریش جیانەکراونەتەوە.

(مەسعود محەمەد) دانانی پیتی (ی) بۆ کورتە بزوێنی (ی) بە ڕاست نازانێت و دەڵێ : "دەبوایە ئەم یێ یە بۆ یێی کۆنسنانت و یێی تیژی درێژ دابندرێ، چونکە ئەوان دەنگی سەربەخۆ و تەواون نەك کورتە بزوێنی (ی)، کە لە کورتکردنەوە و لێبڕینەوەی دەنگی بزوێنی درێژی یێ وە پەیدادەبێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٩). هەروەها پێی وایە کە (ی)ی کۆنسنانت هەڵەی تێدا ناکرێ و لە سێ شوێندا دێت: ١- لەسەرەتای وشە. ٢- لە دوای بزوێنەوە. ٣- لە پێش بزوێنەوە ، دواتر دەڵێ: "لەم سێ شوێنە ئیمکان نییە بزوێنی واو و یێ بێت" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٨٠). وەك: یار ، دایك ، سەیران.

هەروەها (مەسعود محەمەد) باس لەوەش دەکات و دەڵێ: "شکڵی کورتە بزوێنی (ی) لەگەڵ شکڵی (ی)ی بزوێنی درێژ وەها نەقشبەستوو بووە تازە هەڵناوەشێتەوە. لەبەر ئەمە هەر دەمێنێتەوە نیشانە بۆ دەنگی یێی تیژی درێژ دابندرێت" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٨٠).

هەروەها دەڵێ: "دەنگی (ی) چ بزوێن بێ وەك (ژی) چ کۆنسنانت بێ وەك (یار) هەرخۆیەتی و ئەم قابلیتەی هەیە لەمەشدا گۆڕانی شکڵی دەنگەکان لە ڕێنوسی لاتینیدا چ بایەخێکی نییە. بەڵگەی یەکبوونی ئەم دەنگانە زۆرە" (مەسعود محەمەد: ١٩٧٤: ٦٢٠ - ٦٢١). وەك: کە گوتت (بەردی بەست ، گرتی) لێرەدا (ی)ەکە ڤاوڵە، بەڵام کە گوتت (برای من ، کێلأی) لێرەدا (ی)ەکە کۆنسنانتە.

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە بارەی گیروگرفتی دەنگی [ی] دواوە و دەڵێ: "یەکێك لەو ڕەخنانەی لە گشت شێوە ڕێنوسێکی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی هەڵدەستێ، ئەوەیە کە بزوێنی (ی - î) لەگەڵ کۆنسنانتی (ی - y) لە یەك جیانەکراونەتەوە، کە دەنگی (ی - î) لە گۆکردن و ئەرکیدا لە کۆنسنانتی (ی - y) جیاوازە، بۆیە دەبوو لە ڕێنوسدا نیگاریان ڕەنگی ئەو جیاوازییەی وەربگرتایە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٨). پێی وایە و دەڵێ: "نەبوونی نیشانەیەك بۆ کۆنسنانتی (ی – y ) بووەتە هۆی کێشەیەکی گەورەی ڕێنوسی کوردی و ئەم ناتەواوییە نەك هەر سەری لە قوتابیان، بەڵکو سەری لە هەندێك زمانەوانیش تێکداوە، لەبەرئەوە دانانی وێنە بۆ ئەم دەنگە کارێکی زۆر پێویستە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٧) و دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ (ی - î)ی ڤاوڵدا جیابکرێتەوە و چارەسەری گیروگرفتی ڕێنوس بکات.

هەروەها بە (پێی ڕاسپاردەکانی ڕێنوسی یەکگرتوی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق) بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە دەنگی ڤاوڵی [ ی – Î ] هەمان نیشانە و پیتی دەنگی کۆنسنانتی [ ی – Y ] ی بۆ دابنرێ و لە یەك جودانەکرێنەوە(ڕێنوسی کوردی بەپێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد: ١٩٨٧: ٨ - ١١).

وەك: (ی - Y )ی کۆنسنانت: یادگار، یازدە، (ی - Î)ی ڤاوڵ: پەری، تیر.

(نەسرین محەمەد فەخری)یش باس لە گیروگرفتی دەنگی [ی] دەکات و دەڵێ: "دەنگی (ی) کپە و بزوێنیشە، لە لاتینیدا بۆ کپ Y و بۆ بزوێن Î دەنوسرێت، پێی وایە ڤاوڵی (ی - Î) بەو جۆرە دەناسرێتەوە: ١- ئەگەر بزوێن بوو: بە هیچ جۆرێك ناکەوێتە سەرەتای وشە و بڕگە. ٢- دوا بە دوای پیتێکی کپ دێت" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣٠ - ٣١). وەك: لیر ، بیر ، سیر، هەروەها بۆ ناسینەوەی کۆنسنانتی (ی - Y) دەڵێ: "ئەگەر بزوێن نەبوو: ١- دەکەوێتە سەرەتایی وشە: یار. ٢- دوای بزوێنێك دێت، واتە بزوێنێکی پێش دەکەوێت: ئاو، پەیمان، دەکەوێتە نێوانی بزوێن و دەنگێکی کپ. ٣- دوای پیتێکی کپ و پێش بزوێن هات وەك: پیاو ٤- ئەگەر دوای بزوێن و پێش دەنگێکی کپ هات وەك: پایز" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣١).

(بەدران ئەحمەد حەبیب) باسی گیروگرفتی پیتی (ی) دەکات و دەڵێ: "گیروگرفتێکی زلی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ئەوەیە کە بۆ هەردوو پیتی (Y) و (Î)ی لاتینی تەنیا یەك نیشانەی پیت هەیە کە ئەویش (ی)ە. نەبوونی ئەو جیاوازییە سەری لە نووسەرانیش شێواندووە نەك تەنیا هەرخوێنەران، بۆیە لە کاتی بەدوای یەکتردا هاتنی (Y) و (Î) کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەردووکیان هەر (ی)ن، گیروگرفت دروست دەبێ" (بەدران ئەحمەد حەبیب: ٢٠٠٥ : ٧). وەك: زەوییەکە، کە لێرەدا (ی)ی یەکەم کۆنسنانتە و (ی)ی دووەم ڤاوڵە، کە دەڵێ: "لەڕاستیدا (ی) ڤاوڵ و (ی) کۆنسنانت لەیەکتر جیاوازن و لە کاتی بەدوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن" (بەدران ئەحمەد حەبیب: ٢٠٠٥: ١٠). پێشی وایە کە هاتنی سێ پیتی (ی) بەدوای یەکتردا ئاساییە و بگرە پێویستیشە و دەبێ بەسەر یەکەوە بنوسرێن(بەدران ئەحمەد حەبیب: ٢٠٠٥: ٧ - ٨). وەك: (شاییەکە)، کە (ی)ی یەکەم و سێیەم کۆنسنانتە و (ی) دووەم ڤاوڵە.

(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی) باسیان لە گیروگرفتی پیتی (ی) کردووە، باس لەوە دەکەن کە لە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ پیتی (ی)ی کۆنسنانت و (ی)ی ڤاوڵ یەك نیشانە و وێنە دانراوە و بە یەك شێوە دەنوسرێن، بەلاّم لە ئەلفوبێی لاتینیدا پیت و نیشانەی جیاوازیان بۆ دانراوە، بۆ (ی)ی کۆنسنانت (Y) دانراوە و بۆ (ی)ی ڤاوڵ (Î) دانراوە(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی: ٢٠١٠: ١٥).

هەروەها لە کتێبی (ڕێنوسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنوسی گشتی) باس لە گیروگرفتی پیتی (ی) کراوە و پێیان وایە (( (ی) کورت بێت، درێژ بێت، بزوێن بێت لە نووسیندا لێك جیاناکرێتەوە))

(وریا عومەر ئەمین و سێ زمانناسی تر: ٢٠١٣: ١٩). وەك: گوڵی سوور ، ئاسمانی شین ، چیای بەرز ، دۆی ترش ، یاسای ڕێزمانی ، یاریی منداڵان.

**دیفتۆنگ(Diphthong):**

بەرلەوەی باس لە گیروگرفتی دیفتۆنگی (وێ) و (نگ) بکەین، دەبێت ئەوە بزانین کە دیفتۆنگ چییە و چۆن پێناسە دەکرێ، دیفتۆنگ بریتییە لەو دەنگانەی کە لە تێکەڵبونی دوو دەنگی تری سەربەخۆوە دروست دەبێت، کە هیچ کامێکیش لەم دەنگانە نییە.

دیفتۆنگ کێشەی لەسەرە و هەندێ زمانەوان بیروڕایان وایە کە دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا نییە و هەندێکی تر پێیان وایە دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەیە.

**٢ – ٢ – ٧) دیفتۆنگی (وێ):**

ئەم دیفتۆنگە بە یەکێك لە کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی دادەنرێ و بیروڕای جیاوازی لەسەرە.
(مەسعود محەمەد) باسی دیفتۆنگی (وێ) دەکات و پێی وایە کە تایبەتە بە ناوچەی سلێمانی و دەڵێ: "لە بارەی (وێ)وە وەك لە وشەکانی (خوێ ، نوێژ ، توێژ، سوێ، دوێنێ)دا بە پێی دەربڕینی دانیشتوانی سلێمانی و هەندێ جێگەی دیکەی کوردەواری دەبیسرێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٨٣). هەروەها دواتر دەڵێ: "ئەوەی بەڵام وەك بەدیهییە وایە ئەوەیە کە دیفتۆنگی (وێ) لەڕاستیدا دیفتۆنگ نییە بەڵکو واوی کۆنسنانت و بزوێنی (ێ) کراوەیە و بەشی هەرە زۆری کورد بەوجۆرەی دەردەبڕن کە لە کۆنەوە گوتراوە و نووسراویشە، بەڵام بەشێك لە دانیشتوانی هەندێ ناوچەی کورد لە شێوەی دیفتۆنگ دەری دەبڕن، واتە دیفتۆنگەکە هی زمانی کوردی بەرفرەوان و ڕەسەن نییە" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٨٣).

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەشی کە دیفتۆنگی (وێ) ڕەسەن نییە چەند بەلگەیەك دەهێنێتەوە:
یەکەم: لە کۆنەوە وشەکان بە دوو پیتی تەواوی واو و یێ نوسراون و بە پێی بەدوایەکتردا هاتنیشیان لە نوسیندا گوتراون و خوێندراونەتەوە، بۆنمونە وشەی (نوێژ ، درێژ) هەردوکیان وەکو یەکتری نوسراون.
دووەم: لە شیعری شاعیرەکانی باباندا ئەم وشانە کە هاتبن، وەك کە نوسراون، خوێندراونەتەوە، بۆ نمونە (نالی) دەڵێ:

هەر جۆگە و جێگایە کەوا سوور و سوێر بێ

جێی جۆششی گریانی منە خوێ نەڕژاوە

لەم شیعرەدا ئەگەر لە وشەی (سوێر)، (وێ) دیفتۆنگ بێ کێشی شیعرەکە تێکدەچێ، کەواتە دەردەکەوێ لە شیعری شاعیرانی باباندا ئەو وشانە بە دوو دەنگی ئاشکرا و سەربەخۆ تێیدا بەکارهاتووە.

سێیەم: بەشی هەرە زۆری کورد لەو وشانەدا واو و یێ دەردەبڕێ و دیفتۆنگەکە بە زمانیدا ناهێنێ و پێشی ناکرێ دەری ببڕێ، هەر ئەمەش ڕێك دێت لەگەڵ نەبوونی دیفتۆنگ لەو وشانەدا وەك لە شیعریشدا دیفتۆنگیان تێدا نەبوو(مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٨٤ - ٢٨٦).

ئەوەش دەڵێ: ((دیفتۆنگی (وێ) دیفتۆنگێکی نەژادی نییە، چونکە بریتین لەو دەنگە ئاشکرایانەی بە نووسین دەیاننوسین.)) (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٣٥٥).

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش باسی دیفتۆنگی (وێ) دەکات، بیروڕای وایە لە زمانی کوردیدا دیفتۆنگ هەیە، کە سێ دیفتۆنگی دەستنیشان کردووە، کە یەکێکیان دیفتۆنگی (وێ)یە(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٩). وەك: نوێژ ، گوێز ، گوێ...، دەڵێ: "بزوێنی دولانەی (وێ) تەنیا لە ناوچەی سلێمانی و موکریان و هەندێ شوێنی دیکەی کوردستان باون. دەنا لە زۆربەی دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی کوردیدا بە جۆرێکی تر خۆیان دەنوێنن، واتە — هەردوو دەنگی (و - ێ) بێ تێکەڵبوون تەلەفوز دەکرێن" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٢٩ - ٣٠). هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکات کە نیگاری دیفتۆنگی (وێ) زو چۆن بووە ئاوا بمێنێتەوە.

(محەمەد مەعروف فەتاح) باسی دیفتۆنگی (وێ) دەکات و پێی وایە ئەم دیفتۆنگی (وێ)یە فۆنیمە لە زمانی کوردیدا و دەڵێ: "هەندێك لە زمانەوانە کورد و بێگانەکان دان بەوەدا نانێن کە دەنگی (Ö)(وێ) فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، ئاشکرا و بەڵگە نەویستە کە ئەم بزوێنە لە وشەی (خوێن) و (جوێن) و چەند وشەیەکی تری ئەم دیالێکتە بەرچاو دەکەوێت و فۆنیمێکی تەواوە چونکە: ١- لە هەندێ دیالێکتی کوردیدا نییە. ٢- بلاّوی کەمە، بە واتای ئەوەی لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا دەبینرێت. ٣- لە وشەدا شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و ناگوێزرێتەوە، بە واتایەکی تر تەنیا لە ناوەڕاستی وشەدا دێت و جەمسەرەکان ناگرێت" (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣١). دواتر بۆ زیاتر سەلماندنی بۆچونەکەی دەڵێ: "لێرەدا ئەبێت بزانین کە تەواوی یان ناتەواوی لە نرخی ئەم دەنگە کەم ناکاتەوە چونکە دەنگەکە واتای وشە دەگۆڕێت" (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣١). وەك بە بەراوردکرنی ئەم دو ڕیزە وشەیە دەردەکەوێ:

(سوێر ، سەر) (کوێر ، کەر ، کار)

هەروەها بڕوای وایە ئەو بزوێنەی وشەی (خوێن) جیاوازە لەو دەنگەی لە (وێڵ) یان لە (ئەدوێ)دا دەبینرێت، هەروەها پێشی وایە هەردو دەنگی [و ] و [ێ] بە پێچەوانەشەوە واتە (ێ + و) دەبینرێن، وەك: دێو ، خێو، بەلاّم دەنگی نوێ ناهێننە کایەوە، ((کەواتە دەنگی (Ö)(وێ) لە کوردیدا فۆنیمێکی سەربەخۆیە وەك هەموو بزوێنەکانی ترو دەبێ نرخی خۆی بدرێتێ، ئەوەی زیاتر سەری لێ تێك داوین لێرەدا ئەوەیە کە ڕێنوسی کوردی ئێستەمان بەرامبەر ئەم فۆنیمە نیشانەیەکی دوو کەرتی بەکاردێنێت)) (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٢ - ٢٣٣). پێشنیازی ئەوەش دەکات کە نیشانەیەکی نوێ بۆ دەنگی [Ö] [وێ] دابنرێ و پێشی باشە ئەم نیشانەیە لە (ی) و (و) وەرنەگیرێت، تا زیاتر سەر تێك نەدات.

(وریا عومەر ئەمین) پێی وایە دیفتۆنگی (وێ) فۆنیم نییە لە زمانی کوردیدا و دەڵێ: "هەندێ زمانەوان هەن ئەو (وێ)یەی لە وشەی وەکو (شوێن) و (خوێن) و (سوێند)دا دەردەکەوێ بە یەك فۆنیم لە قەڵەم دەدەن و وای بەڕاست دەزانن کە دەبێ یەك نیشانەیان بۆ دابنرێت" (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٤).

هەروەها بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەی پەنای بردۆتە بەر شیکردنەوەی فۆنۆلۆژی و لە ڕێگای قاڵبی فۆنۆلۆژی بڕگەی کوردییەوە ئەم گیروگرفتەی چارەسەرکردووە و دەڵێ: "لە زمانی کوردیدا فۆنیمی ( خ(X) – ك(K) – چ(Ç) – ج(j) – س(S) – ش(Ş) ) لەگەڵ (و - W) هێشوە کۆنسنانت دروست دەکەن و ئەم جۆرە هێشوانەش هەمیشە لە سەرەتای بڕگە دەردەکەون، وەك لە وشەی (خوێ) (xwê) کاتێك کە ڤاوڵی (ê)(ێ) دەبێ بە ناوکی بڕگەکە و هێشوە کۆنسنانتی (خو)(xw)ی لەگەڵدا دێت و لەبەر سروشتی ڤاوڵەکە (ê)(ێ) و ئەم (و - w)یە ئیدغام(Assimilation) پەیادەبێ و لە ئەنجامدا ئەم جۆرە دەنگە دروست دەکەن کە لە فۆنەتیکا بە (short – front – rounded lips) ناودەبرێ و لە هەندێ زمانی وەکو فەرەنسی فۆنیمێکە، بەڵام ناشێ لە زمانی کوردیدا بە فۆنیمێکی سەربەخۆ دابندرێ، چونکە ئەو دەنگانەی لە ئەنجامی ئیدغامەوە دروست دەبن ناخرێنە ناو سیستەمی فۆنیمەکانی زمانەوە" (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٤ - ٤٤٦).

هەروەها دەربارەی نیگاری ئەم دیفتۆنگەش دەڵێ: ((بەلای منەوە لەبەر هۆی بەستراو بە سیستەمی زمانەکەوە بە (وێ) بنووسرێ ڕاسترە)) (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٧).

(شاکر فەتاح ئەحمەد)یش لە ژێر ناونیشانی دو دەنگەکان (دیفتۆنگەکان) : (وێ) و (نگ) : ئەو ڕایەی دەربڕیوە کە ((دوو دەنگەی (وێ) : وەك (کوێ ، توێ ، شوێن). لە پاش لێکۆڵینەوە و لێوردبونەوە بۆم دەرکەوت کە پێویست ناکات بۆ ئەم (وێ)یە پیتێکی تایبەتی سەربەخۆ دابنێین، چونکە خۆی لە دوو پیت دروست بووە: (و) و (ێ). هەموو دەمێکیش بەو جۆرە بنوسرێت، بەو جۆرە دەخوێندرێتەوە)) (شاکر فەتاح ئەحمەد: ١٩٨٢: ١٢٠ - ١٢١).

(نوری عەلی ئەمین) لە گیروگرفتی پیتی (وێ) دواوە و بە پیتە بزوێنی داناوە و دەڵێ: "ئەم پیتە بزوێنە وەك لە ووشەی (نوێ)دا دیارە لە دوو دەنگ پێکهاتووە، دەنگی (و) و دەنگی (ێ)، لەبەرئەوە هەر بە دوو پیت لە کۆندا نووسیویانە، وەك: توێ ، سوێ ، خوێ، خوێن" (نوری عەلی ئەمین: ١٩٨٢: ٣٧٣). هەروەها دەڵێ: "بە پێی بۆچونی خۆم وای بە باش دەزانم هەر بە دوو پیتەکەی خوێندەواران لەسەری ڕاهاتوون جارێ هەر وەها بنووسرێت، هەتا چارەیێکی بۆ دەدۆزرێتەوە" (نوری عەلی ئەمین: ١٩٨٢: ٣٧٤). ئاماژە بەوەش دەدات کە دەبێ لە وشەدا بڕگەی (وێ) لە پیتی (وێ) جیابکرێتەوە و وا نەزانرێ هەر یەکن، بۆ نمونە (وێ) لە وشەی (ئەخەوێ) بڕگەیە، بەڵام (وێ) لە وشەی (سوێر) پیتە بزوێنە(نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٦: ٢٢).

(نەسرین محەمەد فەخری) باسی لە دیفتۆنگی (وێ) کردووە و دەڵێ: " (وێ) بزوێن و دیفتۆنگە، کە لە سەرەتاوە نەبووە دیارە پاشان دروست بووە" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣٥)، پێی وایە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشەکاندا بەکاردێ لە زمانی کوردیدا و چەندین نمونەی هێناوەتەوە، وەك: خوێن، شوێن، جوێن، خوێ، کوێ، کوێر، توێ، گوێ، گوێز، ئەسکوێ، خوێندن، توێشوو، گوێلك، گوێرەکە...هتد.

بڕواشی وایە (دەنگی (و) و (ێ) هیچیان پێش ئەویتر نایێن، بەڵکو پێکەوە بە تێکەڵاوی و وەك یەك بزوێن لە دەم دێنە دەرەوە و بەکاردێن، واتە نوسینی لەگەڵ دەربڕینی ناگونجێت، هەروەها ئەو جۆرە دەنگە بزوێنە لە دوو بزوێن پێکدێت و پێی دەگوترێت (دیفتۆنگ) واتە دەنگی دوولایی)(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣٥). هەروەها دەڵێ: "بەڵگەمان بۆ تازەیی ئەم دەنگە، یان دروست بوونی پاشان، ئەم خاڵانەی خوارەوەیە: ١- قورس دەربڕینی. ٢- منداڵ بە منداڵی ئەم دەنگەی پێ ناگوترێت. ٣- بێگانە فێری نابێت، تا زۆر بە تەواوی ڕانەیێت. ٤- بەکارهێنانی لە ناوچە تا ناوچە دەگۆڕێت، وەك خوێندن دەبێت بە خیندن، خووندن یان خوێن دەبێت بە خین، خوون، خێن" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣٦).

(غازی فاتح وەیس) باسی گیروگرفتی (وێ) دەکات و دەڵێ: "لە سیستەمی زمانی کوردیدا ڤاوڵی دوولانەی تێدا نییە و ئەوەی بە ڤاوڵی دوولانە دائەنرێ نیمچە ڤاوڵی (و) و (ی)یە لە چەند وشەیەکدا و زۆر لە زمانەوانەکانی کورد کۆی ئەم دوو نیمچە کۆنسنانتە بە ڤاوڵی دوولانە دائەنێن. لەڕاستیدا لێکدانی ئەم دوو نیمچە ڤاوڵە، ڤاوڵی دوولانە پێکناهێنن لە شێوەی سلێمانیدا و هەروەها بەرانبەر بە ڤاوڵی /Ö/ دانانرێ. ڤاوڵی /Ö/ یەکێکە لە ڤاوڵە سەرەکییەکانی زمانی تورکی و درکاندنیشی وەکو درکاندنی /وێ/ی وشەی (خوێن) و (شوێن) نییە" (غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٦).

بۆ سەلماندنی قسەکانی چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێ: "ئەوی شایەنی باسە (وێ)ی وشەی (خوێن) و (شوێن) لە بنەڕەتدا (وی)ە، بەهۆی کاری میکانیکی و فیزیکی (ی) ئەبێتە (ێ) چونکە بەیەکەوە هاتنی دوو نیمچە ڤاوڵ کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لەم جۆرە وشانە نیمچە ڤاوڵی /ی/ ئەبێتە ڤاوڵێکی تەواو بۆ ئەوەی لە ڕووی فیزیکییەوە بەهێزتر بێت و لە ڕووی درکاندنیشەوە درێژ بێ" (غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٧). بەڵگەیەکی تر دەهێنێتەوە و دەڵێ: "ئەتوانین بڵێین نیمچە ڤاوڵی /و/ لەگەڵ ڤاوڵی /ێ/دا بڕبڕەی پشتی چەند بڕگەیەکە لە زمانی کوردیدا و بە لێکدانی ئەم دوو دەنگە نە ڤاوڵی /Ö/ دروست ئەبێ (لە شێوەی سلێمانیدا) و نە ڤاوڵی دوولانەش دروست ئەکەن. لە فۆنۆلۆژیدا ئەو بڕگەیەی (وێ)ی تێدایە وەکو هەموو بڕگەیەکی دیکە دابەش ئەکرێ" (غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٨). وەك: (خوێن) بریتییە لە (CCVC)، لێرەدا فۆنیمی /و/ دەبێت بە کۆنسنانت و فۆنیمی /ێ/ دەبێ بە ڤاوڵ و ناوکی بڕگە پێکدەهێنێ، بۆیە ئەم (وێ)یە نە دەبێت بە ڤاوڵی دولانە و نە دەبێت بە ڤاوڵی /Ö/.

(کەمال فوئاد)یش پێی وایە کە دەنگی [وێ] بەیەکەوە دێن لە وشەکانی وەکو: (خوێن ، سوێر، توێژ)، نابن بە ڤاوڵ و فۆنیمێکی سەربەخۆ لە زماندا، واتە بەلای ئەمەوە دیفتۆنگ نین و دەڵێ: "من لەو بڕوایەدام ئەم دەنگە بەم شێوەیە (Ö)(وێ) لە زمانی ئەدەبی ئێستاماندا نەماوە. هۆی نەمانەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ: گرانی وتنی، چونکە زمان بەرەو ئاسانی ئەگۆڕێت، گرانی نوسینی، چونکە ئەم دەنگە لە کوردی ڕۆژهەلأتیدا هەبووە کە بەردەوام بە تیپی عەرەبی نوسراوەتەوە. لەبەرئەوەی لە ئەلفابێی عەرەبیشدا وێنەی ئەم دەنگە نییە ناچار بەم جۆرە نوسراوە: وێ. ئەمەش کاری کردۆتە سەر شێوەی وتنی. ئەم جۆرە نوسینەش(وێ)، ئەگەرچی بەتەواویش لەگەڵ وتنی ئەم دەنگەدا یەك نییە، بەلأم زۆریش لێی دورنەکەوتۆتەوە" (کەمال فوئاد: ٢٠٠٠: ١٠ ، ١١، ٣٥).

**٢ – ٢ – ٨) دیفتۆنگی (نگ):**

ئەم دەنگە یەکێکە لەو دەنگانەی بیروڕای جیاوازی لەسەر هەیە هەندێك بە فۆنیمیان داناوە و هەندێکی تریش بە فۆنیمی دانانێن و کێشەکە تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە.

(محەمەد معروف فەتاح) باسی گیروگرفتی دەنگی [نگ]ی کردووە و بە فۆنیمی دانەناوە و دەڵێ: "لەدوای پشکنینی زۆر بە دوای وشەدا گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە ئەم دەنگە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەیە لە کوردیدا وە زۆر زمانەوانی کورد و بێگانە بێ مشتومڕ بە فۆنیمیان داناوە، ئەم دەنگە فۆنیم نییە، بەڵکو بریتییە لە دوو دەنگ (ن) و (گ) یان (ن) و (د) کە بە دوای یەکتردا دێن" (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٠). بۆ سەلماندنی بۆچونەکەشی چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە:

١- ئەم دەنگە ئەکەوێتە سنوری بڕگەوە لەت ئەبێت، وەك (جەن / گا / وەر).
٢- ئەم دەنگە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگدا دێتەکایەوە، واتە کاتێك دەنگی [د] یان [گ] بە دوای دەنگی [ن]دا بێن، وەك لە دیالێکتی سلێمانیدا لەم وشانە دەردەکەوێ (چەند ، مەنگ)، کە لێرەدا دەبێت بە ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ن/.
٣- وەك دەردەکەوێت تەنیا دیالێکتی سلێمانی خاوەنی ئەم ئەلۆفۆنەیە و جێی گومانە ئەم دەنگە فۆنیم بێ(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٠ - ٢٥١).

(مەسعود محەمەد) وای داناوە کە ((دیفتۆنگی (وێ، نگ، ند) هیچیان ڕاستە دیفتۆنگی نژادی نین چونکە بریتین لەو دەنگە ئاشکرایانەی بە نووسین دەیاننووسین)) (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٣٥٥). دەربارەی دیفتۆنگی (نگ) زیاتر دەدوێ و دەڵێ: "هەمووومان دەزانین نونێکی بێ دەمەتەقەی وەستاو دەکەوێتە بەراییی گافێکی بێ دەمەتەقەوە و لە لەهجەی سلێمانی و ناوچەیەکی تەسکدا منگە و (غنە)یەك لە نێوان دوو دەنگەکەدا پەیدادەبێ کە زەحمەتە لە زارو زمانی دانیشتووی غەیری ئەو ناوچەیە دەربێت" (مەسعود

محەمەد: ١٩٨٢: ٢٩٠). پێی وایە کە ئەم گۆڕانەی خوێندنەوەی (نگ) دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و پەیوەندی بە ڕێنوسەوە نییە.

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش لە ژێر ناونیشانی شێواندن و گۆڕینی دەنگدا، دەڵێ: "زۆرجار کە (د) دەکەوێتە دوای (ن)، وەك (گ) دەردەبڕێت(ئەمەش بەتایبەتی خاسیەتی شێوەی سلێمانییە)، وەك: توند — تونگ، مەند — مەنگ، دەربەند — دەربەنگ..." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٥٣).

(نوری عەلی ئەمین)یش پێی وایە کە ((پیتی (نگ) پیتێکی نەبزوێن و لێکدراوە، واتە لە دوو دەنگ، دەنگی (ن) و (گ) پێکهاتووە، دەنگە لێکدراوەکە لە گۆکردندا تێکەڵ بەیەك دەبن)) (نوری عەلی ئەمین: ١٩٨٢: ٣٧٤). وەك لە گۆکردنی ئەم وشانەدا بۆت دەردەکەوێت: تونگ ، مانگ، ڕەنگ، مەنگ.

(شاکر فەتاح ئەحمەد) لە ژێر ناونیشانی دو دەنگەکان(دیفتۆنگەکان): (وێ) و (نگ) : بیروڕای خۆی دەربڕیوە دەڵێ: "دوودەنگەی (نگ)، وەك: (بەنگ ، تەنگ ، گەنگ). ئەمیش پێویست ناکات بە پیتێکی تایبەتی سەربەخۆی دابنێین، چونکە خۆی لە دوو پیت دروست بووە: (ن) و (گ). هەر دەمێکیش وەها بنوسرێت بەوجۆرە دەخوێندرێتەوە. لە ناوچەی سلێمانیدا هیوا هەن (پەسەند) بە (پەسەنگ) دەخوێننەوە، کە پێویستە ڕاستییەکەی بنوسرێ و بخوێندرێتەوە. واتا بگوترێ (پەسەند) نەك (پەسەنگ)" (شاکر فەتاح ئەحمەد: ١٩٨٢: ١٢١).

(عومەر عەبدولڕەحیم)یش لەبارەی گیروگرفتی (نگ)ەوە دەدوێ و دەڵێ: "(تفەنگ، سینگ، درەنگ). ئەم جۆرە وشانە و هاوشانەکانیان لە خوێندنەوەدا لە هەندێك ناوچەدا (ن)کان بە قەڵەوی دەوترێت، هەندێك نووسەر لەو باوەڕەدان کە نیشانەیەك بۆ ئەم جۆرە (ن)ە قەڵەوانە دابنرێ، ئەمە بەلای منەوە ڕاست نییە، چونکە بێژە و ووتنی ئەم جۆرە وشانەش بەگوێرەی ناوچە دەگۆڕێت" (عومەر عەبدولڕەحیم: ١٩٨٢: ١٨٤).

(غازی فاتح وەیس) دەربارەی دیفتۆنگی (نگ) دەڵێ: "دەنگی [نگ] لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم لەقەڵەم نادرێ بەڵکو ئەلۆفۆنی فۆنی [ن]ەو لە هەندێ شوێندا بەدی ئەکرێ، بە تایبەتی ئەگەر [ن] دوای [گ] هات، بۆ نموونە لە ووشەی ((لەنگ)) و ((مەنگ)) و ((تەنگ)) دا بەدی ئەکرێ. هۆی دروست بوونی ئەلۆفۆنی [ نگ] لە زمانی کوردیدا، هەروەها هەموو ئەلۆفۆنەکانی تریش، ئەگەڕێتەوە بۆ هۆی میکانیکی ئەندامانی ئاخاوتن" (غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦١ — ٦٢).

(لێژنەی دەستوری زمانی کوردی) پێیان وایە کە دەنگی [نگ]  دو دەنگە نەك دەنگێکی سەربەخۆ، دەڵێن: "ڕای لێژنە وایە کە (نگ) دوو دەنگی ڕەسەنن و یەك دەنگ نی یە و سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ و دووپاتی دەکاتەوە کە شایەنی باسە، هەروەك یاسایەك ئەگەر هاتوو دوو دەنگی ئاوازەدار بە دوای یەکتردا هاتن و کاتی

**دەرچونەکەیان زۆر نزیك بوو ئەو وەختە هی کۆتاییان زیاتر کاردەکاتە سەر ئەوەی پێشەوەیان و شێوە تێکەڵاویێ پیشان دەدا" (لێژنەی دەستوری زمانی کوردی: ١٩٨٥: ١٥).**

**(کەمال فوئاد)یش دەڵێ: "لە شێوەی سلێمانیدا دەنگێکی لوتی تریش هەیە کە تیپی عەرەبی هەندێکجار بە (نگ) و هەندێجار بە (ند) ئەنوسرێت وەك لەم وشانەدا بەدی ئەکرێ. کنگر، کندر، پەند، پەنگ...هتد" (کەمال فوئاد: ٢٠٠٠: ٢٠)، دواتر دەڵێ: "بەلای منەوە بۆ ئەم دەنگە پێویستمان بەوە نییە تیپێك بخەینە سەر ئەلفابێی زمانەکەمان بە تایبەتی کە لە ناوچەیەکی کەمدا بەکاردێت" (کەمال فوئاد: ٢٠٠٠: ٢٠).**

**٢ – ٢ – ٩) (ع):**

**ئەم دەنگەش یەکێکە لەو دەنگانەی کێشە و گیروگرفتی دروست کردووە بۆ زمانی کوردی و بیروڕای جیاوازی لەسەرە، لەوەی کە ئایا فۆنیمە لە زمانی کوردیدا یان نا.**

**(تۆفیق وەهبی) دەڵێ: "حەرفی ع لە ئەسڵی کوردی نیە، لە عەرەبیەوە وەرگیراوە، کە عەرەبەکان ئەم دەنگە لە ناو گەروەوە دەرئەهێنن، لە کوردیدا سوکتر دەرئەهێنرێت" (تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٣).**

**(نەسرین محەمەد فەخری)یش هەمان بۆچونی هەیە و دەڵێ: "ئەم دەنگە کوردی نیە، لە عەرەبیەوە هاتووە، ئەمرۆ چۆتە ڕیزی دەنگە کوردییەکان، چونکە لە گەلێك وشەدا بەکاردێن: ١- لەو وشە عەرەبیانەدا کە چونەتە زمانەکەوە، وەك: عەزێت، عازەب، عافێت. ٢- بە گۆڕینی دەنگی (ئـ)هەمزە بۆ (ع) وەك: ئاسمان – عاسمان" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٢٢).**

**(محەمەد مەعروف فەتاح) باوەڕی وایە کە دەستکاری نەکردنی ڕێنوسی وشەی عەرەبی و وەرنەگرتنی بە دەستوری خۆیەوە دەنگی نامۆی [ع]ی هێناوەتە کوردییەوە، کە چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەم بۆچونەی و دەڵێ: " ١- ئەم دەنگە نامۆیە تا ئێستا نەچەسپاوە لە کوردیدا و گێژاویان لە یاسای دەنگی زمانەکەدا ناوەتەوە بەوەدا کە: أ- جێگۆڕکێ ئەکەن لەگەڵ فۆنیمی تردا بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، وەك: (عاسمان - ئاسمان) (ئەرز - عەرز). ب- تائێستاش ئەم دەنگە لە کوردیدا ڕەوشتی فۆنیمی ناتەواوی هەیە و بلاَوی کەمە لە وشەدا و ناچێتە کۆتای وشە. ٢- زۆربەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) ئەو وشانەی ئەم دەنگەیان تێدایە لە بنچینەدا عەرەبین، وەك: عەرەب ، عەیب ، عاقڵ، عازەب، عەلی، عوسمان..." (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٩ - ٢٦٠).**

**(وریا عومەر ئەمین) لەبارەی دەنگی [ع] دواوە و پێی وایە کە فۆنیمێکە لە زمانی کوردیدا و دەڵێ: "گەلێ وشەی عەرەبیش کە دەنگی (ع)ی تیایە لە زمانی کوردی ئیمرۆماندا بەکاردەهێنرێت وەك (عسیا) و (لەعنەت) و (عومەر) ...هتد، دەشێ (ع)ش بە فۆنیمێکی زمانی کوردی بژمێررێ" (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ١٢). هەروەها دەڵێ: "دەنگی (ع) لە نژادا کوردی بوبێ یا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی ترەوە**

**کەوتبێتە ناوی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئێستە بەشێکی بنجی سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییە" (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٤).**

**(کەمال فوئاد)یش لە بارەی دەنگی [ع]ەوە بۆچونی خۆی دەربڕیوە و دەڵێ: "ع: لە کوردیدا تەنیا لەو وشانەدا بەدی ئەکرێت کە لە زمانێکی بێگانەوە وەرگیراون (عەودالْ، لەعل)، واتە لە زمانی کوردیدا بنچینەی نین. چونکە لە کەم وشەی کوردیدا بەدی ئەکرێت و گۆڕینیان بۆ هەمزە(ئـ) نابێتە هۆی مانا گۆڕینی وشەکان" (کەمال فوئاد: ٢٠٠٠: ٣٠ ، ٣٨).**

**(تالێب حوسێن عەلی) دەربارەی دەنگی [ع] دەڵێ: "هەرچەندە [ع] لەو وشانەدا دەردەکەون، کە لە زمانی عەرەبییەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردی، بۆ نموونە (عازەب، جومعە، دوعا، عومەر...هتد) لەگەڵ ئەوەشدا بە فۆنیمێکی سەربەخۆ دادەنرێت، چونکە لە زمانەکە بەکاردێت. هەروەها لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای وشە خوازراوەکاندا دەردەکەوێت. بەلاَم لە وشەی کوردی ڕەسەندا بەدی ناکرێت" (تالێب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٢٩).**

**(عەبدولاَ حوسێن ڕەسولْ)یش دەڵێ: "دەنگی (ع) کوردی ڕەسەن نییە و لە عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی کوردی و تا ئێستاش وشەی ئەوتۆی پێ دروست نەبوە، کە ئاڵوگۆڕی ببێتە هۆی واتا گۆڕان، دەشێ هەمزە(ء) کە لە کوردیدا فۆنیم نیە، شوێنی (ع) بگرێتەوە، بێ ئەوەی کار لە واتا بکا. جگە لەمەش بە پیتی لاتینی هێمای بۆ نەکراوە، دەشێ لە ڕیزبەندی پیتەکان بسڕێتەوە" (عەبدوڵلاَ حوسێن ڕەسولْ: ٢٠١١: ٢٦٧ - ٢٦٨).**

**٢ – ٢ – ١٠) (ح):**

**ئەم دەنگەش یەکێکە لەو دەنگانەی کێشە و گیروگرفتی دروست کردووە بۆ زمانی کوردی و بیروڕای جیاوازی لەسەرە، لەوەی کە ئایا فۆنیمە لە زمانی کوردیدا یان نا.**

**(تۆفیق وەهبی) دەڵێ: "حەرفی ح لە ئەسڵی کوردی نیە، لە عەرەبیەوە وەرگیراوە، کە عەرەبەکان ئەم دەنگە لە ناو گەروەوە دەرئەهێنن، لە کوردیدا سوکتر دەرئەهێنرێت(تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٣).**

**(نوری عەلی ئەمین)یش دەڵێ: "پیتی (ح): وەك لە وشەی (حەز ، حەوت)دا دەبینرێ. هەندێ لەو باوەڕەدان، کە پیتی (ح ، ق) لە کوردیدا نی یە، بەلاَم هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە" (نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٦: ١٣).**

**(نەسرین محەمەد فەخری) دەڵێ: " ح کپە و کەم بەکاردێت، بەزۆری لەگەڵ ئەو وشانە بەکاردێت کە لە عەرەبییەوە چونەتە کوردی...چونکە لە بنجدا پیت و دەنگێکی کوردی نییە و لە زمانە هیندۆئەوروپیەکاندا بەکارنایێت" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ١٨).**

**(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) پێی وایە کە دەنگی [ح] دەنگێکی ڕەسەنی کوردی یاخود ئێرانی نییە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەی دەڵێ: "نەبونی (ح) وەك فۆنیم لە بەشە دیالێکتەکانی کوردی تورکمانستان و**

ئازربایجان و خۆراساندا و نەگونجانی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکاندا، ئەوە دەردەخەن کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیرابێ" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٤٨).

هەروەها دەڵێ: "بەڵگەیەکی دیکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کۆنسنانتی (ح) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیرابێ، ئەوەیە لە بەشە دیالێکتی کوردی ئەرمەنستاندا لە زۆر وشە دەنگی (ح) و (ھ) تێکەڵ دەکرێن وەك: حەبس = هەبس ، حەسرەت = هەسرەت ، حەساب = هەساب ، حەنار = هەنار..." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٤٨ - ٤٩).

(وریا عومەر ئەمین)یش دەڵێ: "دەنگی (ح) لە نژادا کوردی بوبێت یا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی ترەوە کەوتبێتە ناوی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئێستە بەشێکی بنجی سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییە" (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٤).

(کەمال فوئاد)یش دەڵێ: " ح : بە بیروڕای من نابێتە دەنگی بنچینەیی لە زمانی کوردیدا، یەکەم - لەبەرئەوەی لە کەم وشەی کوردیدا بەدی ئەکرێت. دووەم - گۆڕینی بۆ [ھ] نابێتە هۆی ماناگۆڕینی وشە" (کەمال فوئاد: ٢٠٠٠: ٣٠).

(عەبدولاّ حوسێن ڕەسول)یش دەڵێ: "دەنگی (ح) کوردی ڕەسەن نییە و لە عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی کوردی و تا ئێستاش وشەی ئەوتۆی پێ دروست نەبوە، کە ئاڵوگۆڕی ببێتە هۆی واتا گۆڕان، دەشێ دەنگی(هـ) لە شوێنی (ح) دابنرێ، بێ ئەوەی واتا بگۆڕێ، جگە لەمەش بە پیتی لاتینی هێمای بۆ نەکراوە، دەشێ لە ڕیزبەندی پیتەکان بسڕێتەوە" (عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول: ٢٠١١: ٢٦٧ - ٢٦٨).

## ٢ – ٢ – ١١) (خ):

ئەم دەنگەش بیروڕای جیاوازی لەسەرە، لەوەی کە ئایا فۆنیمە لە زمانی کوردیدا یاخود فۆنیم نییە.

(محەمەد مەعروف فەتاح) دەربارەی ئەم دەنگە دەدوێ و لەگەڵ دەنگی [غ] بەیەکەوە باسیان دەکات و پێی وایە ئەم دوو دەنگە هێشتا لە باری گۆڕاندان و تەواو جێی خۆیان نەگرتووە و زۆربەی زمانەوانان ئەم دەنگانەیان بە فۆنیم داناوە، دەڵێ: "بە باوەڕی من ئەم کێشەیە زانستیانە چارەنەکراوە و بیرکردنەوەیەکی کەم بۆمان دەردەخات کە جیاوازی (خ) و (غ) هەمیشە نییە لە زمانەکەدا و لە زۆر شوێنی وشەدا لە ناوئەچێت" (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٤).

چەند بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەی سەرەوەی دەهێنێتەوە و دەڵێ: " ١- لە ناوەڕاستی وشەدا ئەم دو دەنگە جێی خۆیان دەگۆڕنەوە بێ کارکردنە سەر واتا وەك (باخەوان – باغەوان ، باخچە - باغچە)، ٢- لە کۆتایی وشەشدا زۆربەی کات جیاوازییەکە ئەفەوتێ و کارناکات وەك: باخ – باغ ، داخ – داغ ، ولاّخ – ولاّغ" (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٤ - ٢٣٥).

هەروەها پێی وایە کە ئەم دەنگانە لە ئەلۆفۆن بەولاوە پلەی بەرزتریان نییە لە زمانەکەدا، لەبەرئەوە پێوستە چاوێك بە ڕێنوسەکەمان بخشێنینەوە و ئەم دەنگانە بێ نیشانە بکەین، واتا نیشانەی (خ) بۆ دەنگی (خ) و (غ) بەکاربێت و مرۆڤی کورد بە پێی دیالێکتەکەی خۆی بیخوێنێتەوە بە (خ) یان (غ) (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢ : ٢٦٢).

(عەبدولاّ حوسێن ڕەسول) دەڵێ: "دەتوانرێ، دەنگی (غ) بە ئەلۆفۆنێکی (خ) دابنرێ و دەشێ، پیتی (خ) لە بری (غ)یش بنوسرێ و ئەمەش نابێتەهۆی واتا گۆڕین، لەم بارەشدا، ئارەزوی چۆنیەتی گۆکردنی بۆ قسەکەر دەمێنێتەوە" (عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول: ٢٠٠٤: ١٠).

٢ – ٢ – ١٢) (غ):

ئەم دەنگەش کێشەی لەسەرە و هەندێك بە فۆنیمێکی سەربەخۆی دەزانن و هەندێکیش بە ئەلۆفۆنی فۆنیمی /خ/ی دادەنێن.

(تاهیر سادق) دەڵێ: "ئەم پیتە لە کوردیدا زۆر کەم بەکارئەهێنرێت، ئەتوانین لەباتی پیتی (غ) پیتی (خ) بەکابهێنرێ وەك (باغ - باخ) " (تاهیر سادق: ١٩٦٩: ٥٠).

(محەمەد مەعروف فەتاح)یش لە بارەی دەنگی [غ]ەوە دواوە و بە ئەلۆفۆنی فۆنیمی /خ/ی دادەنێت و پێی وایە هەمان نیشانە بۆ دەنگی [غ] و [خ] بەکاربێت کە ئەویش نیشانەی یاخود فۆنیمی /خ/ە[*].

هەروەها هەر لەبارەی ئەم دەنگەوە باوەڕی وایە کە دەستکاری نەکردنی ڕێنوسی وشەی عەرەبی و وەرنەگرتنی بە دەستوری خۆیەوە دەنگی نامۆی [غ]ی هێناوەتە کوردییەوە، کە چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەم بۆچونەی و دەڵێ: "١- ئەم دەنگە نامۆیە تا ئێستا نەچەسپاوە لە کوردیدا و گێژاوی لە یاسای دەنگی زمانەکەدا ناوەتەوە بەوەدا کە: أ- جێگۆڕکێ ئەکەن لەگەڵ فۆنیمی تردا بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، وەك: (وەجاخ – وەجاغ ، باخچە – باغچە ، غایەن - خائن). ب- تا ئێستاش ئەم دەنگە لە کوردیدا ڕەوشتی فۆنیمی ناتەواوی هەیە و بلاّوی کەمە لە وشەدا و ناچێتە کۆتای وشە. ٢- زۆربەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) ئەو وشانەی ئەم دەنگەیان تێدایە لە بنچینەدا عەرەبین، وەك: غایە ، غەرب ، غەڵەت، غەرەز، غەش، غەیب..." (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٩ - ٢٦٠).

(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن)یش دەڵێ: "پشکنینی گشتی بەناو فەرهەنگی زارەکەدا ئەوەی دەرخست کە لە یەك تاکە نمونەی زۆر دەگمەنی جووتە وشەیەك زیاتر نەدۆزرایەوە کە جیاوازی واتا دەربخات لە گۆڕینەوەدا لەگەڵ فۆنیمی /خ/دا ئەویش جووتە وشەیەکی تا ڕادەیەك جێ ی گومانە (بەرخ : بەرغ)"(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ٤٠).

---

(*) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (٢ – ٢ – ١١) کە باسی دەنگی [خ] دەکات.

(کەمال فوئاد)یش دەڵێ: "غ : بە بیروڕای من نابێتە دەنگی بنچینەیی لە زمانی کوردیدا، یەکەم - لەبەرئەوەی لە کەم وشەی کوردیدا بەدی ئەکرێت. دووەم - گۆڕینی بۆ [خ] نابێتە هۆی ماناگۆڕینی وشە" (کەمال فوئاد: ٢٠٠٠: ٣٠).

(عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ) دەڵێ: "دەتوانرێ، دەنگی (غ) بە ئەلۆفۆنێکی (خ) دابنرێ و دەشێ، پیتی (خ) لە بری (غ)یش بنوسرێ و ئەمەش نابێتەهۆی واتا گۆڕین، لەم بارەشدا، ئارەزوی چۆنیەتی گۆکردنی بۆ قسەکەر دەمێنێتەوە" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٤: ١٠).

**٢ – ٢ – ١٣) (ق):**

ئەم دەنگەشە بیروڕای جیاوازی لەسەرە.

(تۆفیق وەهبی) دەڵێ: "حەرفی ق لە ئەسڵی کوردی نیە، لە عەرەبیەوە وەرگیراوە، کە عەرەبەکان ئەم دەنگە لە ناو گەروەوە دەرئەهێنن، لە کوردیدا سوکتر دەرئەهێنرێت" (تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٣).

(ئەورەحمانی حاجی مارف)یش پێی وایە کە دەنگی [ق] لە زمانی کوردیدا هەیە و بەبێ جیاوازی زارە کوردییەکان پاراون لێی. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٤٨ - ٥١).

(نەسرین محەمەد فەخری) لەبارەی دەنگی [ق]ەوە دەڵێ: "ئەم دەنگە کوردی نیە و ئەمڕۆ چۆتە ڕیزی دەنگە کوردییەکانەوە، بەڵکو بە گشتی لە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا نیە" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٢٣). واتا پێی وایە ئەو وشانەی کە لە کوردیدا هەن و بەکاردێن زیاتر وشەی وەرگیراوی زمانی عەرەبی و تورکین، وەك: قەرز ، ئەنقەست، قەڵەبالغ، قەرەهەنجیر.

(محەمەد مەعروف فەتاح) پێی وایە کە دەنگی [ق] لە کوردیدا هەیە و فۆنیمیشە، دەڵێ: "لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە دەنگەکە نەك هەر هەیە بەڵکو لە پلەی فۆنیمیشدایە هەروەك بە بەراوردکردنی ئەم وشانەدا دەردەکەوێت (قات ، کات ، لات ، قاچ ، پاچ ، باج) " (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٥).

(لێژنەی دەستوری زمانی کوردی)یش دەربارەی دەنگی [ق] ئەم بیروبۆچونەیان دەربڕیووە: ((١- دەنگی (ق) لەو ووشە کوردییانەدا بەرگوێ دەکەوێ کە واژەی بنەڕەتی و بنچینەین وەکو (قاز) و (جیقن) و (بۆق) و (لاق). ٢- دەنگی (ق) دەنگێکی سروشتیە و لە ژینگەی کوردەواریدا وەکو ژینگەکانی دی بەر گوێ دەکەوێت و خۆی لە چەند ووشەیەکی سروشتیدا چەسپاندوە. وەکو ووشەی (تەق تەق) و (قیژە) و (قیڕە). ٣- دەنگی (ق) لە گشت زارە کوردیەکاندا بەرگوێ دەکەوێت بە تایبەتی لە زاری لوریشدا کە هەندێ جار ئەم دەنگە بە دەنگێکی تر ئاڵووگۆڕ دەکرێ. وەك وشەی (قژ) و (تەقوپوق) و (قوڕێگ) )) (لێژنەی دەستوری زمانی کوردی: ١٩٨٥: ١٤).

**٢ – ٢ – ١٤) (ڤـ):**

ئەم دەنگەش کێشەی لەسەرە و بیروڕای جیاواز دەربڕاوە دەربارەی ئەم دەنگە.

(تۆفیق وەهبی) دەڵێ: " (ڤ) هی شێوەی سەرووە، بەڵام لە چەند کەلیمەیەکی کوردی سلێمانیشدا ئەبینرێ، وەك: ڤڕە، حەڤدە" (تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٣).

(محەمەد مەعروف فەتاح) دەنگی [ڤ]ی بە فۆنیم دانەناوە و پێی وایە کە دەنگی [ڤ] ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ف/ە، واتا ئەتوانین نیشانەی (ف) بۆ هەردوو دەنگی [ڤ] و [ف] بەکاربهێنرێت و مرۆڤی کورد بە پێی دیالێکتی خۆی ئەیخوێنێتەوە بە (ڤ) و (ف)(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٦٢).

(تاڵیب حوسێن عەلی) دەڵێ: "لەڕاستیدا بوونی ئەم دەنگە [ڤ] و بەکارهێنانی ئەوە دەگەیێنێ کە فۆنیمێکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی کەمیش بەکاربێت" (تاڵیب حوسێن عەلی: ١٩٨٩: ٢٩).

(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن) پێی وایە کە فۆنیمی /ڤ/ بە شێوەیەکی گشتی فۆنیمێکی ناتەواوە لە کرمانجی خوارودا، چونکە هیچ جووتە وشەیەکمان نەدۆزیوەتەوە کە فۆنیمی تەواوی ئەو دەنگە دەربخات، هەروەها لەگەڵ دەنگی [و] شوێن دەگۆڕنەوە بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕێ، هەروەها پێشی وایە کە ئەم دەنگە بەشێوەیەکی گشتی لە چەند وشەیەکی ڕەسەن و دەگمەندا هەیە و فۆنیمێکی سەربەخۆ و ڕەسەنە (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ٤٠).

(عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ) لەبارەی دەنگی [ڤ]ەوە دەڵێ: "دەشێ دەنگی (ڤ)ش بە ئەلۆفۆنێکی (و) دابنرێ" (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١١: ٢٩٠).

**٢ – ٢ – ١٥) (ڕ)ی قەڵەو:**

ئەمەش یەکێکە لەو دەنگانەی کە بیروڕای جیاوازی لەسەرە، لەوەی کە چۆن بنوسرێت و چ وێنەیەکی بۆ دابنرێت.

(نەسرین محەمەد فەخری) دەڵێ: " ڕ کپ و گڕە.. بە پێچەوانەی (ر)ێی سوك. هەمیشە ئەگەر کەوتە سەرەتای وشە (گڕ) دێت واتە دەکەوێتە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی" (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ١٩).

هەروەها پێی وایە کە دەبێت (ڕ)ێی سەرەتای وشە نیشانەی نەخرێتە ژێر و بە شێوەی (ر)ێی سوك بنوسرێت، چونکە ڕێی سوك ناکەوێتە سەرەتای وشە، بۆ نمونە وشەی (ڕەنگ) بە شێوەی (رەنگ) بنوسرێت.

هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەم پیتی (ڕ)ە گەلێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە تاوەکو ئەم شێوەی ئێستای وەرگرتووە، کە لە سەرەتادا وەك (ر)ی سوك دەنوسرا، دواتر بە (شەدە)ی عەرەبی جودا کرایەوە لە (ر)ی سوك، دواتر (شەدە)کە کرا بە دوو (رر) بە دوای یەك، وەك : ررەنگ ، پاشان هەستکرا پیتێکی سەربەخۆیە، بۆیە حەوتێکی بچوکی کرایە ژێری بەم شێوەیە: (ڕ) (نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٢٠).

(مەسعود محەمەد) دەڵێ: "لە بارەی ڕێی قەڵەوەوە: تا ئێستا بۆ ئەم دەنگە سێ جۆر پیت هەبووە، یەکیان ئەوەبوو کە بە دوو (ر) دەنووسرا، دووەمیان ئەوەیە کە نیشانەی (٧)ی دەخرێتە ژێرەوە، سێیەمیشیان ئەوەبوو کە کۆڕی زانیاری کورد پێشنیاری کردبوو لە سەرەوەی ڕێیەکە نیشانەی (٧) دابنرێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧١ - ٢٧٢). هەروەها دواتر ڕای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: "لە لایەن نووسینی دوو (ر) لەبری ڕێی قەڵەو، من بەش بە حاڵی خۆم لە هیچ حاڵ و باردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگ دوو پیت قەراردادە بکرێ" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٢).

هەروەها دەڵێ: "چ فەرقێك نابینم لە نێوان سەرخستن و ژێرخستنی نیشانەی (ر)ی قەڵەو، لە هەردوو بڕیاردا ڕازیم، بەڵام کە بڕیار بۆ نیشانەکە درا پێویستە هەمیشە لەگەڵیدا بنووسرێ نەك کە هات و کەوتە بەراییی وشەوە نیشانەکەی پشتگوێ بخرێ بە نامەی ئەوەی کە ڕێی پێشەوەی وشە هەمیشە قەڵەوە، چونکە ئەم مەعلوومات فرۆشتنە ڕێ دەدات بەوەی نووسەر بە هەوەس هەموو لامەکانی بەراییی وشە بە لامی قەڵەو بنووسێت کە دەزانین لامی پێشەوەی وشە هەمیشە لاوازە" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢: ٢٧٤).

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێ: "لە سەرەتای گەلاڵە بوونی ئیملای کوردییەوە دەبینین کە بۆ جیاکردنەوەی وێنەی دەنگی (ر)ی قەڵەو بۆ (ر)ی لاواز، چوکڵە لە ژێر یەکەمیاندا دانراوە و ئەمە ڕۆیشتووە. من لەو ڕایەدام ئەمە کارێکی ژیرانە و زانستی یە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٣).

هەروەها دواتر هاتووە بۆچونی خۆی دەربڕیوە لەسەر دانانی چوکڵە لەسەر (ر) بۆ کردنی بە ڕێی قەڵەو، کە دژی ئەم بۆچونەیە و پێی وایە دانانی چوکڵە لەسەر (ر) وا لە(ر)ەکە دەکات کە لە نوسیندا لەگەڵ (ز) و (ژ) لەیەکتری بچن و لەیەکتری بگۆڕێن (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٣ - ٣٤).

هەروەها دەڵێ: "دەبینین هەندێ نووسەر دەنگی (ر)ی قەڵەو بە دوو پیت دەنوسن، وەك: شەرر، پرر، کە بە پێی زانستی زمان دانانی دو پیت بۆ یەك دەنگ ڕاست نییە سەرەڕای ئەوە دوپات کردنەوە بە هیچ جۆرێك نیشانەی قەڵەوی ناگەیەنێ" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٤). لەو باوەڕەش دایە کە دەبێ هەمو ئەو (ڕ)ێیانەی سەرەتای وشە وەك خۆیان بە شێوەی (ڕ)ێی قەڵەو بنوسرێن، با مەرجیش بێت کە هەمو ڕێیەکی سەرەتای وشە قەڵەوە، چونکە نوسینیان بەبێ چوکڵە و بە شێوەی ڕێی لاواز راست نییە و دانانی وێنەی فۆنیمێکی ترە(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٢: ٣٦).

بە پێی(ڕاسپاردەکانی ڕێنووسی یەکگرتوی کوردی)یش بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە (( (ڕ)ی قەڵەو لە هەر شوێنێکی وشەدا هەڵکەوت — واتە چ لە سەرەتا و چ لە ناوەڕاست و چ لە کۆتاییی وشەدا بێت — چوکڵەی بخرێتە ژێر)) (ڕێنوسی کوردی بە پێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کوری: ١٩٨٧: ٩).

(وریا عومەر ئەمین)یش لە بارەی (ڕێ)وە دواوە و پێی وایە کە /ر/ و /ڕ/ دو فۆنیمی جیان چونکە لە ناو سیستەمی فۆنۆلۆژی کوردیدا دو نرخی جیاوازیان هەیە، بۆیە دەڵێ: "لەبەرئەوەی هەموو (ڕ)یەك لەسەرەتای وشەی کوردی دەرکەوێ قەڵەوە، بۆیە لە نوسینا پێویست بەوە ناکات نیشانەی (قەڵەوی)ی بۆ دابنرێت ڕایەکی پوچە و بە تیشکی نەزەرییەی فۆنیم فش دەبێتەوە. دەرنەکەوتنی (ر)ی لاواز لە سەرەتای وشەی کوردی یاسایەکی فۆنۆلۆجی یە لە زمانی کوردیدا پەیوەندی بە (ڕ)ی قەڵەوەوە نییە" (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٢: ٤٤٢).

بە پێی ئەم توێژینەوەیە ، ئێمە لەو بڕوایەداین کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣١) فۆنیمە، واتا لە (٢٥) کۆنسنانت و (٦) ڤاوڵ پێکدێت، بە واتایەکی تر (همزە ، ع) لە کوردیدا پلەی فۆنیمیان نییە و هەروەها (و ، ی) نابێ لە ناو کۆنسنانت و ڤاوڵەکانیشدا حسابیان بۆ بکرێت، بەڵکو دەبێت تەنیا بە ڤاوڵ دابندرێن، (وو) واوی درێژیش پلەی فۆنیمی لە ناو ڤاوڵەکاندا نییە، (i) بزرۆکەش ئەلەفۆنی فۆنیمی /ی/ یە و بۆ پێداویستی بڕگەکردن رۆڵی ڤاوڵ ئەبینێ، ئەگینا خۆی فۆنیم نییە. هەروەها دیفتۆنگی (/نگ/ ، /وێ/)ش بە فۆنیم داناندرێن لە زمانی کوردیدا.

| کۆنسنانتەکان (C) | ڤاوڵەکان (V) |
|---|---|
| ١ - ب | ١- ا a (بە لاتینی) |
| ٢- پ | ٢- ە e |
| ٣- ت | ٣- و u – w |
| ٤- د | ٤- ی î – y |
| ٥- ج | ٥- ۆ o |
| ٦- چ | ٦- ێ □ |
| ٧- ح | |
| ٨- خ | |

٩- غ

١٠- س

١١- ش

١٢- ز

١٣- ژ

١٤- ف

١٥- ڤ

١٦- ق

١٧ - ك

١٨- گ

١٩- ل

٢٠- ڵ

٢١- ر

٢٢- ڕ

٢٣- ن

٢٤- م

٢٥- ه

هەروەکو چۆن لە پێشوتر لە دەنگە کێشەدارەکانی کوردی دواین و بیروڕای هەندێك لە پسپۆڕ و زمانەوانانمان خستەڕو ، لێرەشدا ئێمە بیروڕای خۆمان لەسەر ئەم دەنگە کێشەدارانە دەخەینەڕو:

١-   **هەمزە (ء) :**

**دیارە کە هەمزەی سەر کورسی لایەنێکی کێشەدارە و زمانەوانە کوردەکان بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، هەندێك بە فۆنیمی دەزانن و هەندێکش بە فۆنیمی نازانن،  ئێمەیش لەگەڵ ئەو بۆچونەداین کە هەمزە لە کوردیدا پلەی فۆنیمی وەرنەگرتووە.**

**لە زمانی عەرەبیدا (ء) هەمزە لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، هەر بۆ نمونە لە ناوەڕاستەوە وەك وشەی (بئر) ، بەڵام لە کوردیدا جگە لە وشەی (نەء) کە هەمزەکە کەوتۆتە کۆتایی وشەکەوە، لە وشەیەکی تردا بەدیناکرێت.**

**پێشەکی و بە بێ گومان (هەمزە) لە ناوەڕاستی هیچ وشە و بڕگەیەکی کوردیدا نابینرێت، کەواتە، با بزانین لەسەرەتاوە چۆنە؟.**

**بە هەڵە نوسین وای لێکردوین کە وا بزانین هەمزە لەسەرەتاوە هەیە، واتە ئەوەی پێی دەوترێ هەمزەی سەر کورسی، بۆ نمونە:**

**أ- ئەڕۆم   ،   ئەنوم**

enum        eřom

**تێبینی ئەوە دەکەین کە بە لاتینی دەنوسرێن، حساب بۆ هەمزە ناکرێت.**

**ب- وشەیەکی وەك: قوڕ + ئاو ——◄ قوڕاو**

**کەواتە هەمزەکەی حسابی بۆ نەکراوە.**

**ج- وشەیەکی وەك ( ئازاد ) ، لەم وشەیەدا دو هەمزەی تێدایە:**

**ء   ء**


**١- سەرەتای وشەکە (ئا).**


**٢- دوای فۆنیمی (ز) ، کەچی لە خوێندنەوەدا یان لە گۆکردندا، هەمزەکەی دوای (ز) حسابی بۆ نەکراوە.**

**بە پێی ئەم بۆچونە هاتنی ڤاوڵ لە سەرەتاوە دەربڕینی ئاسان نییە، هەر بۆیە دەنگێك دەردەکەوێ کە گۆکردنی وەك هەمزەیە بۆ یارمەتیدانی درکاندنی ڤاوڵەکە، ئەمە ئەو دەنگەیە کە بە هەڵە لێمان بووە بە**

هەمزە و داشمان ناوە بە فۆنیم و خستومانەتە ڕیزی کۆنسنانتەکانەوە، کەواتە هەمزە دەنگێکی فۆنەتیکی یە و تا ئێستا نەبووە بە فۆنیم، لێرەوە پرسیارێ سەرهەڵدەدات، کە ئایا ڤاوڵ لەسەرەتاوە دێت:

ئێمە وای بۆ دەچین کە وشەیەك یان بڕگەیەك کە سەرەتاکەی ڤاوڵ بێ، لەبەرئەوەی درکاندنی ڤاوڵ لەسەرەتاوە گرانە، ئەوا دەنگێکی فۆنەتیکی دەکەوێتە پێشیەوە و ئەو دەنگە حسابی کۆنسنانتی بۆ دەکرێ کە ئەو دەنگەش هەمزەیە و ئەمەش لە بڕگەکردنی کوردیدا ئاسانکاریمان بۆ دەکات ئیتر ئەمە لە هەموو ئەو وشانەی تری لەو جۆرە هەر ئەو ڕۆڵە دەبینێ:




### ٢- بزرۆکە (i):

ئەم دەنگە لە کوردیدا واتای وشە ناگۆڕێ و لەسەرەتا و کۆتایی وشە و بڕگەی کوردیدا نایەت.

(غازی فاتح وەیس) لە نامەی ماستەرەکەیدا، ئەم دەنگەی (i) بزرۆکە، بە ئەلەفۆنێکی، فۆنیمی (ی) داناوە(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٩ - ٧٠).

یاسایەکی گشتی هەیە، بە پێی ئەو یاسایە، بڕگە بە بێ ڤاوڵ نابێ (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٠ - ٢٥١)، کەچی لە چەندان وشەی وەك (من، کچ، ژن) جگە لە کۆنسنانت، ڤاوڵ بەدیناکرێت، لێرەدا دو بۆچون دێتە کایەوە، یان ئەوەتا بڕگە لە کوردیدا دەشێ بە بێ ڤاوڵ دروست ببێت یان نابێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە بڕگە بە بێ ڤاوڵ نابێ، هەر بۆیە لەگەڵ بۆچونەکە (غازی فاتح وەیس)دا یەکدەگرینەوە و دەڵێین:

لە نێوان ئەو دو کۆنسنانتەدا (م - ن (من) ) ئەو ئەلەفۆنە بونی هەیە و رۆڵی ڤاوڵی بڕگەکە دەبینێ، بەڵام پلەی فۆنیمی نی یە، بەم شێوەیە:

من　　　min

ئەلەفۆنی (ی) رۆڵی ڤاوڵی بڕگە ئەبینێ.

یەکێ لەو کێشانە ئەوەیە کە لە ئەلفوبێی عەرەبیەکەدا وێنە بۆ بزرۆکە دانەنراوە، بەڵام لە ئەلفوبێ لاتینییەکەدا وێنەی بۆ دانراوە، بەم جۆرە (i).

بە بڕوای ئێمە ئەمە کێشە نییە، چونکە وەك پێشتر باسکرا ئەم دەنگە ئەلەفۆنە و وێنەی بۆ دانانرێ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە بون و نەبونی وەك پێداویستی بۆ پێکهاتەی بڕگە، ئەمە کاری پسپۆڕانی زمانی کوردییە، ئەگینا کەسانی تر بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە (فەرمانبەر، کارگوزار، کاسب، پزیشك، پارێزەر، ئەندازیار، مامۆستا ،...) نە دەزانن بزرۆکە چییە و نە ئیشیان پێیەتی، هەروەها بونی وێنەکەی لە لاتینیدا نەك کێشەی چارەسەرنەکردووە، بەڵکو کێشەی گەورە کردووە، کێشەی زۆر گەورەش بۆ ڕێنوسی کوردی دەنێتەوە، چونکە جگە لە پسپۆڕانی زمانی کوردی، خەڵکانی تر لە نوسینیدا هەڵە دەکەن کە کەسێکی ناپسپۆڕ چۆن دەنگێك بنوسێ کە نەدرکێنرێ، لە بەر ئەوە پێشنیازی ئەم باسە ئەوەیە وێنەی بۆ دانەنرێ و لە لاتینی یەکەشدا لابرێ.

٣- (ع):

ئەم دەنگە لە کوردیدا فۆنیم نییە، بە بەڵگەی ئەوەی وشەیەکی کوردیمان نییە ئەم دەنگەی تێدا بێ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ دەنگی هەمزەشدا جێی یەکتر دەگرنەوە وەك: (ئاسمان - عاسمان - قورئان - قورعان) هەرئەم جێگرتنەوەی یەکتر بەلگەی ئەوەن کە (همزە و ع) هیچیان پلەی فۆنیمیان لە کوردیدا نییە.

٤- ( و ) (u):

ئەم فۆنیمە شێوەی درکاندنی هەمان ڤاوڵەکانی تری هەیە، بەو پێ یە ناکرێ کۆنسنانت بێ، کەواتە لە ڕیزی ڤاوڵەکانی زمانی کوردیدایە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش کە زۆر جاریش رۆڵی کۆنسنانت ئەبینێ، بۆ نمونە، لەو وشانەدا یان لەو بڕگانەدا کە ڤاوڵێکی تریان تیا بێ:

| | |
|---|---|
| د ا و ا | d a w a |
| ↓↓↓↓ | ↓ ↓ ↓ ↓ |
| v c v c | c v c v |

ئەمە ڕاستە لە بەرئـەوەی لـە بڕگەیەكدا نـابێ دو ڤـاوڵی تێـدا بـێ بـەو پێیـە فـۆنیمی (و) لەوێـدا ڕۆڵـی كۆنسـنانت ئـەبینێ، ئەمـە بـەو جـۆرە لێكدەدرێتـەوە كـە ئـەم فۆنیمـە فـرە ئەركـە، واتـە ئـەتوانێ ئـەركی كۆنسنانتیش ببینێ، بەڵام كۆنسنانت نیە، بەڵكو لە ڕیزی ڤاوڵەكاندایە.

لـە ئـەلفوبێ عەرەبییەكـەدا وێنـەی بـە كۆنسـنانتی و بـە ڤـاوڵی وەك یەكـە و لـە لاتینـی یەكـەدا ئەمـە جیاكراوەتەوە:

| C كۆنسنانت | | V ڤـاوڵ | |
|---|---|---|---|
| و | w | و | u |

دیسان لەمەشدا ئێمـە بـە باشـی دەزانـین كـە هـەروەكو ئـەلفوبێ عەرەبییەكە هەریـەك وێنـەیان هـەبێ لەبەرئەوەی تەنیا پسپۆڕانی زمانی كوردی كۆنسنانت و ڤاوڵ دەناسن و ئەمە پیشەیانە، ئەگینا كەسـانی تـری ناپسپۆڕ، نازانن كۆنسنانت و ڤاوڵ چییە؟ ئیتر چۆن بە دو وێنـەی جیـاواز بیاننوسـن، بـە بـێ گومـان دەبێتـە مایەی هەڵەیەكی زۆر لە ڕێنوسی كوردیدا، لە بـەر ئـەوە هەریـەك وێنـە گونجـاو و دروسـتە، ئەمـە لەكاتێكـدا ئەوەش دەزانین كە لەم توێژینەوەیەدا ئەو فۆنیمە تەنیا بە ڤاوڵ ناسێنراوە و فرە ئەركە، واتە دەنگێك نییـە هەم ڤاوڵ بێ و هەم كۆنسنانت، تا دو وێنەی جیاوازی هەبێ.

٥- (ی) (□)؛

هەمان ئەو بۆچونەی سەرەوە دەربارەی ( و ) بۆ ئەمیش دروستە، واتە لە ڕیزی ڤاوڵەكانـە و بـەڵام فـرە ئەركە بۆ نمونە:

| گیا | | پیر | |
|---|---|---|---|
| | y | | □ |
| | g y a | | p □ r |
| | ↓ ↓ ↓ | | ↓ ↓ ↓ |
| | c c v | | c v c |

لـە ئـەلفوبێ عەرەبییەكـەدا وێنـەی بـە كۆنسـنانتی و بـە ڤـاوڵی وەك یەكـە و لـە لاتینـی یەكـەدا ئەمـە جیاكراوەتەوە:

| C كۆنسنانت | | V ڤـاوڵ | |
|---|---|---|---|
| ی | y | ی | □ |

دیسان لەمەشـدا ئێمـە بـە باشـی دەزانـین كـە هـەروەكو ئـەلفوبێ عەرەبییەكە هەریـەك وێنـەیان هـەبێ، لەبەرئەوەی تەنیا پسپۆڕانی زمانی كوردی كۆنسنانت و ڤاوڵ دەناسن و ئەمە پیشەیانە، ئەگینا كەسـانی تـری

ناپسپۆڕ، نازانن کۆنسنانت و ڤاوڵ چییە؟ ئیتر چۆن بە دو وێنەی جیاواز بیاننوسن، بە بێ گومان دەبێتە مایەی هەڵەیەکی زۆر لە ڕێنوسی کوردیدا، لە بەر ئەوە هەریەك وێنە گونجاو و دروستە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەش دەزانین کە لەم توێژینەوەیەدا ئەو فۆنیمە تەنیا بە ڤاوڵ ناسێنراوە و فرە ئەرکە، واتە دەنگێك نی یە هەم ڤاوڵ بێ و هەم کۆنسنانت، تا دو وێنەی جیاوازی هەبێ.

٦- ( وو ) ( û ):

ئەم دەنگە لە کوردیدا بە واوی درێژ ناوبراوە و زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەو بیروڕایەن کە دەنگی [و]ی درێژ، فۆنیمە و ڤاوڵێکی درێژە، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم دەنگە لە کوردیدا پلەی فۆنیمی نییە، چونکە:

١- ئەم دەنگە واتە (و)ی درێژ هەرگیز لەسەرەتاوە نایەت.

٢- سازگەی دەرچون و دروستبونی لەگەڵ (و)ی کورتدا هەمان سازگەیە و جیاواز نین.

٣- هەرکاتێ ڤاوڵێکی تر بێتە تەنیشتییەوە، ڤاوڵەکە کورت بێ یا درێژ هەر ئەم گۆڕانی بەسەردا دێت. لە زۆر وشەدا ئەم دەنگە دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر، وەك:

خانوو + ەکە ⟵ خانۆکە ، کەوتووە ⟵ کەوتییە

٤- تەنیا لە یەك وشەدا واتا دەگۆڕێ، وەك (کوڕ ⟵ کووڕ)، لە کردارەکاندا هەرگیز ڕۆڵی واتا گۆڕین نابینێ(عەلی، ٢٠٠٥، ل ١٧).

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم دەنگە فۆنیمێکی زۆر سستە و بە وازهێنان لە نوسینی و بە لابردنی لە ڕێنوسدا کێشەیەکی ئاڵۆزی ڕێنوسی کوردیمان بۆ دەڕەوێنێتەوە.

٧- (نگ):

ئەم دەنگە لەسەرەتاوە زمانەوانەکان ڕای جیاوازیان دەربارەی هەبووە، هەندێك بە فۆنیمیان داناوە و لە ڕێنوسە لاتینییەکەشدا وێنەیان بۆ داناوە و هەندێکی تریش بە فۆنیمی دانانێت.

بیروڕای ئێمە دەربارەی ئەم دەنگە ئەوەیە کە ئەم دەنگە بە تەنیا لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمە، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچونەمان ئەوەیە کە یاسایەکی فۆنۆلۆژی کوردی ئەوەیە کە کاتێك کەرەسەیەك، مۆرفیمێك یان فۆنمێك بۆ وشەیەك یان بڕگەیەك زیاد دەکەین، دوا دەنگی ئەو بڕگەیە یان وشەیە ئەپەڕێتەوە بۆ لای دەنگە زیادکراوەکە و بڕگەیەکی زیادە پێکدەهێنن، وەك:

دار (یەك بڕگەیە)

بە زیادکردنی فۆنیمی (ا) وشەکە دەبێت بە (دارا)

واتە (ر) پەڕییەوە و لەگەڵ (ا) بڕگەیەکی نوێی دروست کرد، بە پێی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییە دەبێ لە کاتی زیادکردنی هەر دەنگێکدا بۆ هەر بڕگەیەك کە دەنگی (نگ)ی تیابێ، دەبێ (گ) بپەڕێتەوە، وەك هەندێ لە

زمانەوانەکان بۆی چون، کەچی ئاخاوتنەکانمان بەلگەی ئەوەن کە دەنگی [نگ] کەرت نابێ و هەمووی دەپەڕێتەوە.[*] (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٧: ٤٢). وەك:

هەنگ + ێك ← هەنگێك ← henek ، هەنگ + ەکە ← هەنگەکە ← heneke

بەلاّم کە قسە لەسەر زمانی ستاندارد بێ، ئەوا ئەگەرچی لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمیش بێ، بەلاّم نابێ لە زمانی ستانداردا، حسابی بۆ بکرێ، هەر بۆیە ئاساییە کە وەك هەمو دەنگەکانی تر، ئەمیش دو دەنگە و (ن - گ) بە دوای یەکدا دێن، زمانەوانەکانیش هەمان بۆچونیان هەیە.

**٨- (ق):**

دەربارەی ئەم دەنگەش بۆچونمان وایە، لەوانەیە ئەم دەنگە بەهۆی کاریگەری زمانی تورکی و عەرەبیەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردی، بەلاّم لەگەلٚ ئەوەشدا ئێستا لە زمانی کوردیدا بە کاردێت، بۆیە فۆنیمە.

**٩- (غ):**

دەربارەی ئەم دەنگەش بۆچونمان وایە، کە فۆنیمێکی زۆر چالاك نییە لە کوردیدا، بەلاّم فۆنیمە.

**١٠- (ح):**

دەربارەی ئەم دەنگەش بۆچونمان وایە، کە فۆنیمێکی زۆر چالاك نییە لە کوردیدا، بەلاّم فۆنیمە.

**١١- (یی):**

دەربارەی ئەم دەنگەش بۆچونمان وایە، کە نابێ بە دو (ی) بنوسرێ، ئەگەر فۆنیمیش بێت لە زمانی کوردیدا، بەلٚکو دەبێت نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت.

**١٢- (وێ):**

ئێمە پێمان وایە کە ئەم دەنگە دیفتۆنگ نییە لە زمانی کوردیدا، بەلٚکو بریتییە لە هەردو دەنگی [و] و [ێ]، واتە ناخرێتە ڕیزی فۆنیمەکانی زمانی کوردییەوە.

**١٣- (خ):**

هەروەها دەربارەی ئەم دەنگەش بۆچونی ئێمە وایە، فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، بەلاّم لە ڕیزی فۆنیمە ناچالاکەکانە.

**١٤- (ڤ):**

هەروەها دەربارەی ئەم دەنگەش بۆچونی ئێمە وایە، فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، بەلاّم لە ڕیزی فۆنیمە ناچالاکەکانە و زیاتر لە شێوەی کرمانجی باکوردا دەبینرێ.

**١٥- (ڕ):**

ئەم دەنگەش فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، نرخی تایبەتی خۆی هەیە لە سنوری فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا و جیایە لە فۆنیمی /ر/.

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر(بڕوانە: بەکر عومەر عەلی؛ ٢٠٠٧ : ٤٢ - ٤٥).

**٢ – ٣)بیروڕای جیاواز لەسەر بڕگە:**

لە زمانی کوردیدا چەند بیروڕایەکی جیاواز لەسەر شێوە ڕۆنانەکانی بڕگەی فۆنۆلۆژیدا هەیە، ئێمە لێرەدا هەندێك لەم بیرو ڕایانە دەخەینەڕو دواتریش ڕای خۆمان دەردەبڕین.

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە کتێبی (زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا) ئاماژەی بە دو قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژی داوە لە زمانی کوردیدا هەروەکو لە نمونەکاندا دەردەکەوێت کە ئەمانەن:

١- (C V) (دۆ ، پێ ، دە ........ هتد)

٢- (C V C) (پیر ، ماڵ ، سەر ، دار ........ هتد) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٦٨ - ٦٩).

هەروەها (محەمەد مەعروف فەتاح) نۆ قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژی دیاریکردووە بۆ زمانی کوردی کە ئەمانەن:

١- (V) (ئـا) (A)

٢- (C V) (بـا) (Ba)

٣- (C V C) (بـار) (Bar)

٤- (C C V) (گیـا) (gya)

٥- (C V C C) (هەست) (Hast)

٦- (V C C) (ئاست) (Ast)

٧- (V C) (ئـاو) (Aw)

٨- (C C V C) (دوان) (dwan)

٩- (C C V C C) (خوارد) (Xward) (Fattah: 1997: 36).

ئەم شێوە بڕگانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە بزوێنەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە دروستبونی بڕگەدا هەیە، سێ لەم شێوە بڕگانەی سەرەوە بە ڤاوڵ دەست پێدەکەن، بەڵام بە پێی لایەنی فۆنەتیکی بڕگە هیچیان بە ڤاوڵ دەست پێناکەن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەر کاتێك بڕگە بە ڤاوڵ دەست پێبکات لە زمانی کوردیدا، ئەوکاتە بۆ ئاسانی گۆکردن دەنگێکی وەستاوی قوڕگی (glottal stope) وەکو دەنگی هەمزە (ئـ) دێتە پێش ڤاوڵەکە (Fattah: 1997: 36 )، چونکە تایبەتمەندی زمانی کوردی وایە کە بڕگەکانی بەهیچ شێوەیەك بە ڤاوڵ دەست پێناکەن.

(وریا عومەر ئەمین)یش نۆ قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردی دیاریکردووە کە ئەمانەن:

١- C C V C C خوارد

٢- C C V C ژوان

٣- C C V برا

٤- C V تۆ

٥- C V C شــەو

٦- V ئێ

٧- V C ئــاش

٨- V C C ئەرك

٩- C V C C دەست (وریا عومەر ئەمین: ١٩٩٠: ٤٨ - ٤٩).

**هەروەها (غازی فاتح وەیس) پێنج قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژی دیاریکردووە بۆ زمانی کوردی:**

١- C C V C C خوارد

٢- C C V C ڕوان

٣- C C V خوا

٤- C V دا

٥- C V C دار (غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٨، ٨٣).

**هەروەها (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن) نۆ قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا دیاریکردووە:**

١- C C V C C خوارد

٢- C C V C شوان

٣- C C V برا

٤- C V بۆ

٥- V ئــا

٦- V C ئاو

٧- V C C ئــارد

٨- C V C بۆر

٩- C V C C دەست (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ٥٣، ٥٤).

**هەروەها (تاڵیب حوسێن عەلی) شەش قالبی بڕگەی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا دیاریکردووە:**

١- C V نۆ

٢- C V C بـار

٣- C C V گیا

٤- C C V C چوار

٥- C V C C دەست

٦- C C V C C خوارد (تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ٢٧).

**هەروەکو دەبینرێ جیاوازی لەنێوان ئەم زمانەوانانەی سەرەوەدا هەیە لە دیاریکردنی قالبی بڕگەی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا ، کە لە ئەنجامی ژماردن و نەژماردنی هەمزە (ئـ) بە فۆنیم بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی هەمزە بە فۆنیم دادەنێن چەند شێوە ڕۆنانێکی بڕگە جیابکەنەوە کە جیاواز بێت لە وانەی کە هەمزە بە فۆنیم دانانێن .**

**لێرەدا دەکرێ بگوترێ کە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف و غازی فاتح وەیس و تاڵیب حوسێن عەلی) هیچ قالبێکی بڕگەیان ئاماژە پێنەکردووە لە کوردیدا بە ڤاوڵ دەست پێبکات، بۆیە لەلای ئەوان قالبی بڕگەی (V) و (VC) (VCC) ئاماژەی پێنەکراوە.**

**هەروەها بەپێی بۆچوونی هەمو ئەو زمانەوانانەی کە ئاماژەمان پێداون هێشوە کۆنسونانت لە پێش و دوایی لوتکەی بڕگە واتە (ڤاوڵ) دەبینرێت، جگە لە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) نەبێت کە ئاماژەی بە هیچ هێشوە کۆنسونانتێك نەکردووە نە لە پێش نە لە پاش ڤاوڵەوە.**

**هەروەها پێمان وایە کە لە زمانی کوردیدا شەش جۆر بڕگەمان هەیە، چونکە زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن :**

**١- بچوکترین بڕگە:**

**پێکدێت لە کۆنسونانتێك و ڤاوڵێك، وەك:**

دێ dê ↓↓ c v    با ba ↓↓ c v    شا şa ↓↓ cv    نۆ no ↓↓ cv

**٢ - بڕگەی CVC : واتە کۆنسونانتێك و ڤاوڵێك و کۆنسونانتێك وەك:**

شار ş a r ↓↓↓ c v c    مۆر mor ↓↓↓ c v c

**٣- بڕگەی CVCC: واتە کۆنسنانت، ڤاوڵ، کۆنسنانت، کۆنسنانت واتە کۆتاییەکەی دو کۆنسنانت بێ، وەك:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرد | b e r d<br>↓↓↓↓<br>c v c c | دەست | d e s t<br>↓↓↓↓<br>c v c c |

**٤- بڕگەی CCV: واتە دو کۆنسنانت لە سەرەتاوە و ڤاوڵێك لە کۆتاییەوە، وەك:**

| | |
|---|---|
| کوا | k w a<br>↓↓↓<br>c c v |

**٥- بڕگەی CCVC: واتە دو کۆنسنانتی سەرەتا ، ڤاوڵێك، کۆنسنانتێك:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| چوار | Ç w a r<br>↓↓↓↓<br>c c v c | خوار | x w a r<br>↓↓↓↓<br>c c v c |

**٦- گەورەترین بڕگەی کوردی: دو کۆنسنانت، ڤاوڵێك، دوکۆنسنانت(فەتاح، ١٩٨٢، ل ٢٣٢، ٢٣٣):**

| | |
|---|---|
| خوارد | x w a r d<br>↓↓↓↓↓<br>c c v c c |

**لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوەبین، کە هەندێك ڕایان وایە کە لە سەرەتاوە هەرگیز دو کۆنسنانت لە کوردیدا نییە و هەر بۆیە بە لاتینی بەم جۆرە دەنوسن:**

| | |
|---|---|
| بردم | birdim |
| پشت | pişt |
| کوا | kiwa |
| شوان | şiwan |

**ئەم بۆچونەش زانستی نییە، چونکە ئەگەر ئەو بۆچونە هەڵەیە پەسند بێ کە گوایە دو کۆنسنانتی سەرەتامان نییە، ئەوا جۆرەکانی بڕگە لە کوردیدا، سێ جۆریان لەو شەشەی دیاریمانکرد دەمێنێتەوە، چونکە ئەم سێ جۆرەیان نامێنێ:**

| | |
|---|---|
| CCV کوا | CCV گیا |
| CCVC چوار | CCVC گیان |
| CCVCC خوارد | |

**کەواتە لە کوردیدا دو کۆنسنانتی سەرەتامان هەیە بە مەرجێك دەنگی دووەمیان یان (و) بێ، یان (ی) بێ، بەم جۆرە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **شوان** | ş w a n | **گیان** | g y a n |
| | ↓ ↓ ↓ ↓ | | ↓ ↓ ↓ ↓ |
| | c c v c | | c c v c |

**بۆ زیاتر رونکردنەوەی ئەم لایەنە، با وشەیەکی وەك (شوان) بڕگە، بڕگە بکەین کە بۆ بڕگەکردنی ئەم ئەگەرانەمان هەیە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **١- شوان** | **ش وان** | şi wan | **دو بڕگە** |
| **٢- شوان** | **شو ان** | şw an | **دو بڕگە** |
| **٣- شوان** | **شوا ن** | şwa n | **دو بڕگە** |
| **٤- شوان** | **شوان** | şwan | **یەك بڕگە** |

**ئاشکرایە کە جگە لە ئەگەری چوارەمیان ، سیانەکەی تر پەسەند نین و هەرگیز هیچ کوردێك بەو جۆرە قسەناکات و بەو جۆرانە وشەکە نادرکێنێ و گوێ ناکات، کەواتە تەنیا ئەگەری چوارەمیان دروستە و زانستییە، واتا وشەکە یەگ بڕگەیە و لە دو کۆنسنانتی سەرەتا و ڤاولێك و کۆنسنانتی کۆتایی پێکهاتووە.**

**لەم دواییەدا لای هەندێ لە زمانناسان ئەو بۆچونە هاتۆتە کایەوە کە ڤالبەکانی بڕگە لە کوردیدا، شەش ڤالب نییە، بەڵکو نۆ ڤالبمان هەیە(وریا عومەر ئەمین: ١٩٩٠: ٤٨، ٤٩)، واتا سێ ڤالبی تری زیاد کردووە، وەك:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ئازاد** | <u>A</u> ZAD | ⟵ | **بڕگەی یەك ڤاوڵ** | A |
| **ئاو** | <u>AW</u> | ⟵ | **بڕگەی** | vc |
| **ئارد** | <u>ARD</u> | ⟵ | **بڕگەی** | vcc |

**هەڵەی ئەم بۆچونە لەوەدایە کە یاسایەك لە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییان لە بیرکردووە، بە پێی ئەو یاسایە:**

**دوا دەنگی بڕگە لە کاتی گەورە بونی بڕگەکەدا، دەپەڕێتەوە و لەگەڵ دەنگەکانی تردا بڕگەی نوێ دروست دەکات (بڕوانە: عەبدولوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٧). بۆ ڕونکردنەوە:**

**دار ⟵ ئەم وشەیە یەك بڕگەیە و (ر) دوا دەنگی بڕگەکەیە، هەر کاتێ کەرەسەی تر بۆ وشەکە زیادبکەین، ئەوا دوا دەنگ کە (ر) ەکەیە دەپەڕێتەوە و بڕگەیەکی نوێ دروستدەکات:**

دار + ا ⟵ دا را

da ra ⟵ a + dar

بەلام لە وشەکانی وەکو: {نوێ / گوێ} دوادەنگ کە (ێ) کەیە، ناپەڕێتەوە و لە بڕگەکەی خۆی نابێتەوە، لەبەر ئەوەی (ێ) ڤاوڵە، چونکە ئەگەر بپەڕێتەوە دەبێ بە دەنگی یەکەم و بەو پێیە بڕگە نوێیەکە بە ڤاوڵ دەستپێدەکات.

بۆ نموونە:

گوێ + ز ⟵ گوێز ⟵ بڕگەی نوێ دروست نەبو

گوێ + زان ⟵ گوێ - زان ⟵ کەواتە (ێ) لە بڕگەکەی خۆی جیانەبۆوە.

ئەو یاسا فۆنۆلۆژییە باشترین بەلگەیە و پێمان دەڵێ کە بڕگە لە کوردیدا بە ڤاوڵ دەستپێناکات، کەواتە ئەو سێ ڤالبەی زیادکراوە دروست نییە، ژمارەی ڤالبەکانی بڕگەی کوردی لە شەش تێناپەڕێ.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە پرنسیپێکی زانستی زمان بدەین کە لە لای هەندێ کەس بە هەڵە وای دەبینن کە تا ژمارەی فۆنیمەکان زۆر بێ ئەوە بۆ زمان باشە، ئەمە بۆچونێکی هەڵەیە، چونکە زمان هەیە ژمارەی فۆنیمەکانی لە کورد کەمترە و کەچی فەرهەنگەکەشیان دەوڵەمەندترە.

لە ڕاستیدا، چالاکی زمان لە ژمارەی فۆنیمەکاندا نییە، بەلکو چالاکی زمان لە لێکدانەکاندایە، بە واتای ئەوەی چەندە دەتوانێ بە لێکدانی فۆنیم و مۆرفیمەکان، وشە و زاراوە دارێژێ، هەر وایشە کە بە ژمارەیەکی کەم لە فۆنیمەکان، هەزاران وشە و مۆرفیم دادەڕێژێ و هەروەها بە ڕیزبوونی ئەمانیش، هەزاران هەزار ڕستە دادەڕێژێ.

## ڕێــنــوسی کوردی

### ٣ – ١) ناساندنی ڕێنــوس:

ڕێنوس لە ئینگلیزیدا بەرانبەر زاراوەی (Orthographia) دەوەستێت، کە لە هەردو وشەی (Orthos - ڕاست) و (Grapho – دەنوسم)ەوە پەیدابووە، کە بە هەردوکیان واتای (ڕاست نوسی) یاخود (ڕێنوس) دەگەیەنن(جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٧٨).

ڕێنوس بەشێکە لە زانستی زمان، هەر بۆیە کاری زمانەوانە کە ئیشی تێدا بکات، ڕێنوس بریتییە لە کۆمەڵە دەستورێك کە بەهۆیەوە ئاخاوتنی ئێمەی پێ دەنوسرێت، هەر بۆیە ئەو کەسەی کە دەنوسێ ئەگەر لە دەستور لابدات، هەڵەی ڕێنوس دەکات، کە ئەم جۆرە هەلاٌنەش دەبنە هۆی ئەوەی کە دەقەکەمان بەتەواوی بۆ نەخوێندرێتەوە(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ٤ - ٥)، یان بریتییە لە دیوی دووەمی قسەکردن و پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵیدا هەیە، کە بەوردبونەوە لە قسە دەتوانین لە نوسین بگەین، هەروەها نوسین لە پێش داهێنانی تۆمارکردندا تاکە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بووە(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٩).

هەروەها ڕێنوس دەربڕین و ڕونکردنەوەی دەنگە بەهۆی وێنەی دروستکراوەوە کە پێی دەڵێن (پیت) (مستەفا نەریمان: ١٩٨١: ٥). (بێگومان نوسین لە هەر زمانێکدا بێت شتێکی دەستکردە و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە دایانناوە کە قسەی پێدەکەن، هەروەها لەسەری ڕێککەوتون کە شێوەی نوسینەکەیان بەمجۆرە بێت) (بڕوانە: تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١٢). ((هەروەها ڕێنوس و نوسین کەلە مێشکدا چەسپان دەبنە بەرنامە، مرۆڤ بەسەریدا زاڵە و دەسەلاٌتی بەسەرییەوە هەیە نەك بە پێچەوانەوە، هەروەها نوسین وتن ڕاناکێشێت)) (وریا عومەر ئەمین و سێ زمانەوانی تر: ٢٠١٣: ٩). ڕێنوس سیستەمی هێماکانی زمانە، دەفری پاراستنی بەرهەم و داهێنانە بیریەکانە و هەر ڕێنوسیشە دەبێتە هۆی پاراستنی کەلتورە نەتەوەییەکان بۆ نەوەکانی داهاتو(محەمەد وەسمان: ٢٠١٢: ١٣١)

ڕێنوس و چۆنیەتی نوسین بەشێوەیەکی ڕاست و تەواو پێویستی بەشارەزایی و زانینی ڕێزمان و دەستوری زمانە، کە ڕێگەی ڕاست نوسینمان بۆ خۆش دەکات و ئەو هەڵە و ناتەواویەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە توشمان دێن، کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زانینی ڕێزمان و ڕاست نوسیندا هەیە(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٨٢: ٤٢٠). ((بۆیە پێویستە ڕێنوس لەگەڵ دەستور و ڕێزمانی ئەو زمانەدا بگونجێ لە ناچاریدا نەبێ نابێ لە ڕێزمان لابدات)) (عومەر عەبدولڕەحیم: ١٩٨٢: ١٧٥)، چونکە ئەگەر یەکێك بیەوێت فێری زمانێك ببێ لە

پێشدا دەبێت فێری ڕێنوس و ڕێزمانی ئەو زمانە ببێت، بۆ ئەوەی هەڵە لە قسەکردن و نوسیندا نەکات(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٣).

هەروەها ڕێنوس هۆیەکە بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوە و نوسین (ئیبراهیم ئەمین باڵدار: ١٩٨٢: ٩٥). واتا بێ شارەزایی ڕێنوس، خوێندنەوە و نوسین کارناکەن(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ٤). واتا کاتێك ئێمە دەتوانین بەئاسانی بخوێنینەوە و بنوسین ئەگەر سەرمان لە ڕێنوسی زمانەکەمان دەرکرد و شارەزاییمان لێی هەبو، دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە (باشترین ڕێنوس ئەو ڕێنوسەیە کە وشەکانی چۆن لەدەم دێنە دەرەوە بەو جۆرە بنوسرێن، وەیان چۆن دەنوسرێن بەو جۆرە بخوێندرێنەوە) (عومەر عەبدولڕەحیم: ١٩٨٢: ١٧٤).

هەروەها یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی دەستوری نوسینی هەر زمانێکی دیاریکراو نیشانەکانی خاڵبەندییە، (نیشانەکانی خاڵبەندی پێوانە و کۆشانەی مانا و سەرنج و ڕابەریکردن و خواست و مەبەست بۆ خوێنەر لە نوسیندا دیاری دەکات، کە ئەمەیە دەقی دروستی خوێندنەوە لای خوێنەر)(حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٤٠٨). کەواتە باش دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی و چاك زانینی دەستوری بەکارهێنانی لە هەر نوسینێکدا کارێکی پێویستە و گرنگە، کە خاڵبەندی لەگەڵ نوسینی وشەکان ڕوی هەرە گرنگی داڕشتنی نوسینن، کە باش دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی و ڕاست نوسینی وشەکان یارمەتی زو تێگەیشتنی خوێنەر دەدات، هەروەها ئەو کەسەی کە نیشانەکانی خاڵبەندی بەکاردەهێنێت دەبێت شارەزایی لە سروشت و ئەرك و دەوری ئەو نیشانانەدا هەبێت، کە بۆ دابەشکردنی تێکست لەڕوی سینتاکس و واتاوە بەکاردەهێنرێن(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١٤٤). کەواتە دەکرێ بگوترێ خاڵبەندی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕێنوسی هەر زمانێکدا، هەروەها بە پێی یاسا و دەستور دەڕوات بەڕێوە، کە ناکرێ لێی لابدەین.

هەروەها لە ڕوی زمانەوانیەوە بۆ دانانی ڕێنوس بۆ هەر زمانێك دو هەنگاو هەیە، کە(هەنگاوی یەکەمیان دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانەکەیە لەگەڵ دانانی پیتەکانی بەپێی سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانەکە ، هەنگاوی دووەمیش بریتییە لە چۆنیەتی لێکدانی پیتەکان لەناو چوارچێوەی وشەکاندا) (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٣٨).

لە ڕاستیدا ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە ڕێنوس ئەوەندە گرینگ نییە، بەو جۆرەی گەورە کراوە، چونکە ئەلفوبێ واتا وێنەی دەنگەکان، هەرکاتێك بمانەوێت زۆر بەئاسانی دەتوانین بیانگۆڕین و هەندێ وێنە دابنێین کە لەهی کەسی تر نەچێت و هی خۆمان بێ، بەڵام ئەمە پێویست ناکات و میللەتانی تریش خۆیان بەمەوە خەریك نەکردووە، ئەو چەند ئەلفوبێیەی کەلە ئارادایە، میللەتان وەریانگرتووە و هەندێ گۆڕانکارییان تێدا کردووە و لەگەڵ زمانەکانی خۆیاندا گونجاندویانە.

واتا دەبێت ئەوە بزاندرێت کە ئەلفوبێ پەیوەندی بە نەژادی زمانەوە نییە، هەر ئەلفوبێیەکی بەدەستەوە بگیرێت بۆ هەر زمانێك دەشێت و دەگونجێت، گرنگ پێکهاتنی گشتیە لەسەری، زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی کە ئێستا لە جیهاندا بەکاردەهێندرێن هیچ کامێکیان لەبنەڕەتدا بۆ ئەو زمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن، بەڵکو هەمویان لە زمانی ترەوە وەرگیراون، بۆ نموونە ئەو ئەلفوبێیەی کە ئێستا کورد بەکاریدەهێنێت (لەڕێی زمانی عەرەبییەوە) لە ئارامییەوە وەرگیراوە و ئارامی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە(وریا عومەر ئەمین و سێ زمانەوانی تر: ٢٠١٣: ٩).

**٣ – ٢)جـۆرەکانی نوســـین** (بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١ : ٢٢٣ - ٢٢٦، محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٩ – ٢٤١، ٢٤٦، ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦ : ١٣ - ٢١، تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١٥: ٧٤ – ٧٥ ): نوسین چەند جۆرێکی هەیە کە هەریەکەیان بواری خۆی هەیە، ئەمانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**٣ – ٢ – ١)نوسینی وێنەیی :**

نوسینی وێنەیی بەرامبەر زاراوەی (Pictograph)ی دەوەستێت کاتێك کە واتایی (جوان نوسین) دەگەیەنێت، بەیەکەم جۆری نوسین یاخود بەکۆنترین شێوەی نوسین دادەنرێت، کە ئەم جۆرە نوسینە لەلایەن زانایانی ئاسەوار و لەلایەن ئەتنۆگرافەکانەوە دۆزراوەتەوە، ئەم جۆرە نوسینە زیاتر بۆ دەربرینی توانای هونەری و هەستی ئایینی بووە، کە ڕوداوێکی ئاڵۆز بەهۆی وێنەیەکەوە دەنوێندرێت بێ گوێدانە زمان، واتا ئەم جۆرە نوسینە زیاتر بۆ ئەو کەسانە گرینگە کە بە مێژویی هونەردا دەچنەوە، واتا ئەم جۆرە نوسینە پەیوەندی بە زمانەوە نییە و بیرەکان بەرامبەر بە وشەکان ناوەستن، ئەم بێ پەیوەندێتیەی نوسینی وێنەیی بە زمانێکی دیاریکراوەوە بوەتە هۆی ئەوەی کە بتوانێ ببێ بە وەسیلەیەکی لەبار بۆ لەیەکتر گەیشتنی هۆزی خاوەن زمانی جیاواز .

هەروەها دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم جۆرە نوسینە لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا کەڵکی لێوەردەگیرێت، بۆ نمونە بۆ یاریدەدانی کەسانی نەخوێندەوار وێنەی ژن یاخود پیاو لەسەر دەرگای ئاودەست دەکێشرێ یان لە کتێبی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی منداڵدا، وێنەکە و وشەکە بەیەکەوە داندراون و منداڵەکە بەرلەوەی وشەکە بخوێنێتەوە سەیری وێنەکە دەکات.

**٣ – ٢ – ٢)نوسینی بیری :**

بەرامبەر زاراوەی (Ideograph) دەوەستێت، لەم جۆرە نوسینەدا نیشانەکان واتای ڕاستەوخۆی دیاردەکان نادەن، بەڵکو ئەو بیرە ڕادەگەیەنن کە لە مێشکی مرۆڤ پەیدا دەبێ، واتە تاقە بیرێك دەردەبڕێت کە بۆ یەك

شت دەگەڕێتەوە، پەیدابونی نوسینی ئایدۆگرافی پەیوەندی بە پێویستی دەربڕینی ئەو شتانەوە هەیە کە نەدەتوانرا لە ڕێگەی وێنەوە نیشان بدرێن، بۆ نمونە بۆ گەیاندنی واتای (بینین) وێنەی (چاو)یان دەکێشا، ئەم جۆرە نوسینەش پەیوەندی بە زمانەوە نییە، هەروەها لە رۆژگاری ئەمڕۆدا سود لەم جۆرە نوسینە وەردەگیرێ بۆ نمونە وێنەی مارێك و پیاڵەیەك ژەهر ڕەمزی پزیشکییە لە دەرمانخانە.

**٣ – ٢ – ٣)نوسینی وشەیی یان مۆرفیمی :**

لەم جۆرە نوسینەدا نیشانە بۆ هەموو مۆرفیمەکان یان وشەکانی زمان دادەنرێت، تاکە کەڵکی نوسینی وشەیی(logography) لەوەدایە کە جیاوازی نێوان دیالێکتەکان گرینگی نادرێتێ، بەواتایی ئەوەی کە قسەکەر بەهەر دیالێکتێك بدوێ دەتوانێ لە نوسینەکە بگات، کاتێك شارەزایی لە پەیوەندی وێنە و وشەکاندا پەیداکرد، کەم و کورتی نوسینی وشەیی لەوەدایە کە گرانە بۆ فێربون یان فێرکردن، چونکە ژمارەی مۆرفیم یان وشە لە زماندا زۆرە و سنورێکی داخراویشیان نییە، لەبەر ئەمە ژمارەی ئەو وێنانەی کە پێویستە بێ سنورن و هەر لە زۆربونیشدا دەبن، نوسینی وشەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە نییە.

**٣ – ٢ – ٤)نوسینی دەنگی یان فۆنەتیکی :**

لەم جۆرە نوسینەدا نیشانەکان ڕاستەوخۆ واتا دەرنابڕن، بەڵکو دەگۆڕێنەوە بە دەنگ و دەنگەکان واتایان دەدرێتێ ، ئەمەش دەکرێت بەچەند بەشێکەوە :

**٣ – ٢ – ٤ – ١)نوسینی بڕگەیی (Syllabic Notation):**

لەم جۆرە نوسینەدا ڕەمز یان نیشانە بۆ هەموو بڕگەکانی زمانەکە دادەنرێت، واتا نیشانەکان هێندەی بڕگەکانن، دیسانەوە لەبەر زۆری بڕگەکانی زمان و وێنەکان ئەم جۆرە نوسینە بەکەڵکی زمانێك دێت کە بڕگەی لەیەکچوی زۆربێ و دوپات بێتەوە، وەکو زمانی یابانی و هیندی کۆن، نوسینی عەرەبیش تا ڕادەیەك لەم جۆرەیە.

**٣ – ٢ – ٤ – ٢)نوسینی فۆنیمی یان ئەلفبایی :**

دەکرێ بگوترێ نوسینی فۆنیمی(Phonemic Notation) بلاّوترین جۆری نوسینە لە جیهاندا، لێرەدا هەمو فۆنیمەکانی زمان نیشانەی بۆ دادەنرێ، واتا بریتییە لە نوسینەوەی هەر فۆنیمێك بە هێمایەکی تایبەت، یەکێك لە چاکەکانی ئەوەیە کە ژمارەی نیشانەکانی زۆر کەمترە لە جۆرەکانی تر، لەبەرئەوە بۆ فێربون و فێرکردن زۆر ئاسانترە.

کەم بونەوەی نیشانەکان وەنەبێت لەبەرئەوە بێت کە ژمارەی دەنگ لە زمانێکدا کەم بێت، بەڵکو ئەم جۆرە نوسینە گوێ ناداتە هەمو دەنگێك، چونکە لە ڕاستیدا نوسین نابێت نیشانە بۆ هەمو دەنگێك دابنێت، چونکە هەندێك دەنگ گرینگیان نییە لە گەیاندنی مەبەستدا، هەروەکو چۆن لە خوێندنەوەدا شێوەی

پیتەکان و گەورەیی و بچوکیان یان ڕەنگ کردنیان کارناکاتە سەر مەبەستی نوسینەکە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم جۆرە نوسینە هەنگاوێکی گەورەیی بەرەو پێشەوە ناوە و زیاتر بلاْوبۆتەوە بە جیهاندا.

هەروەها نوسینی فۆنیمی تەواو بەو نوسینە دەوترێ کە بەرامبەر هەمو دیاردەیەکی گرینگی زمان، هەمو فۆنیمە ڕیزبو و سەپاو نیشانە دابندرێ، بەمەرجێ هەر نیشانەیەك یەك دەنگ بنوێنێ و هەر دەنگێکیش تاکە یەك نیشانەی هەبێ، بە واتایەکی تر نابێت نیشانەیەك بەرامبەر لە دەنگێ زیاتر دابنرێ یان دەنگێك لە نیشانەیەك زیاتر بەرامبەری دابنرێ، کەواتە دەکرێ دان بەوە دابندرێ کە نوسینی فۆنیمی تەواو یان نمونەیی لە جیهاندا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ، ئەگەر هەشبێ بۆ ماوەیەکی کورت وادەبێ، چونکە زمان دەگۆڕێ و ڕێنوس کەمتر دوای گۆڕان دەکەوێ.

نوسینی فۆنیمیش لە هەموو زمانێکدا وەکو یەك نیە، لە هەندێ زماندا وەکو (تورکی و فینلەندی) ژمارەی نیشانەکانی وەك ژمارەی فۆنیمەکانە، بە واتایەکی تر نوسین و قسەکردن تەواو گونجاون، لە هەندێ زمانی تردا لەبەرئەوەی نوسینەکە ماوەیەکی زۆر بەسەریدا ڕۆیشتوە و ناو بەناو نەگۆڕاوە تا لەگەڵ گۆڕانی زماندا دەرچێ، بۆیە نوسین و قسەکردن تا ڕادەیەك نەگونجاون، لە زمانی ئینگلیزیدا یان فەرەنسیدا، بۆ نمونە فۆنیم زۆرە کە بەهۆی چەند نیشانەیەکی جیاوازەوە دەنوسرێ، هەروەها نیشانەش هەیە کە بەرامبەر زیاتر لە فۆنیمێك دەوەستێ، دەکرێ بگوترێ زمانی کوردی لە نێواندایە، بەواتایەکی تر ڕێنوسی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای فۆنیمییە.

### ٣ – ٢ – ٤ – ٣)نوســینی فۆنەتیکی (Phonetic Notation):

ئەم جۆرە نوسینە کەمتر بەکاردێ بۆ نوسینەوەی زمان، لەم جۆرە نوسینەدا هەموو دەنگێك بێ گوێدانە گرنگی و ناگرنگی نیشانەیەکی تایبەتی دەدرێتێ، لەبەرئەوەی کە دیاردەی دەنگی بێ سنورە لە زماندا، بۆیە لەم جۆرە نوسینەدا ژمارەی نیشانە زۆر دەبێت بە جۆرێك نەك هەر گران دەبێت بۆ فێربون، بەڵکو ڕێنوسەکەش ناشرین دەکات، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم جۆرە ڕێنوسە تەنها بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردێ، وەکو لێکوڵینەوەی فۆنەتیکی، واتە ئەم جۆرە نوسینە بە پێچەوانەی نوسینی فۆنیمی کەمتر بلاْوە لەنێو زمانەکانی جیهاندا.

## ٣ – ٣)جــیاوازی نێوان زمـــان و نوســـین :

دەکرێ بگوترێ کە چەندین جیاوازی لە نێوان زمان و نوسیندا هەیە، چونکە سیستەمی نوسین پەیوەندی بە نەژادی زمانەوە نییە سەدان هەزار ساڵ پێش پەیدابون و داهاتنی نوسین زمان هەر هەبوە، زمان دیاردەیەکی سروشتیە، لە ژێر رکێفی یاسا سروشتیەکاندا کاردەکات و لە ژور دەسەلاْتی مرۆڤدایە

کەچی نوسین دەسکردە، وەك هەر یاسایەکی تری داندراو مرۆڤ هەمیشە دەتوانێ دەستکاریان بکات و بیانگۆڕێ بەپێی بارودۆخی پێویست(بڕوانە: وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٨).

هەروەها یەکێ لە جیاوازییە هەرە گرنگەکانی نێوان زمان و نوسین لەوەدایە، کە زمان بە بڕیار گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە زمان خۆی بەشێوەیەکی سروشتی گۆڕانی بەسەردا دێ، زمان وەکو هەر دیاردەیەکی تر لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، ئەگەرچی گۆڕانی زمان پرۆسەیەکی هێواش و لەسەرخۆیە و گۆڕانەکەش سروشتییە، کە گۆڕینی زمان هەمو ئاستەکان دەگرێتەوە(فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك).

ئەو زمانانەی نوسراوی قۆناغە ڕابردوەکانیان لەپاش بەجێ دەمێنێ زۆر بە ئاشکرایی ئەم گۆڕینانەیان تیا دەردەکەوێ، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵی رابردو بە بەردەوامی نوسراوەتەوە و شێوە جیاوازەکانی قۆناغە جیاوازەکانی ئەم زمانە پارێزراوە، کە بە بەراوردکردنی ئینگلیزی کۆن کە لە دەوروبەری سەدەی یانزدەم قسەی پێ کراوە لەگەڵ ئینگلیزی ئەمرۆ وەك دو زمانی جیاواز خۆیان دەنوێنن، بەڵام بە پێچەوانەی زمان، نوسین بە بڕیار گۆڕانی بەسەردا دێت و دەتوانین بە بڕیار ئەلفبا بگۆڕین کە ئەمەش کردەیەکی ئاساییە، بۆ نمونە لەکاتی خۆیدا لە تورکیا ڕێنوسە عەرەبیەکەیان گۆڕی بە ئەلفوبێی لاتینی(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٩: ٣٩٢).

واتا دەکرێ بگوترێ بەهۆی هەڵکەوتی زمان خۆیەوە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە بە پێچەوانەی نوسینەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕە، لەبەرئەوە ئەو نوسینەی ئەمرۆ زمانی قسە بە تەواوی دەنوێنێ سبەینێ لێی دوردەکەوێتەوە و بەشێوەیەکی هەمیشەیی شان بەشانی لەگەڵ یاسای دەنگی زماندا ناڕوات و جوت نابێت(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٣٠، ٢٤٦).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە زمان سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە، بەڵام نوسین وشك و وەستاوە، بۆیە نوسین ناتوانێ بە بەردەوامی پڕبەپێستی زمانەکە بێت، کاتێك ئەلفوبێ بۆ زمانێك دادەنرێ دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر نزیکی لە نێوان نوسین و زمانەکە بەدی دەکرێ، بەڵام زۆری پێناچێ زمان و نوسینەکە لەیەکتری دەترازێن و گیروگرفتی ڕێنوس پەیدادەبێ(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٤٦).

هەروەها نوسین کەرەسەیەکە کە بەتەواوکەری زمانی ئاخاوتن دادەندرێ و لە شێوە و جۆری هەمەچەشنی خۆیدا لەسەردەمی جیاوازدا بە چەشنی جیاواز پەیوەندی لەگەڵ زماندا هەبووە، نوسین لە هەمو پلەکانی پێشکەوتنی ئادەمیزاددا تەواوکەری ئاخاوتنە و دووەم وەسیلەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن، دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە دەربڕینی زمان بەهۆی ئەلفوبێوە هی دەورێکی زۆر درەنگی پێشکەوتنی نوسینە(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١٠ - ١١)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە نوسین زۆر دەمێنێتەوە و کەمتر دەگۆڕێ لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی مێژو و میراتی خۆمان چاکتر دەست دەدات لە گوتن، هەروەها نوسین هۆیەکە بۆ پاراستنی زمانی قسەکردن.

## ٣ – ٤)مـێژووی نوسینی کوردی به ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینـی :

ئاشکرایه له ئێستادا دو رێنوس لەئارادایه (نوسینی کوردی به ئەلفوبێی عەرەبی، نوسینی کوردی به ئەلفوبێی لاتینی) که لەباشور و رۆژهەڵاتی کوردستان به ئەلفوبێی عەرەبی دەنوسین و له رۆژئاوا و باکوری کوردستانیش به ئەلفوبێی لاتینی دەنوسین.

ئەگەر بمانەوێت باسی مێژوی بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی بکەین، لەلایەن کوردەوه به پێی بەڵگەی زانستی تەنیا ئەو دەستنوسه کوردیانه ماونەتەوه که سەردەمی نوسینیان بۆ پێش چەند سەدەیەك دەگەڕێتەوه(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٦٦ - ٦٧) یان دەگوترێ ((هەرچەنده بەداخەوه نازاندرێ که لەکەیەوه به کوردی دەنوسرێ، بەڵام ئاشکرایه پاش ئەوەی ئاینی ئیسلام له کوردستاندا بنجی خۆی داکوتا، کوردەکانیش وەکو فارسەکان دەستیان کرد به بەکارهێنانی ئەلف و بێ ی عەرەبی بۆ نوسینی زمانەکەیان، هەرچەنده ئەو بەڵگانەی تا ئێستا بەدەستەوەن، واتا ئەو تێکستانەی بۆمان ماوەتەوه، سەردەمی نوسینەوەیان لەچەند ساڵێك تێپەر نابێت)) (جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٧٨ — ٧٩).

واتا دەکرێ بگوترێ ئاینی ئیسلام زۆر دەمێکه کاریکردۆته سەر گەلی کورد و وای له گەلی کورد کردووه که چاوی بەم ئەلفوبێ عەرەبییه بکرێتەوه و دەستی به نوسینی ئەم ئەلفوبێیه ڕابێت، بۆیه هەرچی میراتی ڕۆشنبیری و سامانی نەتەوایەتی و زانراوی نەتەوەی کورد هەیه له دوای موسوڵمان بونیەوه بەم ئەلفوبێیه نوسراوەتەوه، بەڵام هەر له سەرەتاوه نوسەره هەره شارەزاکانی کورد هەستیان بەوه کردووه کەوا پێویسته هەندێك دەستکاری ئەلفوبێی عەرەبی بکرێ بۆئەوەی باشتر لەگەڵ دەنگەکانی کوردیدا بگونجێ(ڕێنوسی کوردی: ١٩٧٣: ٣٦٥ - ٣٦٦).

هۆی هەڵبژاردنی پیته عەرەبییەکانیش زیاتر بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که دەستەی یەکەم له خوێندەواران و رۆشنبیرانی کورد له کوردستان ئەوانه بون که قوتابخانەیان مزگەوت و تەکیه بو، مامۆستاکانیان مەلا و فەقێ بون، که بەقورئان لەبەرکردن و فێربونی ئاینی ئیسلام دەستیان پێکرد، جا هەر لەبەر ئەمه بو به باش زانرا که ئەم ئەلفوبێ عەرەبییه بکرێت به کەرەسەی ئەلفوبێی کوردی(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٥ - ٦)، بەڵگەی ئەمەش دیاره هەروەکو لەو بەرهەمه نوسراوانەی که وەکو دەستنوس ماونەتەوه گەیشتنونەته دەستمان وەکو بەرهەمەکانی نوسەر و شاعیرانی کورد (بابه تاهیری هەمەدانی و عەلی حەریری و فەقێ تەیران و مەلای باتێ و بێسارانی و ئەحمەدی خانی و نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و حاجی قادر و شێخ رەزایی تاڵەبانی...هتد).

(کۆنترین دەستنوس و چاپکراوی کوردی، ئەوە دەگەیەنن کە نوسەرانی کورد وەکو فارسەکان بۆ هەندێك لەو دەنگە کۆنانەی کە لە زمانی عەرەبیدا نەبون و لە ئەلفوبێیاندا نیگاریان دەست نەکەوتوە بە دانانی سێ خاڵ وەك (پ ، چ ، ژ ، ڤ ...) یاخود دانانی خەتێك وەك (گ) چاریان کردووە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٦٨). بۆ نمونە ئەو دەستنوسەی کە لە ساڵی (١٨٥٨ — ١٨٥٩ ز) کە مەلا مەحمودی بایەزیدی بەناوی (عادات و رسوماتنامەی اکرادیە) نوسیوێتی یاخود رۆژنامەی کوردستان کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە بەهەمان ڕێنوس چاپکراوە و ئەو پیتانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد تێیدا بەکارهێنراوە.

دواتر نوسەران هەستاون بە دەستکاری کردنی سەر و بۆر و ژێر لە ئەلفوبێی عەرەبیدا و لە جیاتی هەر یەکێك لەمانە نیگاری (ە) و (و) و (ی) یان داناوە، کۆنترین سەرچاوەش کە ئەمەی تێدا بەدیدەکرێ دەستنوسی ژمارە (٤٤٨)ی کتێبخانەی کۆری زانیاری کوردە، کە لە ساڵی (١٧٨٤ — ١٧٨٥ز) لەلایەن سەعید عەبدولاّ موکرییەوە نوسراوەتەوە، دیسانەوە دیاردەی بەکارهێنانی نیگاری (ە ، ی ، و) لە ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) دەبیندرێ، هەروەها لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی (١٩١٩)ی ئەستەنبۆڵ و گۆڤاری (زاری کرمانجی) (١٩٢٧)دا ئەم دیاردەیە دەبینرێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٧٠ - ٧٣).

هەروەها کتێبی (دەستوری زمانی کوردی)ی مامۆستا تۆفیق وەهبی کە لە ساڵی (١٩٢٩) نوسراوە و چاپکراوە کە لەسەرانسەریدا نیگاری (ە ، ی ، و) لە جێی سەرو ژێر و بۆردا داندراوە(بڕوانە: تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩). (ئەگەرچی نوسینی پیتی (و) لە بریتی بۆر و نوسینی پیتی (ی) لە بریتی ژێر هەنگاوێکی باش بو، بەلاّم گیروگرفتێکی پەیداکرد، ئەو گیروگرفتەش ئەوەبو کە شێوەیان لەگەڵ شێوەی پیتی بزوێنی (û) و (î) ی درێژ وەك یەك لێهات) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٧٥ - ٧٦).

هەروەها لە هەندێ سەرچاوە هاتووە کە دەگوترێ (خەلیل خەیالی) کە کوردی تورکیایە، بە دامەزرێنەری ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دادەنرێ، کە تا ئێستا ئەو ئەلفوبێیە لە کوردستانی عێراق و ئێران بەکاردەهێندرێ، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە ڕۆشنبیرە کوردەکان هەستیان بە زەرورەتێکی مێژوویی و نەتەوەیی مەزن کردووە بۆ بەدیهێنانی ئەلفوبێیەکی کوردی لەگەڵ درکاندن و دەنگە کوردییەکان بگونجێ، جا ئەو کەسەی ئەم کارەی کردووە، (خەلیل خەیالی) بووە. ئەویش بە گەواهی و شایەتی ڕۆشنبیرە کوردەکان کە هاودەم و هاوچەرخی ئەم کەسایەتییە بونە، ئەگەر هەر گومانێکیش لەم زانیاریانەدا هەبێت، ئەوا دەرچونی پەرتوکەکەی ئەلفوبێی کوردی لە ساڵی (١٩١٩) لەم بوارە یەکلاکەرەوەیە، کە ئەم پەرتوکە لەلایەن (محمد بایرق) لەساڵی ١٩٩٤ لە ئەنقەرە بلاّوکراوەتەوە لە توێی پەرتوکێك بەزمانی کوردی لەژێر ناونیشانی (Kurddojbelgeleri) نوسیویەتی) (هۆگر تاهیر تۆفیق: ٢٠٠٩: ٢٣ - ٣٢).

هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا (کۆمەڵەی گشتی کردنی خوێندەواری چاککردنی ڕێنوس) و (کۆمەڵەی هێڤی) گرینگیان بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕێنوسی کوردی داوە، (کە ئەلفوبێیەکان بەرهەم هێناوە لەسەر بناغەی پیتەکانی عەرەبی و هەشت پیتی نوێیان بۆ زیادکردووە، پیتەکانیش بریتی بون لە

سەرو بۆر و ژێر و ئەلف و واوی کراوە و واوی درێژ و پیتی لار و دیفتۆنگی (وێ)، کە لەنوسینی ئەمرۆی کوردیدا بەکاردێن و بونیان هەیە، هەروەها لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەنبۆڵ چوار نیگاری نوێ بۆ دەنگە بزوێنەکان بەرچاو دەکەوێ، ئەوانیش (و - هەشتێك لەسەری) بۆ واوی کراوە و (و — حەوتێك لەسەری) بۆ دیفتۆنگی (وێ) و (ی — هەشتێك لەسەری) بۆ (ێ) یێی کراوە و (ی — حەوتێك لەسەری ) بۆ بزرۆکەی (i) )( ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٧٦ - ٧٧).

هەروەها لەساڵی ١٩١٩ دا بۆ یەکەم جار بۆ هەمزە نیگاری (ئـ) و بۆ لامی قەڵەو (ڵ) بەکارهاتووە، کە بەر لە پەیدابونی وێنەی هەمزە وشەکان (ئە) یان تێدا بە (ا) نوسراوە، وەکو (ئەشکێنێ ، اشکێنێ) ، (ئاسمان ، اسمان) ، (ئەهێنن ، اهێنن) ، هەروەها لە ساڵی ١٩٢٥ یش نیگارێکی نوێی دی پەیدابو ئەویش دو واو نوسین بۆ دەنگی بزوێنی (û)ی درێژ(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٧٨ - ٨٤).

دواتر کتێبی (مختصر صرف و نحوی کوردی)ی مامۆستا سەعید سدقی کابان لە ساڵی (١٩٢٨) پەیدابوو بڵاوبوەوە، کە تێیدا باسی ئەم پیتانە دەکات کە عەرەبی نین کە ژمارەیان (٨) پیتە ئەوانیش (پ ، چ ، ژ، ڤ ، گ ، ث ، ۆ ، ێ )، کە باس لەوە دەکات کە ئەم پیتانە شێوەیان جیاواز نیە. لەگەڵ پیتەکانی عەرەبی ، بەڵکو بەدانانی چەند خاڵێك و بەدانانی (٧) لەسەریان جیادەکرێنەوە(سەعید سدقی کابان: ١٩٢٨: ٣ - ٤).

لێرەدا وەکو دەبینرێ ئەو پیتانەی کە مامۆستا سەعید سدقی بەکاریهێناوە زۆربەیان چەند ساڵێك لە پێشوتردا بەکارهاتون، بەڵام ئەوەی کە نوێیە (ێ ، ۆ)یە کە بە نوسین و لەسەر لاپەڕەی کتێب بۆ یەکەم جار لەلایەن مامۆستا سەعدی سدقی یەوە بەکارهێنراوە و باسکراوە.

دواتر بەساڵێك دوای ئەم کتێبە، کتێبی (دەستوری زمانی کوردی)ی تۆفیق وەهبی بڵاوبۆوە کە نوسەر تێیدا لە تێکڕایی دەنگە ڤاوڵەکان دواوە و وێنەی بۆ داناون، بۆ نمونە (واو) کەشیدەیەك لەسەری کردۆتە نیگاری (ۆ) ، (ی) چوکڵەیەك لەسەری بۆ دەنگی (ێ) داناوە، بۆ کورتە بزوێنێ (i) کە تا ئێستا لە ئەلفوبێی عەرەبی دەستکاریکراودا وێنەی نییە، بەڵام ئەم هاتووە (ی — دووخاڵ لەژێری) کردۆتە وێنەی، دو (و)ی بۆ دەنگی ڤاوڵی درێژی (û) و دو (ی)ی بۆ دەنگی ڤاوڵی (ی)(î) ی درێژ بەسندکردووە، هەروەها باسی پیتە کۆنسنانتەکانی کردووە و (ر)ی قەڵەوی لە (ر)ی لاواز و (ل)ی قەڵەوی لە (ل)ی لاواز جیاکردۆتەوە، کە نیشانەی جیاکردنەوەکەش دانانی خاڵێکە، کە بۆ (ر)ی قەڵەو لە ژێریدا و بۆ (ل)ی قەڵەو لەسەرەوە دایناوە، هەروەها نوسەر دیسان بەخاڵێك (ت)ی کلۆری لە (ت)ی ئاسایی و (د)ی کلۆری لە (د)ی ئاسایی جیاکردۆتەوە، نیشانەکانی جیاکردنەوەی ئەمیش دانانی خاڵێکە لەژێریدا بۆ کلۆرەکان(بڕوانە: تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩).

هەروەها لە ساڵانی سییەوە دیاردەی دانانی گیرە لەسەر (ر) بۆ نیشاندانی (ر)ی قەڵەو پەیدابو، لە هەندێ بەرهەمی ساڵانی (١٩٣٠) و (١٩٤٠) دا دەبینرێ، هەروەها هەر لەم ساڵانەدا واتا لە سییەکانی سەدەی بیستەم نوسینی دو (ر) بۆ (ر)ی قەڵەو لە ڕێنوسی کوردیدا سەریهەڵداوە، کە کۆنترین نوسراو ئەمەی تێدا بێت،

کتێبی (ئەلفوبێی کوردی) حامید فەرەجە کە لە ساڵی ١٩٣٦ نوسراوە(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٩٠ - ٩١).

لەساڵی ١٩٤٦ یشدا (وردی) وتارێکی بەناوی (دەستوری زمانی کوردی) بلاّوکردۆتەوە و دەربارەی چۆنیەتی نوسینی کوردی دەڵێ: "دەبێت واوی کورت بەیەك واو بنوسرێ و واوی درێژ بە دوو واو بنوسرێ و واوی کراوە پێویستە حەوتێکی لەسەر بێت و بۆ گیرەش پێویستە ئەو پیتە دوجار بنوسرێ، دوو جۆر لامیشمان هەیە لامی قەڵەو و لاواز و بۆ لامی قەڵەو دەبێ هەشتێکی لەسەر بکرێ، هەروەها سێ جۆر (ی) هەیە بێ هێز وەکو (یاری) بەهێز وەکو (تێر) دوو (ی) وەکو (دەنگی ی)" (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٩٥ - ٩٦).

کتێبی (ئەلفوبێ)ی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) کە بۆ منداڵان ئامادەی کردبو لە ساڵی ١٩٤٩ دا لە لایەن وەزارەتی مەعاریفی ئەو دەمەوە بڕیاری لە چاپکردن و خوێندنی درا، زۆربەی ئەو شێوە پیتە نوێیانەی کە تێیدا بەکارهێنرابون لە چاپخانەکانی ئەو رۆژانەدا دەست نەدەکەوتن، بۆیە کتێبەکە بە دەست خەت نوسرایەوە و وێنەکانی ڕەسم کرا، دواتر لە ساڵی ١٩٥١ لە چاپخانەی (نەجاح) لە بەغدا بەشێوەی کلێشە لەچاپ درا، کە هەرسێ پیتی (ۆ ، ێ ، ڵ) وەك نوسینی ئەمرۆ وابون، بەلاّم بۆ دەنگی (ر)ی قەڵەو دو (ر) کرابونە نیگار، دواتر لەساڵی ١٩٥٣ نوسەر کتێبێکی ئەلفوبێی نوێی دانا بەناوی (ئەلف و بێ ی نوێ بۆ منداڵان) کە لەسەر شێوەیەکی پێشکەوتوتر ڕێکی خستبو، کە جیاوازی لەگەڵ ئەوەی پێشوتردا ئەوە بوو کە بۆ دەنگی (ر)ی قەڵەو لەبریتی دو (ر) یەك (ڕ)ی کردۆتە نیگار، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ نوسەر کتێبێکی تری داناوە بۆ گەوران، کە ئەمە سێیەم ئەلف و بێ بوو بەناوی (ئەلف و بێ بۆ گەورە) کە لەم کتێبەدا هەمان دەستوری ڕێنوسی کتێبی (ئەلف و بێی نوێ بۆ منداڵان)ی تێدا بەکارهێناوە، دواتر نوسەر لە ساڵی ١٩٥٦ کتێبی دووەمی (ئەلف و بێی نوێ بۆ منداڵان)ی جارێکی تر گۆڕی، لە بەغدا لە چاپخانەی (رابطه) بە ئۆفسێت چاپی کردەوە، کە لەم چاپە پوختەکراوە نوسەر پیتی ڕێی قەڵەوی بۆ یەکەم جار بەیەك ڕێ نوسی و لە ژێریشیا نیشانەیەکی حەوتی دانا بەم شێوەیە (ڕ) (ئیبراهیم ئەمین باڵدار: ١٩٨٢: ٨٣ - ٨٨).

لە ساڵی ١٩٥٣ نیشانە بۆ پیتی (ۆ ، ێ ، ڵ، ڕ) لە چاپخانەکاندا نەبووە، بەلاّم لە ساڵی ١٩٥٣ مامۆستا سەجادی بە هاوکاری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد قاڵبی چوار پیتی (ۆ ، ێ ، ڒ ، ڵ) یان بۆ چاپخانە هێناوە و یەکەم شتێك کە بەم شێوەیە لە چاپدرا کتێبی (ناوی کوردی) بو لە ساڵی ١٩٥٣، بەم چەشنە سێ پیتی (ۆ ، ێ ، ڵ) لە جیهانی چاپی کوردیدا پەیدابون و لە ڕێنوسی کوردیدا جێی خۆی کردۆتەوە، بەلاّم (ڒ)ی پێشنیاری (سەجادی) و (ڕ)ی (تۆفیق وەهبی) و (رر)ی (حامید فەرەج)، کێشەی لەسەر بو، بەلاّم ئەمیش لە ساڵی (١٩٥٦)دا وێنەی (ڕ)ی بۆ کرا بە نیگار و جێی خۆی گرت لە ڕێنوسی کوردیدا(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ٨٢ ، ٩٧ - ١٠٢).

هەروەها لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتایی شەستەکان نوسەرانی کورد کەوتنە گرنگی دان بە ڕێنوسی کوردی و ڕێنوسی کوردی ڤالبێکی ئەوتۆی وەرگرت کە زۆربەی زۆری نوسەران چ لە کاروباری ڕۆژانە چ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ڕەوانی بەکاریان دەهێنا، نیشانەی هەرە گرنگی ڕێنوسی کوردی ئەو کاتە بریتیبون لەوەی کە لە جیاتی سەر و بۆر و ژێر پیتی (ە ، و ، ی) بەکارهێنرا و چوکلەی حەوت خرایە سەر واوی کراوە و پیتی کراوە و لامی قەڵەو و ژێر (ڕێ)ی قەڵەو، هەروەها ئەلفی درێژ بە (ئا) نوسراو، ئەو وشە بێگانانەی کە لە زمانی بێگانەوە وەردەگیران بە پێی دەستوری ڕێنوسی کوردی دەنوسرانەوە(مستەفا نەریمان: ١٩٨١: ٢٨ - ٢٩).

گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە واتا کۆتایی پەنجاکان و سەرەتایی شەستەکان گۆڤاری (گەلاوێژ) و (هیـوا) و (ڕۆژی نوێ) و (پێشکەوتن) و (شەفەق) بوون، کە وتارەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) کەمتر گرینگیان بە لایەنی ڕێنوس دەدا. هەروەها گۆڤاری (هیوا) زیاتر بەراوردی پیتی لاتینی و عەرەبی بو، کە باسی کێشەی وێنەی دەنگەکان و دۆزینەوەی چارە دەکات بۆیان، هەرچی نوسینەکانی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)شە زیاتر توانیویانە گیروگرفتەکانی ڕێنوس دەست نیشان بکەن و چارەیان بکەن، هەروەها باسەکانی گۆڤاری (پێشکەوتن و شەفەق) زیاتر لە مێژویی پەیدابونی نیشانە و نیگاری دەنگە کوردییەکان دواون(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ١٠٥ - ١٠٦).

دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ کتێبی (ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی)ی (نوری عەلی ئەمین) بلاْوبۆوە کە تێیدا باسی کێشە و گیروگرفتی نوسینی دەنگەکانی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی دەکات لەگەڵ گیروگرفتی چۆنیەتی نوسینی وشەی سادە و نسادە و تێگەیشتنیان دەکات، بۆ نمونە نوسەر پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەو وشانەی بە دەنگی (و — W)ی کۆنسانت دەست پێدەکەن و بەدوایاندا کورتە بزوێنی (و — U) دێت، بە دو واو بنوسرێن(بڕوانە: نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٦).

هەروەها لە ساڵی ١٩٦٩ کتێبی (ڕێنوس — چۆنیەتی نوسینی کوردی) (تاهیر سادق) بلاْوبۆوە، کە ئەمیش باسی گیروگرفتی ڕێنوسی کوردی دەکات و هەندێکیانی چارەسەر کردووە، بەلاْم هەندێ کەموکورتی تێدایە بۆ نمونە نوسەر ئەو (ك) و (گ)انەی کە دەکەونە پێش دەنگی (ێ ، ی ، وێ ، وی) بە فۆنیمی سەربەخۆی داناوە، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکات کە نیگاری تایبەت بە خۆیان بۆ دابرێژرێ (تاهیر سادق: ١٩٦٩: ١٠ ، ٥٦، ٥٨). ئەمەش هەڵەیە، چونکە ئەو جۆرە دەربڕین و دەنگانە نابنە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ کۆڕی زانیاری بەرهەمێکی بلاْوکردەوە بەناوی ڕێنوسی کوردی کە لە بەرگی یەکەم، بەشی یەکەمدا باس لە ڕێنوسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەکات(ڕێنوسی کوردی: ١٩٧٣: ٣٦٤ - ٣٧٩).

هەروەها لە دوای دانانی ڕێنوسی کۆڕەوە، چەند وتارێکی (مەسعود محەمەد)مان هەیە کە باسی ڕێنوسی کوردی و کێشە و گیروگرفتەکانی دەکەن بە ئەلفوبێی عەرەبی.(بڕوانە: ١- مەسعود محەمەد: ١٩٧٣: ٧ - ٢٨ ، ٢- مەسعود محەمەد: ١٩٧٦ : ٢٣٢ — ٢٨٨، ٣- مەسعود محەمەد: ١٩٧٤ : ٥٦٨ — ٦٢٢ ، ٤- مەسعود محەمەد: ١٩٧٣: ٣٩ - ١١٤)، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا کۆمەڵێك وتار و توێژینەوە دەربارەی ڕێنوسی کوردی و گیروگرفتەکانی بلاّوکرایەوە.

کەواتە، دەکرێ بگوترێ کە لەساڵی (١٨٧٩ - ١٩٢٠) ڕێنوسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لە دەستخەتەوە هاتە سەر چاپەمەنی و هەر لەو ماوەیەدا هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار لە چاپدران و سەر و بۆر و ژێر دانان نەمان، هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٢٠ — ١٩٢٩)شدا کوردی پەتی نوسین بوو بەباو، لە چاپخانەکانی سلێمانی و هەولێر و رواندز و بەغدا دەست بە چاپکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و نوسراوی کوردی کرا، سەر و بۆر و ژێر دانان کۆتایی پێهات و پیتی (ە ، و ، ی) جێگایان گرتنەوە، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٩ — ١٩٧٥)دا چەند گرامەرێکی کوردی بلاّوکرایەوە و نیشانە داندرا بۆ هەندێ پیتی عەرەبی کە لەگەڵ دەنگی کوردیدا رێك نەدەکەوتن وەك رێی گەورە (ڕ)، لامی قەڵەو (ڵ)، واوی کراوە (ۆ) یایی کراوە ( ێ) ، واوی درێژ (وو ) یایی درێژ (یی) بەم چەشنە ڕێنوسی کوردی ساڵ بە ساڵ هەنگاوی زیاتری بەرەو پێشەوە دەهاویشت(حامید فەرەج: ١٩٧٦: ٦).

لە ئەنجامی نیشاندانی مێژوی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نوسینی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی لە ڕوی مێژووییەوە بەچەند قۆناغێکدا تێپەربووە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستا (بەکرعومەر عەلی: ٢٠٠٩: ٣٩٠). هەروەها (نوسەرانی کورد چەند ساڵە کێشەی چۆنیەتی نوسینی زمانەکەیان لەبەرچاو گرتووە و هەوڵیان داوە کێشە و گیروگرفتەکانی نەهێڵن و ئەلفوبێی عەرەبی والێبکەن بتواندرێ دەنگە کوردییەکانی بەجۆرێکی وا پێدەرببڕێ، کە خوێندەواری کورد بتوانێ بیخاتە سەر کاغەز) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨١: ١٢٠).

ئەگەر بمانەوێت باس لە مێژوی بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی بکەین، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هۆکاری بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە چییە و بۆ کەی دەگەڕێتەوە، دەکرێ بگوترێ هۆکاری بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە ئەوەیە کە هەر لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە(جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٧٩) زانراوە کە پیتی عەرەبی بۆ نوسینی کوردی هەندێ گرفتی تێدایە و لەبارنیە، وەکو نەبونی هەندێك دەنگ لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها بە پێچەوانەوە بونی ئەو دەنگانە لە زمانی کوردیدا، بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو هەڵبژێرن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە، ئەوە بو هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد پەیڕەوی پیتی لاتینییان کرد لە ڕێنوسی کوردیدا(هۆگر تاهیر تۆفیق: ٢٠٠٩: ٨).

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەلفوبێی عەرەبی بگۆڕێ بە ئەلفوبێی لاتینی لە تورکیا و ڕوسیا و سوریا و عێراقدا، کە لە ڕوسیا ئەلفوبێی ڕوسی و لە سوریا زمانی فەڕەنسی و لە عێڕاقیشدا زمانی ئینگلیزی کاریگەری خۆیان هەبوو، واتا ئەم ئەلفوبێیە لاتینیە کەوتە کار لە پاڵ ئەلفوبێی عەرەبیدا(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٧٠، ٧ - ٨).

بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بکەین لە تورکیا و ڕوسیا و عێراق و سوریا، ئەوا چەندین نوسین و گۆڤار و کتێبمان هەیە، دەگوترێ بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٢ (لوتفی فکری) خەریکی بە لاتینی کردنی ڕێنوسی کوردی بووە (نافع دیبەگەیی: ٢٠٠٠: ٢٥)، یان دەگوترێ یەکەمین کەس کە بیرۆکەی نوسینی کوردی بە پیتی لاتینی بۆ کۆمەڵەی هێڤی پێشنیاز کرد (فائیز بەگ) بوو لە ساڵی (١٩١٣) (هۆگر تاهیر تۆفیق: ٢٠٠٩: ٦٢)، هەر لە هەمان ساڵدا واتا لە ساڵی (١٩١٣)دا (مێجەرسۆن) ڕێنوسی لاتینی بۆ کوردی نوسین بەکارهێنا لە پەرتوکێك بەناوی ( Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language) (حامید فەرەج: ١٩٧٦: ١٢). هەروەها لە ساڵی ١٩١٩ دوبارە کتێبێکی تری بەناوی (سەرەتایی دەستوری زمانی کوردی) بلاوکردۆتەوە، کە ئەویش بە ئەلفوبێی لاتینیە(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٧٠ - ٧١).

هەروەها (کەمال مەزهەر ئەحمەد) ئاماژە بەوە دەکات کە ( (شوکر فەزلی) چەندەها هەوڵی داوە لە بواری نوسینی کوردی بەپیتی لاتینی، ئەمەش لەو وتارانەدا دەردەکەوێ کە دەربارەی کوردن کە لە گۆڤاری (زمانی عەرەب) بلاوی کردۆتەوە بە ناونیشانی (کوردەکانی ئێستا) لە ساڵی ١٩١٣، کە چەندەها وشەی کوردی بە پیتی لاتینی دەنوسی لەم وتارانەدا) (هۆگر تاهیر تۆفیق: ٢٠٠٩: ٦٥).

دواتر لە ساڵی ١٩٢٠ (محەمەد زەکی و میرزا محەمەد باشقە) ئەلفوبێیەکی کوردیان بە پیتی لاتینی بلاوکردەوە بە ناوی (کتابی أولینی قرائەتی کوردی) کە لە چاپخانەی حکومەت لە بەغدا لەچاپ درا(حامید فەرەج: ١٩٧٦: ١٥ - ١٦).

دوای چەند ساڵێك، لە ساڵی (١٩٢٩) (مستەفا کەمال ئەتاتورك) لە کۆبونەوەیەکی گشتیدا لە ئەستەنبوڵ بڕیاری ئەوەی دا کە ئیتر لە نوسیندا پیتی عەرەبی بەکارناهێندرێ و ئەبێ لەمەودوا پیتی لاتینی بەکاربهێندرێ، کەمەبەستی لەم بڕیارەی ئەوەبو کە پشت لە پیتی عەرەبی بکرێ و خۆ نزیك بکرێتەوە لە ئەوروپا و پیتی لاتینی، کە بە زۆر پیتی لاتینی بەسەر خەڵکی تورکیادا سەپاند(مستەفا نەریمان: ١٩٨١: ٢١).

هەروەها کۆمەڵێك لە ڕوشنبیرانی کورد بە ناوی (حاجی جندی ، شاکر محۆ ، عەرەبی شەمۆ ، شاکر خدر...هتد) لە (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا ڕۆژنامەیەکی کوردییان بە پیتی لاتینی لە ژێر ناوی (ریا تازە) دەرکرد، کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٣٠ دا دەرچو، ساڵێك دوای ئەمە لە ساڵی ١٩٣١ دا

(حاجی جندی) نامیلکەیەکی بەناوی (کتێبا ئەلفبا) دانا، کە لەسەر بنەمای پیتی لاتینی و ڕوسی و فەڕەنسی بونیاد نراوە(حامید فەرەج: ١٩٧٦: ٢٥ - ٢٦).

لە ساڵی ١٩٣٢ (جەلادەت بەدرخان) ئەلفوبێیەکی کوردی لاتینی لە (دیمەشق) دەرکرد، کە لەساڵی (١٩٢٧)ەوە پێوەی خەریك بووە، کە شایەنی باسە لەساڵی (١٩٣٢ — ١٩٤٥) بەم ئەلفوبێیە (٥٧) ژمارەی گۆڤاری (هاوار)ی دەرکرد(نەبەز، ١٩٧٦، ل ٧٩)، کە دەرچونی ئەم گۆڤارە دەستپێکی قۆناغێکی تازەبوو لەم بوارەدا و ئامانجی سەرەکی ئەم گۆڤارە بلاْوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە لاتینیە تازەیە بو لە نێو میللەتاندا، ئەم ئەلفوبێیەی کە (جەلادەت بەدرخان) داینا، دەگوترێ یەکەم چاپکراوی کوردییە کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێنا، کە تاکو ئێستاش کوردی تورکیا و سوریا لە نوسیندا بەکاریدەهێنن(هۆگر تاهیر تۆفیق: ٢٠٠٩: ٩، ١٠، ٦٨، ٧٣).

لە ساڵی ١٩٣٣ (تۆفیق وەهبی) کتێبی (خوێندەواری باو)ی بلاْوکردەوە، کە بە پیتی لاتینی ئینگلیزی نوسراوە (حامید فەرەج: ١٩٧٦: ٢٣ - ٢٤)، لە ساڵی ١٩٣٨ (کامەران بەدرخان) نامیلکەیەکی بەناوی (ئەلفابێیا من) لە سوریا بلاْوکردەوە کە بە پیتی لاتینی فەڕەنسی بوو (حامید فەرەج: ١٩٧٦: ٢٧ - ٢٨)، کە هەر بەم ئەلفوبێیە لە ساڵی (١٩٤٣)دا سێ دانە گۆڤاری (ستێر) و لە ساڵی ١٩٤٣ - ١٩٤٦ حەفتاوسێ دانە گۆڤاری (ڕۆژانوو)ی لە بێروت دەرکرد(جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٧٩).

هەروەها لە ساڵی ١٩٤٥ لە ئەرمینیای سۆڤیەت ئەلفوبێیەکی تر بۆ نوسینی کوردی دانرا لە لایەن (ئیسحاق مۆرفولۆگۆڤ و عەرەبی شەمۆ) کە لەسەر بناغەی لاتینی و ڕوسی (سلاڤی) بو، واتا ئەو وێنانەی کە لە ڕوسیدا لەگەڵ دەنگە کوردییەکاندا ناگونجێن لاتینیان بۆ دانرا(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٧٨: ٧١ - ٧٢).

حاجی جندی و ف.جواری لە ساڵی ١٩٥٧ بەناوی (ئەلفبا) کتێبێکی کوردی لاتینیان دەرکرد لەسەر بناغەی پیتی لاتینی ڕوسی (فەرەج، ١٩٧٦، ل ٣٣ - ٣٤)، هەر لە ساڵی ١٩٥٧ (جەمال نەبەز) کتێبێکی بەناوی (نوسینی کوردی لاتینی) بلاْوکردەوە کە لاتینیەکەی لەسەربناغەی لاتینی کوردەکانی سوریا بو(نافع دیبەگەیی: ٢٠٠٠: ٢٨).

لەساڵی ١٩٦٠ (گیوی موکریانی) کتێبێکی بەناوی (ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە پیتی لاتینی) بلاْوکردەوە.(بڕوانە: گیوی موکریانی: ١٩٦٠). دوای ئەوە دیسانەوە لە ساڵی ١٩٧٢ دا بە کوردی لاتینی ئەلف و بێیەکی وێنەداری بلاْوکردەوە، کەلەسەر بناغەی ئەلفوبێیەکەی (جەمال نەبەز)ە، بەلاْم سێ پیتی لە ئەو زیاترە(بڕوانە: گیوی موکریانی: ١٩٧٢).

جگە لەم نوسراوانەی باسمان کردن لەو ساڵانەی دوایی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی دەبیندرێت کە دەربارەی ڕێنوسی کوردی لاتینی نوسراون لە کوردستانی باشوردا، هەروەها لە چەندین کۆنفرانسی زانستی زماندا باس لە ڕێنوسی کوردی لاتینی کراوە، کەوا کۆمەڵێك مامۆستا و پرۆفیسۆر و زمانەوان نوسینەکانیان

به كتێبێكی سەربەخۆ یان لەناو گۆڤارەكاندا بلاْویان كردونەتەوە لەوانە (نەسرین محەمەد فەخری، وریا عومەر ئەمین ، مارف خەزنەدار ، محەمەد مەعروف فەتاح ، تالیب حوسێن عەلی...هتد).

كەواتە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە كە ڕێنوسی كوردی بە ئەلفوبێی لاتینی چەندین گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە بۆ ئەوەی شێوە و جۆری نوسینی ئەو ولاْتەی لێی بونە بگونجێنن لەگەلْ دەنگ و گوتەی كوردیدا، هەروەكو دەبینن تا ڕادەییەك جیاوازی لە نێوان ئەلفوبێی لاتینی ولاْتانی سوریا و عێراق و توركیا دا هەیە كە هەریەكەیان بە جۆرێك نیشانە و هێمای لەسەر پیتە لاتینیەكان داناوە بۆ گونجاندنی لەگەلْ زمانی كوردیدا، هەروەكو بینیمان بۆ پەرەپێدان و گرینگیدان بە ڕێنوسی كوردی بە ئەلفوبێی لاتینی چەندین پەرتوك و گۆڤار بەچاپ گەیاندراون.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین كە نوسینی كوردی بە ئەلفوبێی لاتینی چەند گیروگرفتێكی هەیە: ( ١- لە ئەلفوبێی لاتینیدا پیت نییە بۆ (ح – ع – خ – غ – ژ – ش – چ ...هتد)، واتە ئەم پیتانە بە زیاتر لە شێوەیەك دەنوسرێن.

٢- ڕاناوە لكاوەكانی (م – یت - / - ین – ن – ن) كە دەچنە سەر كرداری (گریا / girya:) و (خەوت / xawt) بە پێی دوا پیتی كردارەكە كە بە ڤاولْ یان كۆنسنانت كۆتایی هاتووە ڕاناوەكان دو شێوەی جیا وەردەگرن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| Xawt | im | girya: | M |
| | i:t | | Yt |
| | - | | - |
| | i:n | | Yn |
| | In | | N |
| | In | | N |

٣- ئامرازی بەستنی (ی) دو شێوە دەگرێتەخۆ بەگوێرەی سروشتی پیتی كۆتایی وشەی یەكەم.

| | | |
|---|---|---|
| bra: | y | Min |
| pu:r | i: | |

٤- ئامرازی بەستنی (و) دو شێوە دەگرێتەخۆ بەگوێرەی سروشتی پیتی كۆتایی وشەی یەكەم)(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٤٧ - ١٥١)

| | | |
|---|---|---|
| bra: | w | day:k |
| bawk | u | |

کەواتە لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە نوسەر و ڕوناکبیرە کوردەکان دابەشبونە سەر دو بەشەوە، بەشێکیان بەپیتی عەرەبی دەنوسن و بەشێکی تریان بە پیتی لاتینی دەنوسن، لە ئێستادا کوردانی عێراق و ئێران بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنوسن، بەتایبەت لە کوردستانی باشوری عێراقدا گرنگی زۆری پێدەدرێ و هەوڵی زیاتر بەرەو پێشچونی دەدرێ، بەڵام لە تورکیا و سوریا بە ئەلفوبێی لاتینی دەنوسن، کە ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە لە ئاستی کوردستانی گەورەدا ڕێنوسێکی یەکگرتومان نەبێ.

بەڵام دەکرێ لەڕوی زانستیەوە ڕاشکاوانە ئەوە بگوترێ کە توانیومانە ئەلفبای عەرەبی تا ڕادەیەکی زۆر بگونجێنین و پێی بنوسین و کێشەیەکی ئەوتۆمان لەگەڵیدا نییە، بەڵام هەندێکجار دەگوترێ دەبێت بە ئەلفوبێی لاتینی بنوسین و دەبێت ئەلفوبێی عەرەبی بگۆڕێ بە لاتینی، چونکە کێشەی زۆری تێدایە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە نابێت دەستبەرداری ڕێنوسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ببین، چونکە سامانێکی نەتەوەی یەکجار زۆر بەو ڕێنوسە تۆمارکراوە، بە بڕوای ئێمە دەتوانین بە هەردو ئەلفوبێیەکە بنوسین و لەماوەیەکی زۆر کەمیشدا دەتوانین هەردوکیان فێرببین، خۆ ئەگەر یەکێکیشیان هەڵبژێرین ئاساییە و کێشەیەکی گەورە نییە، بەڵام جێی خۆشیەتی لە ڕوی زانستیەوە گرفتەکانی هەردو ڕێنوسەکە بزانین.

## ٣ – ٥)بۆچوونەکانی سۆسێر :

سۆسێر زمانەوانێکی سویسری بو، کە سەر بە قوتابخانەی بونیادگەرییە، کتێبەکەی کەبەناوی (Course in general Linguistic) (کۆرسێك لەبارەی زمانەوانی گشتی) یەوە بو، لەساڵی (١٩١٦)بلاّوکرایەوە بەزمانی فەرەنسی ، کە تێیدا چەند ڕاوبیروبۆچونێکی دوانەیی (Dichotomy) تێدا باسکردووە، کە دەکرێ بگوترێ ئەم بیروبۆچونانەی سوسێر ڕێچکەی شیکردنەوەی زمانی گۆڕی و لێکۆڵینەوەی زمانی لە پێڕەوی مێژویی جیاکردەوە کە نزیکەی سەدە و نیوێك بەسەر زمانەوانیدا زاڵ بو (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٤٧ - ٤٨) واتا دەکرێ بگوترێ زمانەوانی وەکو زانست لەسەردەمی سوسێرەوە سەریهەڵداوە.

ئەم دوانانەی سۆسێر ئەوەندە گرینگن لە توێژینەوەی زمانەوانیدا، بەجۆرێك هەتا لە دوای سۆسێر و بلۆمفێلدیش ، چومسکی سودی لە هەندێ لەم دوانانە بینیووە (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٣١) ئێمە لێرەدا تەنیا باسی دوان لەم دوانانەی سۆسێر دەکەین بەپێی پێویستی بابەتەکەمان کە ئەوانیش دوانەیی (سینکرۆنی و دایکرۆنی) و (زمان و ئاخاوتن)ن.

### ٣ – ٥ – ١) دایکرۆنی (Diachronic) و سینکرۆنی (Synchronic):

ئەم دوانەیە لە لێکۆڵینەوەی زماندا زۆر گرینگە، چونکە لەڕێگەی ئەم دوانەیەوە زمانەوان دەتوانێت ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە بێت کەبەسەر زمانێکی دیاریکراودا هاتووە، ئەمیش وای لێدەکات کە وێنەیەکی تەواوی هەبێت لەسەر ئەو زمانەی کە لێی دەکۆڵێتەوە، هەروەها ئەم زاراوانە لەلایەن سۆسێر خۆیەوە داندراون کە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بە ڕێبازی مێژویی و ڕێبازی ئێستایی دەوەستن.

### ٣ – ٥ – ١ – ١)دایکرۆنی (ڕێبازی مێژویی):

میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی زمانە، ناوەندی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای مێژویی قۆناغەکانی هەر زمانێك دەوەستێ، بەکورتی ئەم ڕێبازە لە گەشەو پەرەسەندنی زمان دەکۆڵێتەوە(سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨، ل ٣٢)، یان دەگوترێ ڕێگایەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر زماندا دێت لەسەرەتای هەبوونییەوە تاکو ئێستا، دەکرێ بگوترێ هەموو زمانە زیندووەکان بەردەوامن لە گۆڕانکاری و ئەم گۆڕانکارییانەش بە هێواشی ڕوودەدەن( Bauer: 2007: 43).

ڕێبازی دایکرۆنی پەیوەندی هەیە بەو گۆڕانکارییانەی کە بەپێی کات بەسەر زماندا هاتوون کە لەگەڵ زمانناسی مێژویی یەکدەگرێتەوە، لەوەی کە لێکۆڵینەوەیە لە زمان لەسەرەتایی دروستبونیەوە، واتا لێکۆڵنەوەیەکی مێژوییە لە پێکهاتەکانی زمان و گۆڕانکارییە زمانیەکان و گەشە و پەرەسەندنی زمان(Campell and Mixco: 2007: 42).

پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە بەشوێن دیاردەیەکی زمانیدا دەڕۆن لە کۆنەوە تاکو ئێستا، بەمەبەستی دیاریکردنی گۆڕانە دەنگی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەکانی، لەگەڵ خستنە ڕووی هۆکارو ئەنجامی گۆڕانەکان ، واتا گرینگی بە مێژوی زمان دەدرێ لە ڕێگەی دەقە نوسراوەکاندا(هێمن عەبدولحەمید شەمس: ٢٠٠٦: ٤).

هەروەها ڕێبازی دایکرۆنی پەیوەندییە لە نێوان پێکهاتەکانی زمان، لە کۆنەوە تاکو ئێستا، کە بە تێپەڕبونی کات هەر پێکهاتەیەك لەو پێکهاتانە جێگای ئەویتر دەگرێتەوە، زانستی دەنگیش بابەتێکی گرینگە بۆ زمانەوانی دایکرۆنی، چونکە لە زمانەوانی دایکرۆنیدا باسی دەنگەکانی زمان دەکرێت لە ئێستا و لە کۆندا و گرینگی بەو گۆڕانکارییانە دەدرێ کە بەسەر دەنگەکاندا هاتووە(دی سوسور: ١٩٨٨: ١٦٣).

واتا ڕێبازی دایکرۆنی باسی ئەوە دەکات کە چۆن زمان ئەو قۆناغانەی بڕیوە و چۆن بە درێژایی مێژو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەی کە بەدرێژایی مێژو بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە پێی دەوترێ ڕێبازی دایکرۆنی، کە لێرەدا پێویستمان بەوە دەبێت کە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکان و ئەو زمانانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە و لێیەوە نزیکن.

**٣ – ٥ – ١ – ٢)سینكرۆنی (ڕێبازی ئێستایی):**

بریتیە لە لێكۆڵینەوەی زمان لە كاتێكی دیاریكراودا، واتا بارودۆخی زمان لەو كاتە دیاریكراوەدا باس دەكات، خۆی خەریك ناكات بەو هەمو گۆڕانكارییانەی كە لە قۆناغە یەك لە دوای یەكەكان بەسەر زماندا هاتووە(سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٣٣).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە پێچەوانەی ڕێبازی دایكرۆنییە و لێكۆڵینەوەیە لە زمان لەو كاتەی كە تێیدا بەكارهاتووە، زۆرجار كاتەكە ئێستایە، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك وابێت، بەڵكو لەوانەیە كاتە دیاریكراوەكە ڕابردوش بێت(Campell and Mixco: 2007: 198). هەروەها زمانەوانی سینكرۆنی پەیوەندییە لە نێوان پێكهاتەكانی ئێستای زمان(دی سوسور: ١٩٨٨: ١٦٣)، لێكۆڵینەوەی سینكرۆنی پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، بەڵام لێكۆڵینەوەی دایكرۆنی پەیوەندی بە ڕێزمانەوە نییە(دی سوسور: ١٩٨٨: ١٦٤).

واتا ڕێبازی سینكرۆنی (( بایەخ بەشیكردنەوە و پێشاندانی شێوە و چۆنیەتی كاركردنی زمان ئەدات كە لەلایەن كۆمەڵە خەڵكێكەوە لەكاتی دەستنیشانكراودا بەكاردەهێنرێت )) (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٩: ٩). بە واتای ئەوەی لەم ڕێبازەدا گرینگیەكی تەواو دەدرێ بە دیاریكردنی كات و شوێن لە لێكۆڵینەوەكە بۆ ئەوەی قۆناغەكانی زمانەكە تێكەڵ نەكرێ، هەروەها گرینگیەكی تەواو دەدرێ بە ڕوخساری زمانی نەك بەوەی لە پشتەوە هەیە، بە دەربڕینێكی تر كەرەسەی لێكۆڵینەوە لەم ڕێبازەدا زمانی ئاخاوتنە، كە لە قسەكەرانی زمانەكەوە وەردەگیرێت، گرینگیەكی تایبەتیش بە دەنگ دەدرێ(هێمن عەبدولحەمید شەمس: ٢٠٠٦: ٧ - ٨).

بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لێكۆڵینەوە لە زمانی كوردیدا بكەین لە ئێستادا، ئەوا دەبێت كەرەسەی لێكۆڵنەوەكەمان ئاخاوتنی ئێستای قسەكەرانی زمانی كوردی بێت، یان ئەگەر بمانەوێ لێكۆڵینەوە لە زمانی كوردی بكەین لە كاتێكی دیاریكراو لە ڕابردودا، بۆ نمونە زمانی كوردی وەربگرین لە ساڵی (١٩٠٠ – ٢٠١٥) ئەوا دەبێت كەرەسەی لێكۆڵنەوەمان لە چوارچێوەی ئەم كاتەدا بێت، ئێمە حەقی ئەوەمان نابێت كە زمانی كوردی لەپێش ساڵی (١٩٠٠) چۆن بووە، بەم شێوەیە ئەم ڕێبازەی ئێمە پەیڕەوی دەكەین، لەم لێكۆڵینەوەیەدا پێی دەگوترێ ڕێبازی سینكرۆنی (ئێستایی).

هەروەها دەكرێ ئەوەش بگوترێ كە هەر وەسفێكی سینكرۆنی ئەگەر پێویستی بە وردەكاری زیاتر هەبێت دەتوانێت سود لە ڕێبازی سینكرۆنی وەربگرێ( Bauer: 2007: 43 ).

**٣ – ٥ – ٢)زمـــان (Langue) و ئـاخاوتن (Parole):**

گرینگترین ڕایەكانی سۆسێر لەبارەی سروشتی زمانەوە ئەوەیە كە زمان لە ئاخاوتن جیادەكاتەوە، كە زاراوەی (Langue) و(Parole) دەگەڕێتەوە بۆ سۆسێر و ئەم زاراوانەی داناوە .

**٣ – ٥ – ٢ – ١)زمـــان (Langue):**

بریتیە لە توانای گشتی زمان و سیستەمی پەیوەندی کردن لەناو کۆمەڵدا و لایەنی ئەبستراکتی زمانە (ناوخۆش، ٢٠٠٨، ل ٣٥)، واتا بریتییە لە زمانی پەیوەندیکردنی کۆمەلأیەتی و زمانی هەموو کۆمەڵە و سیستەمێکی بنچینەییە لە زمانێکی تایبەتدا(Brown and Miller: 2013: 330, 255). واتا ئەو بەشەی زمانە کە تایبەت نییە بە تاکە کەسێك بەڵکو تایبەتە بە هەموو کۆمەڵ(Bauer: 2007: 41) و دیاردەیەکی کۆمەلأیەتی هاوبەشە.

کەواتە زمان بەلای سۆسێرەوە (( توانای سروشتی ناوەوەی قسەکەرە، هەموو ئەو زانیارییە ژوور هۆشیانەی قسەکەرە لە بارەی زمانەکەیەوە، ئەمە وشەکان و یاسا ڕێزمانی و فۆنۆلۆجیەکان و سیمانتیکی و پراکماتیکییەکانی زمانەکەی دەگرێتەوە، کە ئەم زانیارییانە چونەتە ناو مێشکی و تێیدا چەسپاون، لەئەنجامی تێکەڵبوون و پەیوەندی کۆمەلأیەتی نێوان قسەکەر و ئەندامانی کۆمەڵەکەی)) (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٥٠)

بۆ نموونە زمانی کوردی ئەو توانایەیە کە هەموو کۆمەڵی کوردەواری تێیدا بەشدارە و هەمو بە زمانی کوردی قسە دەکەن و یاسا و ڕێسا زمانییەکانی زمانی کوردی دەزانن.

**٣ – ٥ – ٢ – ٢)ئاخاوتن (Parole):**

ئەم زاراوەیە کە لەلایەن سۆسێرەوە پێناسەکراوە بەوەی بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لەلایەن تاکە کەسەوە کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ زمان (Langue).

بریتییە لە زمانی هەمو کۆمەڵ (Brown and Miller: 2013: 330). واتا ئاخاوتن (Parole) زیاتر بریتییە لە ئاخاوتنێکی کۆنکرێتی کەسی کە ئاخێوەر لە هەندێ بارودۆخی کردەیی دایدەهێنێ(سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٣٥) و بەشێوەیەکی کردەیی ئەم توانا زمانییە کە لە مێشکی قسەکەردایە لە چوارچێوەی ئەو ئاخاوتندا دەردەبڕدرێ(وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٥٠).

کەواتە ئاخاوتن (Parole) (( بەکارهێنانی ڕاستەقینەی سیستەمی زمانە، واتە هەرچالاکییەك پەیوەندی بە زمانەوە هەبێت بە تایبەتمەندییەکی قسە دەژمێردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدیاردەیەکی تاکەکەسی دادەنرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین قسە ئەو چالاکییە هەستپێکراوە کەسیەیە کە دێتە بەرگوێ لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا و لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردایە، لەبەر ئەوە قسەکەر سەربەستە لەهەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنیان لەکاتی قسەکردندا، واتا قسە ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا بەکاری دێنێ)) (تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ٧٥). واتا ڕەفتارێکی تاکە کەسییە، تایبەتە بە تاکە کەس و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت(Bauer: 2007: 41).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە ناکرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمان(Langue) بکۆڵینەوە، چونکە بەرجەستە نیە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە لێی بکۆڵرێتەوە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا زمان زۆر گرینگترە لە ئاخاوتن، چونکە بریتییە لە کرۆکی زمانەوانی و تایبەتییەکانی، کە ئەم جیاکردنەوەی زمان و ئاخاوتنە کە لە داهێنانەکانی سۆسێر بو لە زمانناسییەکەی چۆمسکی ڕەنگی داوەتەوە، چۆمسکی ناسراوە بەوەی کە (Competence) توانستی زمان و (Performance) بەکارهێنانی زمانی لە ڕێزمانەکەیدا داهێناوە(سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٣٥ - ٣٦)

دەکرێ بگوترێ ئەو (Parole) و (Langue)ەی کە سۆسێر باسی کردووە بریتییە لە (Competence) و(Performance)ەکەی لای چۆمسکی، کە سۆسێر زیاتر گرنگی بە ئاخاوتن(Parole)داوە (Bauer: 2007: 42).

## ٣ – ٦)نوسین وەك مێژو، نوسین وەك ئێستا:

دەربارەی ئەوەی کە ئایا وەکو مێژو بنوسین یاخود وەکو ئێستا بنوسین بۆچون و بیروڕای جیاواز لە ئارادایە، کە هەندێ یان زۆربەی لەو بڕوایەدان کە نابێ چۆن قسە دەکەین، بەو جۆرە بنوسین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ بنجی وشەکان بنوسین، بۆ نمونە :- دەبێ بنوسین (مندالٚ) و نابێ بنوسین (منالٚ).
لێرەدا بیروڕای هەندێ لە زمانەوانان وەردەگرین کە پێیان وایە و دەبێ وەکو مێژو، واتا بنج و بنەڕەتی وشەکان بنوسرێ.

(محمد مەعروف فەتاح) پێی وایە کە دەبێ ڕێنوسی کوردی گوێ نەدات بەو گۆڕانکارییە دەنگییانەی کە لە زمانی کوردیدا ڕودەدەن، بۆ ئەوەی لە ڕێنوسدا لەسەر یەك تەرز بدوێین و هەر جارەو بە جۆرێك نەنوسین، ئەگینا ڕێنوسەکە هەرگیز جێگر نابێت و هەر لە گۆڕاندا دەبێت، هەروەها ئەوەش باس دەکات کە ئەگەر ویستمان ڕێنوسەکەمان وێنەیەکی تەواوی قسەکردن بێت پێویستە ئەو گۆڕانانە بە نیشانەی تایبەت نیشان بدەین(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢ : ٢٥٨).

واتا پێی وایە کە ((لە نوسینی ڕەسمیدا نابێت دەرگا بۆ ئەم جۆرە گۆڕانانە بکەینەوە تا بێتە ڕێنوسەکەمانەوە، ئەگینا ڕێزمانەکە و بنچینەی وشەکانمان ئەسوێ. جگە لەمانەش ڕێنووسەکەمان ئەوسا تەنیا دیالێکتێکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی بچووك ئەگرێتەوە، چونکە ئەم گۆڕانانە مەرج نییە لە هەموو ناوچەکدا بەم جۆرە بێت یان بەم قۆناغەدا بڕوات)) (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٩)

هەندێ نمونە دەربارەی گۆڕانی دەنگی لە زمانی کوردیدا:

یەکێك ← یەکێ

دابنیشە ← دانیشە

سەگ ← سـە

هەڵهات ← هەلات

بیکەوە ← بیکەرەوە

چەشتم ← ئەچێژێ

گەستم ← ئەگەزێ

حەڤدە ← حەڤڤە

هەروەها دەڵێ : "بە باوەڕی من ئەبێت ڕێنوسی کوردی پیشاندانی گۆڕان بخاتە پشت گوێ، تەنانەت ئەو گۆڕانانەی کە زۆر دەمێکە چەسپاوە و ڕۆیشتووە و زۆربەمان هەستی پێ ناکەین بیگەڕێنێتە دواوە بە دانانی نیشانەیەك وەکو فاریزە لە جێی ئەو دەنگانە لەناو ئەچن لە قسەدا وەکو لەم فرێزانەدا ئەبینین :-

لەم = لەم

لەو = لەو " (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٢: ٢٥٩).

هەروەها (شاکر فەتاح ئەحمەد)یش بیرو ڕای وایە کە لە نوسیندا پیتە ڕاستەکان بنوسرێن دەبێت چی ڕاستە و دروستە چی هۆش پەسەندی دەکات ئەوە بنوسین و ڕێنوسەکەمان بەو جۆرە گەشە پێبکەین، کە نمونەی وەك (بەغداد) و (ددان) دەهێنێتەوە و پێی وایە لەم وشانەدا هەمو دالەکان بنوسرێن ڕاسترە و هەرکەسە چۆنی دەخوێنێتەوە با بیخوێنێتەوە، واتا بنوسین (بەغداد ، ددان) ڕاسترە نەوەکو (بەغدا ، دان)، هەروەها باس لەوەش دەکات کە لە ناوچەی سلێمانی پیتی دال دەگۆڕن و دەیکەن بە هەمزە (ئـ) واتە لەجیاتی ئەوەی بڵێن (دەکرم) دەڵێن (ئەکرم) کە پێی وایە ڕاسترە بگوترێ (دەکرم) نەوەکو (ئەکرم)، واتە نابێ (دال)ەکە بگۆڕین بە (ئـ)، هەروەها پێی وایە ڕاسترە بنوسرێ (پەسەند) نەوەکو (پەسەنگ)(شاکر فەتاح ئەحمەد: ١٩٨٢: ١٣٠ ، ١٣١ ، ١٣٥).

(نەسرین محەمەد فەخری) پێی وایە کە دەبێ بنجی وشەکان بنوسرێن واتا گرینگی بە قسەکردن نادات و گۆڕان و لابردنی دەنگ دەخاتە لاوە، واتا وای بەڕاست دەزانێ کە بنوسرێ (هەڵبگرە) نەوەکو (هەڵگرە) و ڕاستترە بنوسرێ (پڕبەند ، منداڵ ، گۆبەند ، کردن ، برژاندن ، خوێندمان ، دەڕوا ، دێت ، خودا ) لەوەی کە بنوسرێ (پڕبەن ، مناڵ ، گۆبەن ، کرن ، برژانن ، خوێنمان ، ئەڕوا ، یێ ، خووا )، هەروەها وای بەڕاست دەزانێ کە ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە ڕوودەدەن لە وشەکاندا بکرێن بە دو بەشەوە ئەوانەی چونەتە قاڵبێکەوە و چەسپیون، لەگەڵ ئەوانەی بەپێی دەربڕین دەنوسرێن وەك دەستگا — دەزگا، پارشێو ، نیوەڕۆ ، دەسماڵ ، دەسەسڕ(نەسرین محەمەد فەخری: ١٩٨٢: ٤٣٢ - ٤٣٣ )

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)یش لەگەڵ ئەوەدایە کە بناغەی وشە بپارێزرێ و ئەسڵی وشەکان بنوسرێ و گرینگی بەشێوەی گۆکردنی وشەکان نەدرێ کە دەڵێ: "نەشێواندنی بناغەی وشە لەمەسەلەی ڕێنووسدا زۆر گرینگە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١١٥).

هەروەها نمونەی ئەوە دەهێنێتەوە ( کورت + تر ⟵ کورتر ) (پاك +کردن ⟵ پاکردن)و دەڵێ: "لێرەدا شێوەی تلفظی ئەو وشانەم نوسیوە ، ئەگینا لەو ڕایەدام کە لە نوسیندا پێویستە ئەو پەڕاندن و ون بونە و تێکەڵاوبونە نەبێت" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦ : ٥٤). واتا ڕاستترە بنوسرێ (کورتتر ، پاك کردن).

هەروەها باس لەوە دەکات کە پێڕەوکردنی پاراستنی بناغەی وشە و کاری فۆنەتیك هەندێ بارودۆخی تری وشە دێنێتەوە بیر وەکو کورت کردنەوە و تێچونی دەنگی، واتا کاتێك دەنگێ لە دەربڕیندا کورت دەکرێتەوە و لادەبرێت بەڕای ئەو پێویستە وشەکە وەکو خۆی بنوسرێتەوە و ئەو تێچونی دەنگە بخرێتە لاوە، هەروەکو لە نمونەکانی پێشوتر باسمان کرد، هەروەها باس لەوەش دەکات کە لە شێوەی سلێمانی دا لەجیاتی (ئەمەت لەچی؟) و (ڕات لێیە) دەڵێن (ئەمەو لەچی؟ ، ڕاو لێیە) واتا (ت)ەکە کلۆر دەکرێ.

هەروەها باس لەوەش دەکات هەندێ جار (د) لە وشەدا بەتایبەتی لەشێوەی سلێمانی دا دەقرتێت و تێدەچێ یاخود دەبێت بە هەمزە(ئـ)، کە دەڵێ : "بێگومان ئەم جۆرە قرتاندن و کلۆرکردنە کە تایبەتی یە بە ناوچەیەك، نابێ لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا ڕەنگ بداتەوە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦ : ١١٧). واتا لە بریتی (ڕاولێیە ، ئەمەو لەچی؟ ، مناڵ ، سوتانن ، ئەکەم ، ئەڕۆم ......) ڕاستتر وایە بنوسرێ (ڕات لێیە ، ئەمەت لەچی ؟ ، منداڵ ، سوتاندن ، دەکەم ، دەڕۆم......).

هەروەها پێی وایە کە هەندێ جار نیشانەی (ب)ی داخوازی و ئیلزامی قوت دەدرێ و زۆربەی نوسەرانیش لەسەر بناغەی بەدەمدا هاتنەکە دەنوسن (ڕاکە ، هەلگرە ، وەرگرە ....) ، کە دەڵێ : " خەڵك ئازادن بەپێی ڕاهاتن و شێوەی خۆیان نوسراو بخوێننەوە ، بەڵام ئەمە نابێ کار لە شێوەی نووسینەکە بکات .

جا ڕاست ئەوەیە لە نووسیندا بنچینە و قاڵبی وشە بپارێزرێ. بەو پێیە پێویستە بنووسرێ : ( ڕابکە ، هەڵبگرە ، وەربگرە .....) " (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١٢٥).

هەروەها هەندێ جار تواندنەوە و لێکچونی دەنگەکان ڕودەدات لە ئەنجامی هاتنیان لەگەڵ یەکتریدا، کە کار لەیەکتری دەکەن و دەگۆڕێن، وەکو لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

گەزین ⟵ گەست ، گەستی

پارێز ⟵ پاراستن ، پاراستی

ڕژان ⟵ ڕشتن ، ڕشتی

کوژرا ⟵ کوشتن ، کوشتی

نێژرا ⟵ ناشتن ، ناشتی

هەشتدە ⟵ هەژدە

دەسگا ⟵ دەزگا

دەسبەرە ⟵ دەزبــەرە

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) پێی وایە کە قاڵبی ئەو وشانە بپارێزرێ و ئەسڵ و بناغەی وشەکە بنوسرێ، هەرچەندە ڕێگەی پاراستنی ئەسڵی وشە کەمێ گران و کێشەی تێدایە، بەلاَم ئەو گرانی و کێشەیەش کە ڕەچاوکردنی پاراستنی ئەسڵ و بناغەی وشەسازی دەکا، زانینی دەستوری تواندنەوە دەیڕەوێنێتەوە(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١٢٦ - ١٢٧).

(مەسعود محەمەد)یش بیرو ڕای وایە ئەو وشانەی کە قرتاندن و گۆڕانی دەنگی تێیاندا ڕوی داوە پێویستە شێوە ئەسڵەکانیان بنوسرێ و ئەو گۆڕان و قرتاندنانە بخرێتە لاوە، واتا بنەڕەت و ئەسڵی وشەکە بنوسرێ، بەلاَم ئەگەر زۆربەی ئاخێوەری کورد قرتاندن و گۆڕانیان لەو وشەیەدا کردبو ئاساییە کە ئەو گۆڕان و قرتاندنی دەنگە پەیڕەو بکرێ(مەسعود محەمەد: ٢٠١١ : ٤٤٧-٤٥٧ ).

واتا دەبێ بنوسرێ (قەرەداغ ، گوێدرێژ ، دێت) و نابێ بنوسرێ (قەراغ ، گوێرێژ ، یەت) ، هەروەها دەڵێ: "قرتاندنی دەنگ هەر لە پەراوێزی زمانی ئێستاکەی کوردی بەهەند هەڵدەگیرێ لەو پەراوێزەدا ئەو دەنگەی کە لە لەهجەیەکدا قرتابوو بەلاَم لە لەهجەی دیکەدا زیندوو بوو دەبێ زیندووەکە بچێتەوە بۆ نووسینی ئەدەبی" (مەسعود محەمەد: ١٩٨٢ : ٣٥٨).

به بڕوای ئێمەش وەڵامدانەوەی ئەو بۆچونانەی پێشو کە پێیان وایە دەبێ بنەڕەت و ئەسڵی وشەکان بنوسرێ پەیوەندی بە دو بابەتی سەرەکییەوە هەیە :-

١- تێچون و گۆڕانی دەنگەکان.
٢- زمانی ستاندارد.

لەبەشەکانی پێشوتر باسی تێچون و گۆڕانی دەنگەکان و زمانی ستانداردمان کردووە و لێی دواوین، بەلاّم لێرەدا تەنیا ئەوە باس دەکەین کە پەیوەستە بەم بابەتەوە. ئەوەی دەربارەی تێچون و گۆڕانی دەنگەکان پەیوەست بێت بەم بابەتەوە، ئەوەیە کە بە پێویستی دەزانین سەرنج بۆ دو شت ڕابکێشین :

١- کەرەسە فرێدان و گۆڕینی کەرەسە بە کەرەسەیەکی تر لە زماندا ئاساییە، چونکە زمان هەردەم بەرەو ئاسانی دەڕوا، هەر بۆیە قسە بە بەردەوامی مەیلی لەوەیە کە کەرەسەی دوبارەوەبو فرێ بداو بیقرتێنێ(بڕوانە: بەکر عومەر عەلی: ١٩٩٢)، بۆ ئەوەی بەکەمترین کەرەسە مەبەستەکەی بگەیەنێ بە گوێگر، بۆ ئەوەی کەمترین وزە سەرف بکا، چونکە ئاخاوتنیش وزە سەرف کردنە و مرۆڤ ماندو دەکا.

٢- زمان کەرەسەیە فڕێ نادا، کە کار بکاتە سەر توانستی زمان یان دەربڕینەکان، هەر بۆ نمونە فڕێدانی دەنگی [د] لە وشەی (منداڵ) داو گۆڕینی بە (مناڵ) لە توانستی وشەکەی کەم نەکردۆتەوە، هەربۆیە ڕۆیشتووە و وەرگیراوە، یان بە واتایەکی تر بڵێین لەلایەن گوێگرەوە پەسەندکراوە(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٩: ٤٠١).

نمونە بۆ تیاچونی دەنگەکان:

دەنگی [ت]

ئەڕوات ⟵ ئەڕوا

ئەخوات ⟵ ئەخوا

دەست ⟵ دەس

دەست کەوت ⟵ دەسکەوت

ڕاستتر ⟵ ڕاستر

دەنگی [خ]

شێخ عەلی ⟵ شێ عەلی

دەنگی [ ك ]

چاككردن ← چاكردن

چاكبۆتەوە ← چابۆتەوە

هەندێك ← هەندێ

پیاوێك ← پیاوێ

كاك عەلی ← كا عەلی

دەنگی [ ب ]

ڕابكەم ← ڕاكەم

هەڵبگرە ← هەلگرە

پڕبكە ← پڕكە

دەنگی [ د ]

منداڵ ← مناڵ

كڕاندی ← كڕانی

لەبازاردا ← لەبازارا

زیادتر ← زیاتر

ددان ← دان

دەنگی [ هـ ]

خۆرهەتاو ← خۆرەتاو

ڕۆژهەلاّت ← ڕۆژەلاّت

دەستهاڕ ← دەستاڕ

بهێنە ← بێنە

دیارە نمونە زۆر زیاترە، بەلاّم ئەوەندەمان بەسە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بكەین، بە بڕوای ئێمە ئەو بۆچونەی كە دەگەڕێتەوە بۆ بنجی وشەكان و مێژو، كێشەی ناوەتەوە، ئەگینا لە ڕاستیدا خۆی كێشە نییە و

ئەمانەش هەرچۆنی بیانوسین هەر زۆر ئاساییە، نمونەکانیش ئەوە دەردەخەن کە هیچ کەس نانوسێ (شەمبە) و گۆڕاوەکەی دەنوسێ کە(شەممە)یەو کەس نانوسێ (ددان) و هەموان (دان) ئەنوسن و کەس نانوسێ (دەستهاڕ) و گۆڕاوە بۆ (دەستاڕ) و هەر بەو جۆرەش دەنوسرێ، هەروەها زۆربەی کەس لەبری ئەوەی بنوسن (بەرانبەر) دەنوسن (بەرامبەر).

کەواتە زۆر ئاساییە کە ئەگەر وشەکان بەو جۆرە بنوسین کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و حساب بۆ دەنگە قرتاوەکەی نەکەین، ئەمە دەنگە دوبارەوەبوەکانیش دەگرێتەوە، واتە ئێمە لەگەڵ ئەو بیروڕایە داین کە وەکو ئێستا بنوسین، واتا چۆن دەدوێین، ئاواش بنوسین، چونکە( باشترین ڕێنوس ئەو ڕێنوسەیە وشەکان چۆن لەدەم دێنە دەرەوە بەو جۆرە بنوسرێن ، یان چۆن دەنوسرێن بەو جۆرە بخوێندرێنەوە ، نابێ لە ڕێنوسدا پیتی زیاد یان کەم لە وشەکاندا هەبێ، بۆ نمونە لە عەرەبیدا (الـ) لەگەڵ پیتە شەمسیەکاندا ناخوێندرێتەوە وەکو (الشمس ، الصبر ، النـار)، کە ئەمانەش دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی منداڵ لەکاتی نوسیندا، هەروەها لە ئینگلیزیدا کە دەنوسرێ ( Knife ) لە خوێندنەوەدا دەخوێندرێتەوە ( نایف )، کە بێگومان خوێندنەوەی لەگەڵ ڕێنوسەکەیدا جیاوازیەکی زۆریان هەیە و ئەم دیاردەیە لە زۆر وشەی تری ئینگلیزیدا دەبینرێ، کە ئەم جۆرە ڕێنوسە منداڵ شپرزە دەکا و وای لێدەکات بەگران فێری ڕێنوس نوسین ببێ)( عومەر عەبدولڕەحیم: ١٩٨٢ : ١٧٤).

هەروەها زیاتر گرینگی بە چۆنیەتی خوێندنەوە دەدرێ بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەو وشەیە بنوسین، ئەو گۆڕانکارییە دەنگیانەی کە لە دەربڕینی وشەکانیشدا ڕودەدەن لەنوسینی وشەکاندا ڕەنگدەدەنەوە و پەیڕەو دەکرێن، واتا نابێت جیاوازی هەبێت لە نێوان زمانی دەربڕین و زمانی نوسین، دەبێت ئەو وشانە چۆن دەردەبڕین ئاواش بیانـنوسین(دی سوسور: ١٩٨٨ : ٤٢ - ٤٣)، بۆ ئەوەی کەمتر توشی کێشە ببین و نوسین و خوێندنەوەی وشەکانی زمان لەیەکتری دوور نەکەونەوە.

هەروەها لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکاندا هەندێ جاریش دەنگێ بە دەنگێکی تر دەگۆڕێ وەك:

پشـدەر ⟵ پژدەر

گوڵدان ⟵ گوڵڵان

بـمدە ⟵ بممە

ئـاودان ⟵ ئاووان

هاندان ⟵ هانـنان

چی بکەم ⟵ چی پکەم

هات ⟵ هاو

قـادر ⟵ قايـر

ئاگاداری ئەوەین کە هەندێ لەو گۆڕانانە (ئەلۆفۆنە) و لێرەدا باشترە کە فۆنیمەکە بنوسرێ نەك ئەلۆفۆنەکەی، بەلاّم ئەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە بە تێپەڕبونی کات، پێدەچێ هەندێ لەو ئەلۆفۆنانە شوێنی خۆیان بکەنەوە و نوسینیان ئاسایی بێ، وەك:

پشـــدەر ⟵ پـژدەر هەشـــتدە ⟵ هـەژدە

هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بەم بابەتەوە دەربارەی زمانی ستاندارد، ئەوەیە کە دیاریکردنی زمانی ستاندارد و ناوکەکەی کە مەبەستمان ڕێنوسە هەندێ کێشەی ناوەتەوە و لێرەشدا پەنابراوەتە بەر بنجی وشەکان بۆیە کێشە دروست بووە، چونکە هەروەکو لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەوە داوە، کە زمانی ستاندارد هەر ئەوە نییە کە دیالێکتێك بکەین بەزمانی ستاندارد، بەڵکو دەبێت پێشوەخت بزانین چەند فۆنیممان هەیە، ئایا چۆن بنوسین؟ واتە بەپێی مێژو بنوسین، بنەڕەتی وشەکان یان وەکو ئاخاوتن، چۆن دەدوێین ئاوا بنوسین، چونکە نابێ زمانی ستاندارد لە قاڵب بدرێ، چونکە زمان وەکو هەر شتێکی تر لە گۆڕاندایە، بۆ نمونە (ئە) بنوسرێ یان (دە)، هەمو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەکان پڕێتی لە (ئە) و لە (دە) و نەشبۆتە کێشە، لەبەرئەوە وایدەبینین کە هەر کامێکیان بنوسرێ ئاساییە و لەوەش ئاسایی تر ئەوەیە کە کە هەردوکیان بەکاربهێنین، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئاساییە بنوسین :

حـەڤدە ⟵ حـەڤڤە

دوازدە ⟵ دوانگزە

پازدە ⟵ پانگزە

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەو زاراوانەی کە وەردەگیرێن چۆن بنوسرێن، واتا کە زاراوەیەك لە زمانێکی ترەوە وەردەگرین بەپێی ڕێنوسی ئێستامان بیانـنوسین و بیخەینە ژێر باڵی فۆنۆلۆژی زمانی کوردییەوە و لەگەڵ زمانی کوردی بیگونجێنین، یان وەکو خۆیان وەریان بگرین.

هیچ زمانێکی نەتەوەیی نییە، کەڵکی لە زمانە جیاوازەکانی دیکەی گەلانی جیهان وەرنەگرتبێ، بەتایبەتی بەپێی ئەو تێکەڵاوبون و دورو نزیکی و داگیرکردنی گەلان، زمانەکان کارێکی زۆریان لەیەکدی کردووە، واتا وشەی بیانی لە هەموو زمانێکدا هەیە، هەرچەندە ئەو زمانانە کەڵکیان لە زمانەکانی دیکە وەرگرتووە، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا، هەر بەو شێوە ڕێنوسەی خۆیان نوسیویانەتەوە، کە لەگەڵ خەسڵەتی تایبەتی ڕێزمان و فۆنەتیکی زمانەکەیاندا دەگونجێ(حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥ : ٤٥١). بەم شێوەیە وشە

وەرگیراوەکە بەئاسانتر بلاّودەبێتەوە و قسەی پێدەکرێ لەناو ئەو کۆمەڵەی وەریانگرتووە، بەمەش وشەی وەرگیراو لە هەمو زمانەکاندا شێوەی ئاسایی وەردەگرێ لەو زمانەدا، زۆر کەم وایە ئەم وشە وەرگیراوە لەسەر شێوەی ڕەسەنی خۆی بەبێ گۆڕان و دەسکاری بمێنێتەوە(ڕۆژان نوری عەبدوڵلاّ: ٢٠١٣ : ١٣٢).

نەتەوەی کوردیش لە ئەنجامی پەیوەندی دور و درێژی سیاسی و ڕۆشنبیری و کەلتوری و ئابوری لەگەڵ میللەتانی تری دراوسێ و جیهانی، گەلێك وشە هاتۆتە ناو زمانەکەیەوە و بەکاردێن ((بێ گومان ئەوەی کوردی لە بێگانەی وەرگرتووە، خستوویەتییە ژێر باری فۆنەتیك و ڕێزمانی کوردیەوە و بەمە بەرگێکی کوردی بەبەردا کردووە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦ : ١٤١). واتا (هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردییەوە، دەبێ سەر شۆڕبکاتەوە بۆ دەستوری زمانەوانی کوردی، لە ڕوی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرتۆگرافییەوە)(جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٧٦).

ئەو وشانەی لەو بابەتەن و بەم جۆرەیان لێهاتووە و بونەتە خۆماڵی وەك ئەو وشانەی لە عەرەبیەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی، یەکێك لەو دەستکاریانەی کە لە وشە عەرەبیەکاندا کراوە لە ڕوی دەنگ و دەربڕینەوە بووە، بۆ نمونە ئەگەر لە وشەیەکی عەرەبیدا دەنگێ هەبوبێ کە لەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردیدا ڕێك نەکەوتبێ، ئەوە گۆڕانێکی بەسەردا هێنراوە، بۆ نمونە دەنگی ( ث ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ذ .....) کە لە گەلێك وشەی عەرەبیدا هەن ، لە کوردیدا کراون بە (س ، ت ، ز ،...) وەك : (صابر ⟵ سابیر، ثروة ⟵ سەروەت، طاهر ⟵ تایەر، قرض ⟵ قەرز، ظلم ⟵ زوڵم، ذخیرة ⟵ زەخیرە ...)، ڕێکەوتی وەهاش زۆرە کە وشەیەکی عەرەبی بەجۆرێك هاتۆتە زمانی کوردییەوە و بەشێوەیەك دەستکاری کراوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تەواودا هەستی پێ دەکرێ و ڕون دەبێتەوە و دەردەکەوێ کە ئەو وشەیە بەڕەسەن کوردی نییە، وەك (متمانە ⟵ مطمئن، تام ⟵ طعم، مەشخەڵ ⟵ مشعل، سات ⟵ ساعة، عەرد ⟵ ارض، هەتیو ⟵ یتیم، فەقێ ⟵ فقیە، خەڵك ⟵ خلق، جنۆکە ⟵ جن، وەخت ⟵ وقت ...) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦ : ١٤١).

بەشێك لەو وشە عەرەبییانەی کە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە ناوی مرۆڤ و ناوی ئەو شت و دیاردانەن کە لەلای کورد نەبون، بۆیە وەکو خۆیان هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە و وەرگیراون، بەلاّم بە ڕێنوسی کوردی نوسراونەتەوە وەکو (عوسمان ، زەکات ، فاتیمە ، ئامینە ، حەج ، شێخ ، عەبا ، زیکر ، غەفور ، کەریم ....... هتد) (ڕۆژان نوری عەبدوڵلاّ: ٢٠١٣ : ١٤٢).

وشەی (دەست) و (گورگ) و (سپڵە) لە فارسی تازەوە هاتون ، وشەی (توش) و (قورقوشم) و (قاپ) و (ئازووخە) و (ئەمەك) و (دەباشیر) و (پاقلاّوە) و (برغو) و (چاوەش) و (تەل) لە تورکییەوە هاتون وشەی (پاپۆڕ) لە فەڕەنسیەوە هاتوە و وشەی (پانتۆڵ) و (نمرە) و (زەلاّتە) لە ئیتاڵییەوە هاتون و وشەی (فنش) و

(بۆدی) و (گۆڵ) لە ئینگلیزیەوە هاتون(جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٧٦)، کە لە زمانی کوردیدا بەکاردێن و بەپێی ڕێنوسی کوردی دەنوسرێن.

کەواتە پێویستە بگوترێ، ((کورد چۆن وشەی هەر زمانێکی بێگانەی وەرگرتووە، شێوەو بەرگی کوردی بە بەردا کردووە خستویەتی یە ژێرباری سروشتی فۆنەتیکی زمانەکەیەوە، هەر بەو جۆرەش پێویستە لە ڕێنووسدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، چونکە ڕێنووس ئاوێنەی واقیعی زمانەکەیە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ١٤٢). واتا ((هیچ وشەیەکی بێگانە نابێ بە ڕێنووسی ئەو زمانە بێگانەیە بنوسرێ کە لێوەی وەرگیراوە چونکە ئەگەر بێتو ئێمە ئەو ووشە بێگانانە هەر وەکو خۆیان بنووسینەوە، دەبێ مناڵەکانمان و ئەو بێگانانەی کە زمانەکانمان فێردەبن، فێری دوو جۆرە نووسین بکەین)) (جەمال نەبەز. ١٩٧٦. ٧٧ ).

بۆیە پێویستە لەسەرمان کە ئەو وشە و زاراوانەی کە وەریان دەگرین لە زمانانی ترەوە بە ڕێنوسی کوردی بنوسرێنەوە و بەڕاست و دروستی بنوسرێن و پیتەکانیان پێش و پاش نەخرێن لە نوسیندا، بۆ نمونە زۆرجار دەبینین هەندێ لە ڕاگەیاندنەکان بە هەڵە زاراوەکان وەردەگرن و بلآوی دەکەنەوە وەك لە جیاتی ئەوەی بنوسن (فلیـم) دەنوسن (فیـلم) کە ئەمە هەڵەیە، هەروەها بۆچونی ئێمەش وایە کە ئەو وشانەی کە وەردەگیرێن بەپێی ڕێنوسی ئێستای زمانەکەمان بنوسرێن.

## ٣ – ٧)کێشــەکانی  نوسینی کوردی بە هەردو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی و بەراوردکردنیان:

١- نیــگاری دەنگەکان: یەکێ لەو کێشانە ئەوەیە کە لە ئەلفوبێی عەرەبیەکەدا وێنە بۆ بزرۆکە دانەنراوە، بەڵام لە ئەلفوبێ لاتینیەکەدا وێنەی بۆ دانراوە، بەم جۆرە (i).

ئەمە کێشە نییە، چونکە ئەم دەنگە ئەلۆفۆنە و وێنەی بۆ دانانرێ، چونکە واتای وشە ناگۆڕێ و ڕۆڵی ڤاوڵی برگە دەبینێت، بەلآم پلەی فۆنیمی نییە، وەکو لە (من – min). ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بون و نەبونی وەك پێداویستی بۆ پێکهاتنی برگە. ئەمە کاری پسپۆرانی زمانی کوردییە، ئەگینا کەسانی تری خوێندەوار و نەخوێندەوار نە دەزانن بزرۆکە چییە و نە ئیشیان پێیەتی، هەروەها بونی وێنەکەی لە لاتینیدا نەك کێشەی چارەسەرنەکردووە، بەڵکو کێشەی گەورە کردووە، کێشەی زۆر گەورەش بۆ رێنوسی کوردی دەنێتەوە، چونکە جگە لە پسپۆرانی زمانی کوردی، خەڵکانی تر لە نوسیندا هەڵە دەکەن کە کەسێکی ناپسپۆر چۆن دەنگێك بنوسێ کە نەدرکێنرێ، لەبەرئەوە پێشنیازی ئێمە ئەوەیە کە وێنەی بۆ دانەنرێ و لە لاتینەکەشدا لابیرێ.

**٢- بۆ هەردوو فۆنیمی (و – ی): لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا وێنەیان بە کۆنسنانت و ڤاوڵی وەکو یەکە و لە لاتینی یەکە، ئەمە جیاکراوەتەوە.**

| کۆنسنانت C | | ڤاوڵ V | |
|---|---|---|---|
| و | W | و | u |
| ی | Y | ی | Î |

**دیسان لەمەشدا، بەباشی دەزانین کە هەریەك وێنەیان هەبێ، لەبەرئەوەی تەنیا پسپۆرانی زمانی کوردی کۆنسنانت و ڤاوڵ دەناسن و ئەمە پیشەیانە، ئەگینا کەسانی تری ناپسپۆر، نازانن کۆنسنانت و ڤاوڵ چییە؟ ئیتر چۆن بە دو وێنەی جیاواز بیانوسن، بەبێ گومان دەبێتە مایەی هەڵەیەکی زۆر لە ڕێنوسی کوردیدا، لەبەرئەوە هەریەك وێنە گونجاو و دروستە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەش دەزانین کە لەم توێژینەوەیەدا ئەو دو فۆنیمە تەنیا بە ڤاوڵ ناسێنراون و فرە ئەرکن، واتە دەنگێك نییە هەم ڤاوڵ بێ و هەم کۆنسنانت، تا دو وێنەی جیاوازی هەبێ.**

**بە پێی ئەم باسە ئەوانەی باسکران، بەپێچەوانەوە لە جیاتی ئەوەی لایەنی کەم و کورتی ئەلفوبێی عەرەبیەکە بێ، بەڵکو لایەنی باشەی ئەو ئەلفوبێییەیە.**

**٣- لە ڕاستیدا ئەوەی لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا کێشەیە، ئەوەیە کە وێنە بۆ هەمزە دانراوە، ئەوەشمان زانی کە ئەم دەنگە فۆنیم نییە، کەواتە لێرەدا، لایەنی باشی ئەلفوبێ لاتینیەکە ئەوەیە کە ئەم دەنگە وێنەی بۆ دانەنراوە.**

**٤- لایەنێکی تری کێشەی ئەلفوبێ عەرەبیەکە ئەوەیە وشە داڕێژراوەکان و لێکدراوەکان چۆن بنوسن بەجیا یان بەسەریەکەوە بۆ نمونە:**

**یاری کرد ⟵ یاریکرد**

**سروشتی پیتە عەرەبیەکان بەم جۆرەیە، بەلاّم کە بەپیتی لاتینی دەیاننوسین ئەم کێشەمان نامێنێ.**

یاری کرد ⟵ yarikrd

**بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمەش دەبێ زۆرجار بەئاگاداری و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە هەندێجار باس لەوە دەکرێ کە لە نوسیندا دەبێ وشە لێکدراوەکان و فرێز لەیەك جیابکەینەوە، بۆ نمونە (کشت و کاڵ) دەبێ بەسەریەکەوە بنوسرێ چونکە یەك وشەیە لە فەرهەنگدا (کشتوکاڵ)، بەلاّم (ئەدەب و هونەر) نابێ بەسەریەکەوە بنوسرێ (ئەدەبو هونەر) چونکە دو وشەیە، لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی دروستکراوە، چونکە ئەوانەی پسپۆرنین نازانن وشەی لێکدراو کامەیە و فرێز**

**چییە؟ تا لەیەکیان جیابکەنەوە، لەبەرئەوە هەر هەڵەی تیادەکەن، خەڵکانی ناپسپۆر نازانن (بکەر ، بەرکار ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار) چییە و زمانیشیان پاراوە.**

**هەر لێرەدا دەبێ ئەوەش تۆمار بکەین کە لە ئەلفوبێی لاتینی یەکەدا ئەمە چارەسەرکراوە، چونکە سروشتی پیتەکان بەو جۆرەیە:**

KŞtukal

Edeb u huner

**کەواتە دەکرێ بگوترێ، کە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی لەم پیتانەی خوارەوە پێکهاتون:**

| نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی | نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی |
|---|---|
| پیتەکان | پیتەکان |
| ب | B |
| پ | P |
| ت | T |
| د | D |
| ج | C |
| چ | Ç |
| ح | Ḧ |
| خ | X |
| غ | Ẍ |
| س | S |
| ش | Ş |
| ز | Z |
| ژ | J |
| ف | F |
| ڤ | V |
| ق | Q |
| ك | K |
| گ | G |
| ل | L |
| ڵ | Ĺ |

| | |
|---|---|
| R | ر |
| ŕ | ڕ |
| N | ن |
| M | م |
| H | ھ |
| A | ا |
| E | ە |
| U | (و)ی ڤاوڵ |
| W | (و)ی کۆنسنانت |
| Î | (ی)ی ڤاوڵ |
| Y | (ی)ی کۆنسنانت |
| O | ۆ |
| Ê | ێ |

# ئەنجام

**ئەم نامەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:**

**١- بە پێی ئەم توێژینەوەیە لەو بڕوایەداین کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣١) فۆنیمە، واتە لە (٢٥) کۆنسنانت و (٦) ڤاوڵ پێکدێت.**

**٢- لەگەڵ ئەو بۆچونە داین کە هەمزە (ئـ) لە زمانی کوردیدا پلەی فۆنیمی وەرنەگرتووە، دەنگێکی فۆنەتیکییە و ڕۆڵی کۆنسنانت دەبینێ لە بڕگەدا و تا ئێستا نەبووە بە فۆنیم، بۆ یارمەتیدانی درکاندنی ڤاوڵە.**

**٣- لەو بڕوایەداین کە بزرۆکە (i) ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ی/ یە و ڕۆڵی ڤاوڵی بڕگە دەبینێ، بەڵام پلەی فۆنیمی نییە و وێنەی بۆ دانانرێ، وەك: من min (لێرەدا (i) ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ی/یە)، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا وێنەی بۆ دانراوە، کە پێشنیازی ئەوە دەکەین لە لاتینیەکەشدا وێنەی بۆ دانەنرێ و لاببرێ.**

**٤- دەنگی [ع] پلەی فۆنیمی نییە لە زمانی کوردیدا، بە بەڵگەی ئەوەی وشەیەکی کوردیمان نییە ئەم دەنگەی تێدا بێ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ دەنگی هەمزەشدا جێی یەکتر دەگرنەوە.**

**٥- هەر دو دەنگی [و] و [ی] فۆنیمێکی فرە ئەرکن، واتە ئەتوانن ئەرکی کۆنسنانتیش ببینن، بەڵام کۆنسنانت نین و لە ڕیزی ڤاوڵەکاندان، لەو کاتانەشدا ڕۆڵی کۆنسنانت دەبینن کە ڤاوڵێکیان لەگەڵدا بێت لە بڕگەدا.**

**لە ئەلفوبێی عەرەبییەکەدا وێنەیان بە کۆنسنانتی و ڤاوڵی وەکو یەکە و لە لاتینییەکەدا جیاکراوەتەوە.**

| C کۆنسنانت | | V ڤاوڵ | |
|---|---|---|---|
| و | w | و | u |
| ی | y | ی | [illegible] |

**بە باشی دەزانین لە لاتینییەکەشدا یەك وێنەیان هەبێ، لەبەرئەوەی تەنیا پسپۆڕانی زمانی کوردی کۆنسنانت و ڤاوڵ دەناسن و ئەمە ئیشیانە، ئەگینا کەسانی ناپسپۆڕ نازانن کۆنسنانت و ڤاوڵ چییە؟ ئیتر چۆن بە دو وێنەی جیاواز بیاننوسن، بە بێ گومان دەبێتە مایەی هەڵەیەکی زۆر لە ڕێنوسی کوردیدا.**

٦- زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەو بیروڕایەن کە دەنگی [و]ی درێـژ فۆنیمـە و ڤـاولێکی درێـژە، بـەلاّم ئەم دەنگە لە کوردیدا پلەی فۆنیمی نییە، چونکە ئەم دەنگە هەرگیز لەسـەرەتاوە نایـەت و سـازگەی دەرچون و دروستبونی لەگەڵ (و)ی کورتـدا هـەمان سـازگەیە و جیـاواز نـین، هـەرکاتێکیش ڤـاولێکی کورت یان درێژ بێتە تەنیشت ئەم دەنگەوە، واتا (و)ی درێژ هەر ئەم گۆڕانی بەسەردا دێت.

کەواتە، دەکرێ بگوترێ ئەم دەنگە، فۆنیمێکی زۆر سستە و بە وازهێنان لە نوسینی و بە لابردنی لە ڕێنوسدا، کێشەیەکی ئالۆزی ڕێنوسی کوردیمان بۆ دەڕەوێنێتەوە.

٧- دەربارەی دەنگی [نگ] ئەوەیە کە ئەم دەنگە بە تەنیا لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمە، بەلاّم کە قسە لەسەر زمانی ستاندەر بێ، ئەوا ئەگەرچی لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمیش بێ، بەلاّم نابێ لە زمانی ستانداردا حسابی بۆ بکرێ. هەر بۆیە، ئاساییە کە وەك هەمو دەنگەکانی تر، ئەمیش دو دەنگە و (ن - گ) بە دوای یەکدا دێن، زمانەوانەکانیش هەمان بۆچونیان هەیە.

٨- دەربارەی دەنگی [یی]، کە نابێ بە دو (ی) بنوسرێ، ئەگەر فۆنیمیش بێت لە زمانی کوردیدا، بەڵکو دەبێت نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت. هەروەها دەنگی [وێ] دیفتۆنگ نییە لە زمانی کوردیدا، بەڵکو بریتییە لە هەردو دەنگی [و] و [ێ]، واتە ناخرێتە ڕیزی فۆنیمەکانی زمانی کوردییەوە.

٩- لە زمانی کوردیدا شەش جۆر بڕگەمان هەیە کە ئەمانەن:

١- بچوکترین بڕگە ( CV دێ)

٢- بڕگەی (CVC شار)

٣- بڕگەی (CVCC بەرد)

٤- بڕگەی (CCV کوا)

٥- بڕگەی (CCVC چوار)

٦- بڕگەی (CCVCC خوارد)

١٠- ئەو بۆچونەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بنجی وشەکان و مێژو، کێشەی ناوەتەوە، واتە زۆر ئاساییە کە ئەگەر وشەکان بەو جۆرە بنوسین کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و حساب بۆ دەنگە قرتاوەکەی نەکەین، ئەمە دەنگە دوبارەوەبوەکانیش دەگرێتەوە، واتە ئێمە لەگەڵ ئەو بیروڕایە داین کە وەکو ئێستا بنوسین، واتا چۆن دەدوێین، ئاواش بنوسین، بۆ نمونە ئاساییە لە جیاتی (ددان، دەستهاڕ، مندالّ، لە بازاڕدا...) بنوسین (دان، دەستاڕ، منالّ، لە بازاڕا).

## سەرچاوەکان

- **به زمانی کوردی:**

**أ) کتێب:**


١) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٦)، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، (مطبعة علاء – الوزيرية)، بەغدا.

٣) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠)، دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانی، بەغدا.

٤) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، دووەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر.

٥) بازیان یونس محێدین (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، یەکەم چاپ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٦) بەدران ئەحمەد حەبیب (٢٠٠٥)، ڕێنوسی یەکگرتووی کوردی، دووەم چاپ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧) بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، یەکەم چاپ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٨) تالیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، یەکەم چاپ، لە زنجیرە بلاَوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆیی پەروەردەیی، هەولێر.

٩) تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر.

١٠) تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٥)، دەنگسازی – چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر.

١١) تاهیر سادق (١٩٦٩)، ڕێنوس – چۆنیەتی نوسینی کوردی، یەکەم چاپ، چاپخانەی شیمال، کەرکوك.

١٢) تۆفیق وەهبی (١٩٢٩)، دەستوری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، (دار للطباعة الحديثة)، بەغدا.

١٣) جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، زنجیرەی کوردەوانی(١)، بلاَوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئەلَمانیا.

١٤) حامید فەرەج (١٩٧٦)، ڕێنوسی کوردی لە سەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٥) حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، دووەم چاپ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٦) ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨)، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٧) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، یەکەم چاپ، چاپخانەی خانی، هەولێر.

١٨) ڕەفیق شوانی (٢٠٠٩)، زمانەوانی – کۆمەڵێك وتار، یەکەم چاپ، چاپخانەی خانی، هەولێر.

١٩) ڕێنوسی کوردی بەپێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد (١٩٨٧)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢٠) ڕۆژان نوری عەبدوڵلا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، دووەم چاپ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٢١) سەعید سدقی کابان (١٩٢٨)، مختصر صرف ونحوی کوردی، بەغدا.

٢٢) سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، دووەم چاپ، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

٢٣) سەلام ناوخۆش (٢٠١٠)، ستانداردبونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، یەکەم چاپ، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢٤) سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، یەکەم چاپ، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢٥) سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١١)، کوردۆلۆجی، حەوتەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢٦) عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، یەکەم چاپ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢٧) عەلی سدیق (٢٠١١)، کێشەی زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٢٨) عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا.

٢٩) غازی عەلی خورشید (٢٠١٠)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، یەکەم چاپ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٠) غازی عەلی خورشید (٢٠١٣)، ڕێزمان، چاپخانەی حاجی هاشم، بلاْوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٣١) غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، یەکەم چاپ، چاپخانەی (الادیب البغدادي)، بەغدا.

٣٢) فەرهاد شاکەلی (٢٠٠٩)، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣٣) کەمال فوئاد (٢٠٠٠)، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، سلێمانی.
٣٤) گیوی موکریانی (١٩٦٠)، ئەلف و بێ ی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
٣٥) گیوی موکریانی (١٩٧٢)، ئەلف و بێ ی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
٣٦) لێژنەی دەستوری زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد (١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٣٧) لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی (٢٠١٠)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتوی کوردی، یەکەم چاپ، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٣٨) مەسعود محەمەد (٢٠١١)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنوسی کوردی، یەکەم چاپ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٣٩) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٣)، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
٤٠) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤١) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، سێیەم چاپ، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٤٢) مستەفا نەریمان (١٩٨١)، ڕێنوسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، (دار الحرية للطباعة)، بەغدا.
٤٣) نافع دیبەگەیی (٢٠٠٠)، بنەماکانی ڕێنووسی کوردی لاتینی، سلێمانی.
٤٤) نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، یەکەم چاپ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٤٥) نەسرین محەمەد فەخری (١٩٧٨)، ڕێنووسی کوردی، فەسڵی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٦) نوری عەلی ئەمین (١٩٦٦)، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا.
٤٧) هەژار قادر ئیسماعیل (٢٠١٣)، ڕۆنانی برگە و گۆڕانی سنوری برگە لە شێوەزاری باڵەکایەتیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٤٨) هۆگر تاهیر تۆفیق، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو (٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، یەکەم چاپ، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
٤٩) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دووەم چاپ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥٠) وریا عومەر ئەمین (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، یەکەم چاپ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٥١) وریا عومەر ئەمین (٢٠١٢)، گیروگرفتەکانی نوسینی کوردی بە لاتینی، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی (١٩ – ١٢/ ئەیلولی ٢٠١١)، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥٢) وریا عومەر ئەمین و سێ زماناسی تر (٢٠١٣)، ڕێنووسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، دووەم چاپ، چاپخانەی حاجی هاشم، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

## ب) نامەی زانکۆیی:

٥٣) بەکر عومەر عەلی (١٩٩٢)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥٤) تالیب حوسێن عەلی (١٩٨٩)، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥٥) خەبات هادی جەمیل (٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥٦) دولبر ئیبراهیم فەرەج شالی (٢٠٠٠)، یاسادەنگییەگانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٥٧) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١)، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥٨) شنۆ قادر محەمەد (٢٠٠٨)، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی شێوەزاری کەرکوك، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥٩) عاتف عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠١١)، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (praat)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦٠) عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٧)، هێز و ئاواز لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦١) هێمن عەبدولحەمید شەمس(٢٠٠٦)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەلایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

## پ) گۆڤار و ڕۆژنامە:


٦٢) ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٣)، ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

٦٣) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨١)، کورتەیەکی مێژویی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا.

٦٤) ئیبراهیم ئەمین باڵدار (١٩٨٢)، زەنگی کاروانی ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

٦٥) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٥)، فۆنیمی (و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە ١٥ ، سلێمانی.

٦٦) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٧)، فۆنیمی (نگ) لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە ١٩ ، سلێمانی.

٦٧) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٩)، ڕێنوسی کوردی زمانی ستاندارد، گۆڤاری (الاستاذ)، زانکۆی بەغدا، ژمارە ٨٨ ، بەغدا.

٦٨) تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، بنەما کۆمەلایەتی و کەلتورییەکانی زمان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١ ، ڕانیە.

٦٩) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (٢٠٠٥)، جێگۆڕکێ ی دەنگەکان و چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجی لە کوردیدا، زانکۆ – گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە ٢٤ ، هەولێر.

٧٠) شاکر فەتاح ئەحمەد (١٩٨٢)، گیروگرفتەکانی زمانی کوردی و شێوەی چاککردنیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

٧١) عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٤)، چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، بەرگی حەوتەم، ژمارە ١ ، دهۆك.

٧٢) عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١١)، بە کام ئەلفوبێ بنوسین؟، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٠ ، هەولێر.

٧٣) عومەر عەبدولڕەحیم (١٩٨٢)، ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

٧٤) مەسعود محەمەد (١٩٧٣)، گیروگرفتی ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە ٦ ، بەغدا.

٧٥) مەسعود محەمەد (١٩٧٣)، بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

٧٦) مەسعود محەمەد (١٩٧٤)، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا؟، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

٧٧) مەسعود محەمەد (١٩٧٦)، ڕێنوسی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، بەغدا.
٧٨) مەسعود محەمەد (١٩٨٠)، ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٨٠، بەغدا.
٧٩) مەسعود محەمەد (١٩٨٢)، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
٨٠) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٢)، ڕێنوسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
٨١) محەمەد وەسمان (٢٠١٢)، گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی...، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٣ ، هەولێر.
٨٢) نەسرین محەمەد فەخری (١٩٨٢)، پێشەکی چۆن بنوسین؟ لە دەنگەوە بۆ وشە، تا ڕستە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
٨٣) نوری عەلی ئەمین (١٩٨٢)، گیروگرفتی نوسینی کوردی لە تای ترازووی پیتە بزوێن و نەبزوێندا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
٨٤) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢)، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەك، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
٨٥) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٤)، فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٠، هەولێر.
٨٦) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٨)، سەرهەڵدانی نوسین، ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژمارە ٤١ ، بەغدا.
٨٧) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیستەم ، بەغدا.
٨٨) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩)، دیساسۆر...دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ١.
٨٩) وریا عومەر ئەمین (١٩٩٠)، شەپۆلەکانی شیعری کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٦ ، بەغدا.
٩٠) وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤)، هێز و ئاوازە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٤ ، بەغدا.
٩١) وریا عومەر ئەمین (١٩٩٥)، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٦ ، بەغدا.
٩٢) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٨)، زمانی ئەدەبی یەکگرتو و کێشەکانی، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە ١٨٥.
٩٣) وریا عومەر ئەمین (٢٠١٢)، بەستانداردکردنی ڕیزبونی پیتەکانی نوسینی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢١ ، هەولێر.

## ت) کۆنفرانسی زانستی:

٩٤) تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٢)، نرخاندنی ئەلفوبێی ئێستا، کۆنفرانسی نەتەوەیی زمانی کوردی لە ئامەد (دیاربەکر).

٩٥) عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٤)، هۆکارەکانی دیالێکتە کوردییەکان و نەبونی ستاندارد، کۆنفرانسی زانکۆیی ڕوینی فەڕەنسی.

- **به زمانی عەرەبی:**

٩٦) فردينان دي سوسور (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، الطبعة الثانية، الموصل.

- **به زمانی ئینگلیزی:**

97) Bauer, L. (2007), The Linguistics Student's Handbook, Edinburgh University press.

98) Brown, K. and Miller J. (2013), The Cambridge Dictionary of Linguistics, Cambridge University Press.

99) Cairns, C. E. and Raimy E. (2011), Handbook of the Syllable, Leiden, Boston.

100) Campell, L. and Mixco M. J. (2007), A Glossary of Historical Linguistics, Edinburgh University press.

101) Carr, P. (2008), A Glossary of Phonology, Edinburgh University Press.

102) Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell Publishing.

103) Crystal, D. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Blackwell: Oxford.

104) De Lacy, P. (2007), The Cambridge Handbook of Phonology, Cambridge University Press.

105) Fattah, M. M. (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Amsterdam University, Holland.

106) Fromkin, Rodman R. and Hyams N. (2013), An Introduction to Language, Tenth edition, New York.

107) Hudson R. A (1980), Sociolinguistics, Cambridge University Press.

108) Katamba, F. (1996), An Introduction to Phonology, Longman : London and New York.
109) Lass, R. (1998), Phonology An Introduction to basic concepts, Cambridge University Press.
110) Nathan, G. S. (2008), Phonology A Cognitive Grammar Introduction, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam.
111) Ray P. S (1963), Language Standardization, The Hugue, Muton.
112) Roach, P. (2002), A Little Encyclopedia of Phonetics, Cambridge University Press.
113) Roach, P. (2009), English Phonetics and Phonology, Fourth edition, Cambridge University Press.
114) Yule, G. (2006), The Study of Language, Third edition, Cambridge University Press.

- **پێگەی ئینتەرنێت:**

115) M.Hundt (2004). VL Introduction to English Lingustics. http://uruic.uru.ac.th/cheqa/2552/2/2.2.3(2)/Phonetics.pdf.
116) Rasim Tayeh Jehjooh(2009), Computer Assisted Programme for The Teaching of The English Syllable in RP Allophonic, www.repository.Uobeghdad.edu.iq/uploads/magazines/college of language
117) www.Linguistics.reading.ac.uk/staff/,Peter Roach, An Encyclopedia of Phonetics, 2002.

# ملخص البحث

**(مشاكل ألفاظ في اللغة الكردية بين التهجئة والقواعد الصوتية)** هو عنوان هذه الرسالة، الرسالة خصصت للحديث و البحث عن المشكلات الصوتية في اللغة الكوردية، حدود هذا البحث في إطار اللهجة الكوردية الوسطى للغة الكوردية، المنهج الّذي اتبع في هذه الرسالة هو المنهج الوصفي المعاصر.

سبب اختيار هذا الموضوع هو أنّ من أهم جوانب اللغة هو الجانب الصوتي، و كذلك المشكلات الصوتية للغة الكوردية هي من المشكلات البارزة و المهمة، و تحتاج إلى المعالجة، و لكي نستطيع أن نقرب أكثر بين الإملاء و بين القراءة في اللغة الكوردية، و هذا العمل محاولة لتسليط الضوء على هذه المشكلات الصوتية و معالجتها.

الرسالة فضلاً عن المقدمة قسمت على ثلاثة فصول و نتائج:

الفصل الأول: يتحدث عن الفونتك و الفونولوجيا و الاختلافات بينهما، مع القوانين الفونولوجية للغة الكوردية، ، و المقطع و أنواعه، و كذلك تم تعريف اللغة القياسية( الرسمية)، و الحديث عن اللغة الكوردية القياسية، مع المحاولات الّتي تمت لوضع اللغة الكوردية القياسية.

الفصل الثاني: في هذا الفصل تم الحديث عن فونيمات اللغة الكوردية، و كذلك طرحت آراء مختلفة حول عدد فونيمات اللغة الكوردية، بعد ذلك تم الحديث عن الجوانب المشكلة في الفونولوجية الكوردية، المراد بها: الأصوات الّتي حولها مشكلات، بعد ذلك طرحنا رأينا حول هذه الأصوات المشكلة. ثم تحدثنا عن الآراء المختلفة حول المقطع و قوالب مقاطع اللغة الكوردية، وعبرنا عن آرائنا حول هذه القضية.

الفصل الثالث: في هذا الفصل الّذي هو الأخير تم الحديث عن الإملاء و أنواع الكتابة و الاختلاف بين اللغة و الكتابة، مع تاريخ الكتابة الكوردية بالألفبائية العربية و اللاتينية، ثم تحدثنا عن آراء سوسير، الّتي نقصد بها: (السيكروني و الدايكروني، و اللغة، و الكلام)، بعد ذلك تحدثنا عن الكتابة كتاريخ، و الكتابة في وقتنا الحاضر، و مشكلات الكتابة الكوردية بكلا الخطين: العربي و اللاتيني، ومقارنتهما.

في النهاية تم عرض أهم النتائج، و قائمة المصادر، و خلاصة الموضوع باللغتين: العربية و الانكليزية.

حكومة أقليم كردستان – العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة راپەڕين

فاكلتي التربية – قەلادزێ

# مشاكل ألفاظ في اللغة الكردية بين التهجئة والقواعد الصوتية

رسالة مقدمة الى مجلس فاكلتى التربية في جامعة ڕاپەڕين، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية.


من قبل

**دەريا صابر حمد**

حصل على شهادة البكالوريوس في (اللغة الكردية) سنة (٢٠١١) في كلية اللغة / جامعة كۆيه


بإشراف

**أ.د.بكر عمر علي**

(٢٧١٦) كردية          (١٤٣٧) هجري          (٢٠١٦) ميلادي

# Abstract

This thesis entitled "**Phonetic Issues of Kurdish Language between Orthography and Phonological Rules**" attempts to discuss and examine the phonetic issues in the Kurdish language. This research is limited to the central Kurdish Kurmanji. The method used in this paper is a recent descriptive one.
The reason for choosing this subject is that phonology is one of the most important aspects of language. The phonetic problems of Kurdish language are one of the distinguished and significant ones that need to be solved. Bring together writing and pronunciation of Kurdish language, this study tries to shed light on and solve these phonetic problems.

Excluding the introduction, the study is divided into three chapters and conclusion:

The first chapter discusses phonetics and phonology and the difference between them. The phonological rules of Kurdish language, syllable and its types are also covered. Moreover, in this chapter standard language has been defined and Kurdish standard language has been discussed plus the efforts that have been made to form a standard Kurdish language.

The second chapter discusses the phonemes of Kurdish language and various viewpoints about the number of the phonemes. First, the problematic aspects of Kurdish phonology have been discussed. By this, we mean those sounds that are problematic. Then, we have expressed our viewpoint about these problematic sounds. After that, various viewpoints and the researcher's opinion regarding syllable and forms of the syllable in the Kurdish language have been explained.

The third chapter which is the last chapter first discusses orthography, types of writing, the difference between language and writing, and the history of Kurdish writing with the Arabic and Latin alphabet. Next, Saussure's views regarding synchrony, diachronic, language and conversation have been explained. Then, writing as history, writing as now, and the problems of Kurdish writing using Arabic and Latin alphabet and the comparison between them have been discussed. Finally, the most important conclusions, a list of references, and the abstract of the study in Arabic and English are given.

Kurdistan Regional Government - Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Raparin University
Faculty of Education - Qaladze

# Phonetic Issues of Kurdish Language between Orthography and Phonological Rules

A Thesis submitted to the council of the Faculty of education - Raparin University in partial fulfillment of the requirements for the degree of master in Kurdish Language.

By

**Darya Saber Hamad**

In(2011), He was awarded B.A in Kurdish language In college of language **/** Koya – University

Supervised

**Prof. Dr. Bekr Aumer Ali**

(2016)(AD)   (1437) (AL – H.)   (2016)(K)

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە

# بەشی دووەم

# فۆنیمەکانی زمانی کوردی

# بەشی سێیەم

# ڕێـــنـــوسی کوردی

# ئەنجام

# سەرچاوەکان